دکتۆرە شوکریە ڕەسووڵ

# ڕێو ڕەسمی شین ولاوانەوەی کوردی

هەواڵنامەی کتێب

هەولێر - ١٩٩٧

ژمارەی سپاردن لەکتێبخانەی نیشتمانی هەرێم ٢٠٢ لە ساڵی ١٩٩٧

پیتچنین ودەرهێنانی هونەری نووسینگەی ئەپلس

چاپخانەی : هەولێر اوفسیت کریستال ٢٢٤٦٠

تیراژ : ١٠٠٠ دانە

چاپی یەکەم

هەواڵنامەی کتێب

پێشکەش :-

# بەابەداوای جوان و شۆخ و شەنگ



- بەیانی زوو بەداوی شۆخو (هەڵکەوتی) بەدبەخت بەدزی میریەوە سواری لۆریەکی گەورە بوونو ماڵئاوایی لە کەسوکارو منداڵانی کرد، بەرەو چارەسەری نەخۆشیەکی وێڵو سەرگەردان بەرەو تاران و هەندەران کەوتە رێگای هاتو نەهات.. وێستگەی حەسانەوەی لە شاری (شام) بوو.. بەدوای پڕ ئازار نەیزانی نەخۆشی (دوابڕاویەتی) هەر بۆیە نامەیەکی پڕ غەمی بۆ دایکی نووسیو زانی بەرەو دنیای سەرمەدی دەڕواتو ناگەڕێتەوە، ئاگرێکی بێ خۆڵەمێشی بۆ ئێمە جێهێشتو هەر لەغەمو یادگاریەکانیدا دەسوتێین و دەژین.

- شیرینەکەم.. ئێستاش پاش تێپەڕ بوونو هەڵوەرینی گوڵی تەمەنت لە یادمە نامەیەکت نووسیو لە نامەکەتدا لەدایەگیان دەپاڕێیتەوەو دەڵێی:- دایەگیان ئەگەرچی ئەرکو عەزابە لەپاڵ دوو کۆرپەکەم (رەزو رەوەز) با رێبازیساڵەوەختینەش کەلای خەسوومە بگرنە خۆ.. ئەوانە دیاری و یادگاریمە با پێکەوە گەورە و پەروەردەو دڵیان لای یەک بێ.. توخوا دایە وەسیەت بێ ئەگەر نەتان بینیمەوە جلی رەشم بۆ مەکەن، با جەژنی لەدایک بوونی منالانم

هەموو ساڵێک بۆیان بکەن.. توخوا دایە گیان لەجیاتی من منالان بگەڕێنن با بێدایکیان پێوە دیار نەبێ.. ئۆف دایەگیان چۆن بەجێم هێشتن... خۆزگە زووتر بەحاڵی خۆم بزانیایە.. قەت بەجێم نەئەهێشتنو لە باوەشی ئێوەدا تێر تێر دەمڕوانیە چاوەکانتانو فرمێسکەکانتانو ئەو کاتە ماڵئاوایی یەکجارەکیم لێ دەکردنو لەخاکی خۆمو لەشاری خۆم دەبووم... ئێستا زانیم بۆچی بەکوڵ بۆم دەگریان... ئێوە لەدڵتانا شتێکتان لەمن حەشار دابوو.. جا دایە خێر نەدیوەکەم با پرسەکەم گەرمو گوڕ بێ، ئای چەند حەزم لە میوانو دەعوەت کاری بوو..

ـ ئۆف بەداو گیان بۆ لێم وونی.. چەندین ساڵە بەدوای گۆڕو یادگاریەکانتا دەچمەوە، لەیەکەم یاری سەردەمی منالیمو هەرزەکاریم دەپێچمەوە تۆم لەگەڵ بووی.. پێکەوە بووک بووکێنمان دەکرد، حەماموکێو چاوشارکێ، شەوانە بێ جیاوازی کوڕانو کچانی گەڕەکی چوارباغ یاری پەتێن پەتێن و کڵاوێنەو شەڕە گەڕەکمان دەکرد. کە گەورە بووین چووینە قوتابخانە.. جلو بەرگمان وەک یەک بوو.. ئەی کلۆلی بەدبەختێ لە قوتابخانە کە لەیەک دەرسا دەرنەچووبووی پێکەوە وەک باران فرمێسکمان دەباران.. نەمزانی هەر لە منالیەوە فرمێسکو خەم دەبێتە هاوڕێی ژیانو تەمەنت.. ئای خوشکە خێر نەدیوەکەم.. یادگاریەکانت کێوێکی خەمە.. تەمە.. چەندە پاچو قولنگی لێ دەدەم هیوایەک بەدی ناکەم، کەیەسەر خۆما دێمەوە هەموو شتێک لەبەر چاوم گریانو تەمە.

خوشکە لێتۆراوەکەم: ئاخۆ ئێستە لە باوەشی چ خاکێکی پیرۆزدا لە چ گۆڕستانی دەوڵەتێکدا بی.. چارەنووست وای پێ کرد قورئان ووتەنی نەتزانی خاکی کوێت بەنسیب بوو.

تۆ بڵێی گۆڕستانی مەولانا خالیدی نەقشبەندیە یا گۆڕستانی شەهیدانە.. وێڵمو نات دۆزمەوە.. لەدوورە وڵات کۆچت کردو نەگەڕایتەوە.. نەتزانی دایە لەسوێی تۆ کۆچی کردو ئێمەتان بۆ خەمی دنیاو منالەکان هێشتەوە... خەم ڕەوێنەکەم، کۆچەکەت بەبارستایی تەمەنم خەم بوو.. هەموو هاوڕێیانت، دۆستان.. ئەوانەی کە ڕۆژێک تۆیان ناسیبێ بە دڵو گیان بۆت بەخەم بوون..

ڕەش پۆش بوون.. شینی تۆ، کۆتەڵی شینی تۆ.. بووکانە بووکانە ڕۆڕۆ بوو، حەڵقەو جلە جوانەکانت هەڵواسرا بوون... وێنە جوانەکەت، وەرزی بەهارو نەورۆز هەموو پرسەکەتی گەرم کردبوو.. هەرکەسێ لەبەرتۆ غەمی خۆی لەیاد کردبوو.. هەموو بورکانێکی گڕگرتوو بووین، دەنگمان، سنگ کوتانمان، نرکەمان گوێی کەشکەڵانی فەلەکی گرتبوو.. تۆ تەمەنت گوڵو گوڵاڵەو نێرگز بوو.. تۆ هەرزەیەکی خێر نەدیوو بووی.. سەد ئاواتت هەبوو نەهاتەدی.. تۆ بەواتای خەڵکان جوانو قەشەنگو سالارو میوان پەروەر بووی.. دایکێکی بە ئارامو خۆنەویست بووی، بۆیە خوا شاگوڵیماڵەکانی بردەوە.. ئای لەو نەورۆزەی (٢١)ی ئازار چەقرچەو سۆیەکی نا بەدڵمانەوە هەرگیز ئەو ڕۆژە لەیاد ناکەم، خەڵکی لەجەژنان، من لەیادگاریەکانی تۆدام.. منالی بێ دایک، باوکی بێ ژن، خوشکی لێ تۆراو، ماڵی هەڵپێچراوو دابەش کراو، خانووی داگیرکراو لەلایەن میریەوە، منال و باوک لەیەک بەجێ ماو بوونە کەرەستەی شینم.. لەژیانما شینم نەکردبوو تۆ منت تەقاندەوە.. چی بڵێم و چی بێژم ئازارەکەی ئێمە گەلێ سەختترە لەئازاری تۆ.. تۆ کۆچت کردو ئێمەت خستە کەربەلای عەشق و شینەوە.. تۆ چوویتە دنیای فانیو ئێمە لە خەمی تۆدا مەلەوانێکی تازەین.. ئای لەو ڕۆژەی تۆ کۆچت کرد.. ژیانم لی بووە دۆزەخ.. لەکاتی ژانا هاوارم بردە بەر پیاوچاکان و مشایەخان عیلاجی دەردێ. جلی حەوت هەتیوم قەراردا شفایە بۆ تۆ بێ.. سەردانی چەندین پیاو چاکم کرد.. بە شەو تابەیان ئەستێرەم دەژماردو لەڕووناکی مانگ و ئەستێرەکان دەپاڕامەوە.. نەمزانی ئەستێرەکانیش لێم تاریک بوونو ژیانم دەبێتە پایزێکی زەردی گەڵا هەڵوەریو، توخوا خوشکە ئازیزەکەم.. تۆ بڵێی ڕۆژێک بێمە سەر گۆڕەکەت و تێر تێر بۆنی مەزارو خۆڵی سەر قەبرەکەت بکەم، لەئامێزت بگرم و سەبری ئەیوبم بشکێ.. جارێکی تر هیچم لەدەست نایە بەرهەمی چەندین ساڵەم پێشکەشی گیانی تۆی (٣٢) ساڵە بکەم، پێشکەشی سەرجەم شەهیدانی کوردستان لەسەروو هەموانەوە بارزانی نەمرو شێخ مەحموودو قازی محەمەدو هەموو مرۆڤێکی کوردپەروەر دەکەم.

**شوکریە ڕەسووڵ**

# پێشکەش

بۆ بەدری خان ئەو خوشکە شیرین دیمەنو دڵگیر شێوە لێ هاتووە وێنە دەگمەنە بێ کەهەمیشە جێگەی هەموو ڕیزو خۆشەویستیەکی پاك و بێ گەردی بێ نیازی برایانەمەو بەس،

بۆ ئەو خوشکە کارامە سەنگینو سەللارەی کەپەیکەرێکی خوایی جوانی و جگەر سۆزی و بەرائەتەو چرایەکی هەمە وەختیەی پڕشنگداری گوفتارو ڕەفتارو خوویی بالاترینە بەچەشنێکی واکەشایانی شانازی بەرەی ئافرەتانی کوردستان بێ و بشێ بۆ نموونە نیشانی نیشانی گەلانی دەرەوە بدرێ کەئائەمەیە وێنەی کیژی کورد!

بۆ ئەو خوشکەی کەلەکاتێکدا بەڕای من شایانی بۆ تەرخان کردنی هەموو دەریای الهامو شیعری باسو ستاییشەو بەلام بەداخەوە باڵی کورتم تەواو نەگەییە ئەو دەریایە کەلەم چەند مشتەی زیاتر بۆ هەڵ بیەنجم کەوا بەتکای لێ بووردنمەوە پێشکەشم کرد.

**لەبرات فەرزتر ع. بەسۆز**

**سلەیمانی . دووشەممەی ٣١/مایس/١٩٧٦**

هەواڵنامەی کتێب



**گۆڕی جوانەمەرگ لە گۆڕستانی (شهداء لەشام ١٩٨٦)**

هەواڵنامەی کتێب

(بەدری) ئاسمان و بەدری ئەرز؟

بەرۆکی خاک، لەخۆشی خۆش دیمەنە دڵڕفێنەکە، سە
سەروبالاَی دڵگیرەوە کە کتوپڕ ئەلێی پەیکەرێکی
جوان داتاشراوی جوانیە و جەوهەری هەموو ماناکی
شەرم و ئەدەب و حەیا و حورمەت و ناسکی تیا دروست
بەئاشکرایی ئەدرەوشێتەوە، بۆ هێندەی پێویستی رەنگ و
مادەیەکی لەم ئەمڕۆ لەدایەوە لەلام دانیشتبوو، دوای
هەڵسانی ئەم چەند بەیتەی هۆنیەوەم بە نیشانەی
حەیا و ... 

ڕۆژی شەممە
١٩٧٥/٩/٢٨

بەیکەری جوانی دیمەن و ڕەفتار
لانەگای پۆلی دڵان بە هەزار
ئەبێ لەکوێدا هەڵکەوێ هی وا ؟
مەگەر ئەفسانە و ماهی گردگار !
دەڵێ لە بالاًی سەروو هاتەگوێم
دوێ : نەء . هی من دوو ڕووەوەی بار
شەو لە ڕاهی خوا خۆر خێر پێ کردوو
ڕۆژ لە لێی بڕیا سیەو خەفەت بار
بەلام (بەدری) ئەرز خوا بەرەی پێ بەخش
ڕۆژ و شەو تیشک و ترفەی بەرقەرار

ع. بەسوزیا

> بەدری خان، ئەو خوشکە خۆش دیمەنە دڵگەشە [illegible] بالای
> داگیرپەرە کە [illegible] پەیکەرێکی جوان داتاشراوە خوا [illegible]
> جەوهەری هەموو ماناکانی شەرم و ئەدەب و [illegible] و [illegible]
> دروستی بەئاشکرایی [illegible]
> [illegible] لە لاپەرە [illegible] دانیشتبوو، دوای هەڵسانی ئەم چەند
> بەیتەی خوارەوەم [illegible] بۆ زیت.
> ١٩٧٥/٦/٢٨ رۆژی شەممە

## (بدری) ئاسمان و بەدری ئەرز!

پەیکەرێکی جوانی دیمەن‌و رەفتار
لانەگایی پۆلی دڵان بەهەزار
ئەبێ لەکوێندا هەڵ کەوێ هی‌وا؟
مەگەر ئەفسانەو ماهی کردگار!
دەنگێ لەباڵای سەروو هاتە گوێم
ووتی: نە.. هی من دوو رووەوە بێ بار
شەو لەڕاهی خوا خۆر خێر پێ کردوو
رۆژ کەلێی بڕپا سیسەو خەفەت بار
بەڵام (بەدری) ئەرز خوا بەهرە پێ بەخش
ڕۆژو شەو تیشک و تریفەی بەرقەرار

ع. بەسۆز - ١٩٧٥/٦/٢٨

---

**بۆ سەرنج:** ئەفسانە مەبەست لەحکایاتی خەیاڵی‌و ئەساطیرە؛ ماهی کردگار مەبەست لەمانگی سروشتی‌یە، (باڵات سەروو) مەبەست لەئاسمان و عەرشی بڵندە.

واتە: بدر شەوق لەخۆر (رۆژ) وەرئەگری لەسایەی رەحمی خواوەو دیارە شەقیشی موەقتەو ،ائیمی نیە، بەڵام بەدری ئەرز (واتە بەدری خان) هەر یەکسەر خوا بەهرەی لەلایەن خۆیەوە پێ بەخشیوەو بۆیە شەوو رۆژ شەوقدارە.

# پێشکەش

بۆ بەدری خان ئەو خوشکە شیرین دیمەن و دڵگیر شێوە لێ هاتووە وێنە دەگمەنەی کە هەیشە جێگای هەموو رێز و خۆشەویستییەکی پاک و بێ گەردی ~~[illegible]~~ بێ نیازی برایانەمە و بەس ،

بۆ ئەو خوشکە کارامە سەنگین و سەللارەی کە پەیکەرێکی خوایی جوانی و جگەرسۆزی و بەرائەتە و چرایەکی هەمە وەختینەی پرشنگداری گوفتار و رەفتار و خووی باڵاترینە بە پەشتێنیکی واکە شایانی شانازی بەری ئافرەتانی کوردستانیی و بشێ بۆ نموونە نیشانی گەلانی دەرەوە بدرێ کە ئا ئەمەیە وێنەی کچی کورد ! ،

بۆ ئەو خوشکەی کە لە کاتێکدا بەڕای من شایانی بۆتەرخان کردنی هەموو دەریای ئیلهام و شیعری باس و ستایشە و بەڵام بە داخەوە باڵی کورتم تەواو نەگرتیە ئەو دەریایە کەلەم چەند شتەی زیاتر بۆ هەڵ بینجم کەوا بە تکای لێ بووردنەوە پێشکەشم کرد ـــ

براتی فرزانت ع. بەسۆز
سلێمانی . دووشەممە ٢٠/مایس/١٩٧٦

هەوڵنامەی کتێب

## جوانترین پەیکەر

تریفەی بەدری ڕووی بەدری لە_ غابات و کشت و کاڵا
بۆ ڕەواجی جەوهەرە: گوڵ و پیت و سەرووی باڵا
گەر ڕەونەقی لۆلۆی و یست لەسەر زێری جوانی ڕەوشت
وەرن سەیری جەمالی کەن لەپەیکەری پڕ کەماڵا
دیارە لەعەزرەت قامەتو بەژنی بەرزو ناسک قەدی
هۆشی عالەم بوو بەلاو لاو لەعەرعەرو چنار ئاڵا
حەیاو حورمەت، سام و هەیبەت، لطفو وقار لە(بەدریا)
یەک لەیەکتر ئاشکراتر خۆی دەرئەخا چەشنی ئاڵا
سۆزی بڕوام ئەڵێ بەدری هەزار ڕەحمەت لەشیرت بێ
کەبوونی تۆ ڕۆشناییە لەهەر شوێن و لەهەر ماڵا

ع. بەسۆز
١٩٧٦/٢/٢٠

---

**بەیتی یەکەم:** غاباتو کشتوکاڵ. مەبەست لەو دوو دایەرەیەیە کەغابات دارستانو درەختو کشتوکاڵ زەراعەت پیشەکاریانە. گوایە ئەم دوو دایەرەیە بۆیە بەدری خانی شوعلەداریان گرتۆتە خۆیان بۆ دعایەی سێ مەبەستە ١_ گوڵ و بەر ٢_ بەرەکەت لەخێرو بەریا، ٣_ نیشاندانی شێوەی جوانی درەخت و دار لەسەروو و عەرعەرا. واتە بەدری خان لەم جەوهەرانە پێک هاتووە.

**بەیتی دووەم:** واتا: ئەگەر ویسترا ڕەونەقی لۆلۆی بریقەدار ببینرێ کەوەک سەنگو نقێم چەسپاوە لەسەر هەیکەلی ئاڵتوونی جوانی ڕەوشت خود یادە وەرن سەیری کەن چۆن لەدیمەنی جوانی تەواویا لەگەل یەک گونجاون!

**بەیتی سێهەم:** وادیارە لەعەشقی بەژن و باڵاو شۆخ و شەنگیو ناوقەد باریکیو ناسکی تۆیە کەوا هۆشیو شعوری دڵداران وەکوو لاولاو لەعەرعەرو چنارو ئەئاڵێن. چونکە دیارە کەگوڵی لاولاو طبیعیا لەشتی بەرز ئەئاڵێ.



جوانترین پەیکەر بەدریە رسول

هەواڵنامەی کتێب

# جوانترین پەیکەر

تریفەی بەدری ڕووی بەدری لە غابات و کشت و کاڵ
بۆ ڕەواجی سێ بەهارە: گوڵ و بیت و سەرووی باڵا
گزیرە و زنجی لوئلوئ و لیسە لەسەر زێری جوانیی ڕەوشت
وەکو ئەسیری جەمالی کرد لە یەکەری پڕ کەماڵ
دیارە لە عزەت قامەتو بەژنی بەرزو ناسک قەدی
هۆشی عالەم بجە بە لاولاو لەعەرە و جنار ئاڵا
حەیا و حورمەت، سام و هەیبەت، لطف و وقار لە بەدریا
یەک لە یەکتر ئاشکراتر خۆی دەرئەخا جێشنی ئاڵا
سۆزی بەردەوام ئەڵێ بەدری هەزار ڕەحمەت لە شیرت بێ
کە بوونی تۆ ڕۆشنایییە لە هەر شوێن و لە هەر حاڵا.

ع. بەرزنجی
١٩٧٦/٢/٢٠

# رێ و ڕەسمی شین و لاوانەوە

# لە ئەدەبی فۆلکلۆری کوردیدا

**پێشەکی:**

ئاشکرایە لەڕووی فراوانی ئەدەبی فۆلکلۆری و ئەدەبی نووسراودا کورد خاوەنی سامانێکی فراوانی کەلەپووری نەتەوایەتی‌یە. گومانیش لەوەدا نەماوە میللەتی کورد یەکێکە لەنەتەوە هەرە دەولەمەندەکانی ڕۆژهەلات. هۆی ئەمەش ژیانی تایبەتی کوردو وێنەی جیاوازو گۆڕانی زوو بەزوو دەرکەوتن ئەم وێنانە بوونەتە هۆی ئەم دەولەمەندی‌یە، هەروەک بوونی چەند دیالیکتێک هێندەی تر دەولەمەندی کردووە.

هەروەها زروفی تایبەتی وای کردووە کەبەشی زۆری ئەدەبی میللی بەناوی خاوەنەکەیەوە بلاونەبێتەوەو ئەمەش دەماودەم و پشتاوپشت بمێنێتەوەو بخێتە سەر گەنجینەی فولکلۆرمان[1].

لەم لێکۆلینەوەیەدا بۆ یەکەمجارە بەشێوەیەکی زانستی لەدەستووری شین و لاوانەوەی کوردەواری ئەدوێین، ئەلبەتە ئەم بابەتە پەیوەندی‌یەکی پتەوی بەداب و نەریتی ناوچەکانەوە هەیە.

هەروەک وتمان ئەم لێکۆلینەوەیە یەکەم هەوڵدانە بەشێوەیەکی فراوان کرابێ، چونکە زۆربەی لێکۆلەرە ئەتنۆگرافی‌یەکان تەنها دەربارەی لایەنی داب و ڕێ و شوێنی بەڕێ کردنی مردوویان نووسیوەو ئەمەیان خستۆتەڕوو کەئەم نەریتە یەکسەر دوای مردنی مردووەکە کەس و خزمە نزیکەکانی دەست بە شین و

---

[1] د. عیززەدین مستەفا رەسول -ئەدەبی فۆلکلۆری کوردی- لێکۆلینەوە -بەغدا- ١٩٧٠ -ل.١٠.

لاوانەوەی ئەکەن[1] بێ ئەوەی هیچ تێکستی شین و لاوانەوەیان لەکارەکانیاندا بەکارهێنابێو بیکەن بەبەڵگە بۆ قسەکانیان[2] بەڵام لەئەدەبی نووسراودا ئەم بابەتە وەک سەرەتایەک لەفەقێی تەیرانەوەو دوا بەدوای ئەو شاعیرەکان ئەم بابەتەیان وەک غەرەزێکی شیعر بەکارهێناوە.

## هۆی نووسین و هەڵبژاردنی ئەم بابەتەم لەبەر چەند هۆیەک هەڵبژارد:

١- تاکو ئێستا هیچ لێکۆڵینەوەیەکی زانسی دەربارەی شین و لاوانەوە لەئەدەبی کوردیدا (فۆلکلۆرو نووسراو) نەکراوە.

٢- لەبەر گرنگی ئەم بابەتەو لەترسی لەناو چوونیان هەوڵم داوە لەم بابەتە بدوێم.

٣- ئەم بابەتە بەباتێکی فراوان دەژمێررێ لەرووی دەوڵەمەند کردنی کتێبخانەی کوردیەوە.

٤- کۆمەڵێ داب و نەریتەی شاراوەی گەلەکەمان لەشین و لاوانەوەو داب و مردوو ناشتندا لەمێژووی کورددا بۆ دەرئەکەوێ.

٥- بەشداری کردنم لەشین و لاوانەوەی نزیکترین خۆشەویست (بدریە)ی خوشکم، تاکو ئیستا نەمتوانیوە بەنووسین هەستی خۆم دەربرم، تا دڵ و هەناوم نەسووتا نرخی ئەم ئەدەبەم بۆ دەرنەکەوت.

بەگشتی ئەم بابەتە پەیوەندی بەژنانەوە زیاترە تاکو پیاوان.

---

[1] بڕوانە: س-یەگیزاروڤ- کورتە مێژوویەکی ئەنتۆگرافی کوردی -یەریڤان- تفلیس -١٩٨١ -بەرگی ١٣-ل٥٣ -بەزمانی رووسی.

- گ.ف. چوورسین -کوردەکانی ئازەربایجان -تفلیس- ١٩٢٥- ل١٠.

- ئۆ -ل- فیلچیڤیسکی -کوردەکانی موکریان -مۆسکۆ- ١٩٥٨ -ل٢١٦.

- مەلا مەحموودی بایەزیدی -عاداتو رسوماتنامەی ئەکرادیە- وەرگێران و پێشەکی (م.ب. رۆنینکۆ) -مۆسکۆ -١٩٦٣.

- ت.ف. ئەریستۆڤا -کوردەکانی پشت قەفقاز -مۆسکۆ- ١٩٦٦ -ل١٦٤.

- هێنی هارۆڵدمانس -ژیانی ئافرەتی کورد -وەرکرانی (عزیز گەردی) -بەغدا -١٩٨٣-. ل٣١٤-٣٢٤.

[2] م. ڕۆدینکۆ -کتێبێکی دەربارەی شینی کوردەکانی پشت قەفقاس نووسیوە، توانیویەتی دەستووری شین و بەیتی لاوانەوە لەدەمی کوردە یەزیدیەکان بنووسێتەوە.

# نەخشەی بەش

## فۆلكلۆر

### هەمەڕەنگ ٣

- ١ مەتەڵ
- ٢ پەند
  - پەندا پێشینان
  - قسەی نەستەق
- ٣ فۆلكلۆری منداڵان
  - باری
  - ژمارە بە شیعر
  - تەتەڵەی زمان
- ٤ داب و نەریت
  - ١ ژیان
  - ٢ ساڵنامە
  - ٣ خوو ڕەوشت
- ٥ نواندن
- ٦ سیحر و جادوو
  - ١ دختری
  - ٢ - باوەرکرد
  - ٣ فالچی - دەستگرتنەوە
  - ٤ چاوی بەد
  - ٥ سیحر بۆ بردنی شتو مەك

### شیعر ٢

- داستان
- گۆرانی
  - ٢ گۆرانی کارکردن
    - ١ دروێنە
    - ٢ ڕاوکردن
    - ٣ ساوەر کوتان
    - ٤ مازووچنین
    - ٥ شەن و کەوکردن
    - ٦ خەرمان هەڵگرتن
    - ٧ دەستار هارین
    - ٨ شوان کاری
    - ٩ کاسبکاری
    - ١٠ جووتیاری
    - ١١ مانگا دۆشین
    - ١٢ مەشکە ژاندن
- دووبەیت
- چوارین
- پێنج بەیت

هەواڵنامەی کتێب

# ـه كانى فۆلكلۆرى كوردى

**Folklor**

### پەخشان ١

- ١ ئەفسانەی جادووگەر
- ٢ ئەفسانەی سەرگوزشتە
- ٣ ئەفسانەی ژیان
- ٤
- ٥
- ٦

- ١ نوکتە
- ٢ - گێڕانەوە
- ٣ شین و لاوانەوە
- ٤

- ○
- ○
- ○

- قارەمانی
- دڵداران

### گۆرانی بۆنە

- ١ منال بوون
- ٢ نیشانەکردن
- ٣ خەتەنە سووران
- ٤ بووک بردن (گواستنەوە)
- ٥ خەنەبەندان
- ٦ ئێشک گرتن
- ٧ هەڵپەرکێ و شایی
- ٨ گۆرانی ئایینی
- ٩ شین و لاوانەوە
- دوورکەوتنەوە لە (نیشتمان و کەسووکار)

### گۆرانی رۆژانە

- ١ گۆرانی منداڵان و گەوران
- ٢ گۆرانی لای لایە
- ٣ گۆرانی دڵداری

هەواڵنامەی کتێب

## زاراوەی شین و لاوانەوە :-

شین و لاوانەوە شوێنێکی دیارو تایبەتیو گەورەی لەئەدەبی کوردی گرتووە. ئەم بابەتە پەیوەندیەکی ڕاستەوخۆی بەژیانی کۆمەڵایەتیەوە هەیە، کەئەویش مەسەلەی مردنە. ئەم بەشە لەئەدەبی سەرزاریو ئەدەبی نووسراودا گرنگیەکی چاکی پێ دراوە، دەولەمەندی ئەم بابەتە بەپێی شوێن و باری جوگرافیاو ئەو زارە کوردیانە ئەگۆڕێ کەکورد قسەی پێ دەکات.

ئەم بەشە لەهەر شوێنێک لەشوێنەکانی کوردستان دا ناوێکی تایبەتی هەیە. ئەم ناوانەش لەڕوخساردا جیان، بەلام ناوەڕۆکیان هەریەکەو بۆ یەک مەبەست بەکار دەهێنرێن. بۆ نموونە کوردی عێراق و ئێران لاوانەوە، بەیتی شین و شەپۆر، چانیە، شیوەن، سەردولکە، گریان، شین )ی پێ دەڵێن.

کوردەکانی تورکیاو سوریاو یەکیەتی سۆڤیەت (بەیتی شین) یاخود (کلامێ شینێ)ی پێدەڵێن، کوردەکانی عێراق شین و لاوانە یا سەردولکە، شین. کوردەکانی لور شینی چەمەری پێ دەڵێن بەڵێ جۆش ڕامانی مرۆڤ بەرامبەر ئەم ڕووداوە ترسناکە کەناوی (مردن)ە ئەیخاتە بارێکی کۆتایی نەبوون و نەمانە. جالێرەدا لاوێنەر قرمێسک و بیرکردنەوەی تێکەلاوییەک ئەبێ یادگارو شێوەو ئاکامی جوانی مردووەکە دێنە بەرچاوی. مردن قەدەرێکە ڕزگار بوونی بۆ نییە... هەموو مرۆڤێک ئەبێ ئەو ڕێگایە بچێژێ. هەروەک پەندێکی عەرەبی دەڵێ:-

(ئەوەی ئەمڕۆ ئەیلاوێنێتەوە سبەینێ بۆ تۆش ئەلاوێنرێتەوە )[1]

## پێناسەی لاوانەوە :-

لاوانەوە، هونەرێکە لاوێنەر یا شاعیر لەهەست و سۆزی خۆشەویستییەوە بەرامبەر بەمردووەکە دەری ئەبڕێ بۆ مردووەکە دەگرێو هەموو خاسیەتە جوانەکانی دەژمێرێ. ژیان و مردنی مردووەکە وێنە ڕێژ دەکات[2].

[1] مظفر عبدالستار غانم -الرثاء في الشعر العصر العباسي الاول -بغداد- ١٩٨٤-ص١١٢.

[2] علي بر ملحم -فنون الادب -بيروت- ١٩٧٠ -ص٨٣.

بەیتی شین و لاوانەوە بەرهەمێکی داهێنراوی زۆربەی خەڵکەو یەکێکە لەشاکارە نموونەیی یەکان و فۆلکلۆر. نەداستانێکی کۆن و پەیکەرەو نەئاسەوارە. بەڵکو ڕووداوێکی زیندووی هۆنراوەیە[1].

شین و لاوانەوە: دەربڕینێکی قووڵ و ناخۆشی غەمباریو دڵتەنگییە بەشێوەیەکی شاکارانە. ئەمەش ڕێگا خۆش ئەکا بۆ ئاوڕدانەوە لەو نهێنییانەی لەگیانی کۆمەڵانی خەڵکدا شاراونەتەوە. کەسامانێکی دەوڵەمەندە ڕازونیازی دەروونیانی تیا ئەبینرێ[2].

## جۆرەکانی لاواندنەوە:-

هەروەک وتمان لاوانەوە ئەنجامی مردنە، ئەگەر مردن و لەناو چوون نەبووایە شیعری لاوانەوەش دروست نەئەبوو. مەسەلەی مردن و ژیان یەکێکە لەو کارانەی کەهۆشی مرۆڤی هەر لەکۆنەوە جولاندووەو پاڵی پێوە ئەنێ پرسیاری نامۆوە داوە: بۆچی مردن هەیە؟ لەکوێ هاتووە؟ بۆچ شوێنێک ئەمان بات؟

هەرچەندە هەموو ئاینە ئاسمانیەکان ئاگاداری هۆی مردن و بوونو نهێنی مردنو نەمانی بوونن.

(مبردی) عەرەب دەڵێ:-

(شین و لاوانەوەو هۆکانی هەتا مرۆڤ بمێنی هەردەمێنێ)

## بنە مای هونە ری (ڕوخساری لاوانە وەو شینی کوردی)

١_ بەیتی لاوانەوە برێتییە ل(دوو، سێ_ چوار، پێنج، شەش) بەیت.

قافیەی بەیتەکان /ئا ئا ئا/ ئا ئا/ ب ب/.

٢_ ئەم بەیتی لاوانەوەیە نەگۆڕن.

٣_ لەکرمانجی ژووروودا سەر بەیتەکان دووبارە نابنەوە[3].

---

[1] م.ل. ئازادۆفسکی -لاواندنەوەی لینسکی (گوندیکە لە هەریمی سیڤرولۆن)- ١٩٢٢-ل١٠- بەزمانی ڕووسی.

[2] م رودنیکو -شینی کوردە یەزیدیەکانی پشت قەفقاز -گۆڤارێکی پالتینسکی سورینک -ژ٢١(٨٤)- ١٩٧٠- بەزمانی ڕووسی.

[3] بڕوانە: ک.ف. چیتۆف- لاوانەوە- لینکراد -١٩٦٠-ل١٠- (بەزمانی ڕووسی).

٤- بەڵام لەکرمانجی خوارووودا سەر بەیتەکان دووبارە ئەبنەوە.

٥_ لاوانەوەی کوردی کورت بڕیە بەبەرزترین دەربڕینی هەست ئەژمێردرێ کەزیاتر کار لەگوێگر ئەکات.

٦_ زمانی لاوانەوە پڕە لەخوازە (سیارێ ئەسپی دیل بەردان).
(چاوم دەگێڕم سەرداری ماڵ نابینم) . (ڕۆڵە خێر لەخۆنەدیوەکەم).

٧_ شینی کوردی لەکرمانجی ژووروودا بەمە دەست پێ ئەکات.

(لۆ _ لۆ _ سیارۆ)
(هەی _ لۆ _ سیارۆ)
(لۆباڤو _ هەی _ لۆ برایۆ)

بەلام ژنان ئەڵێن:

_ لێ _ داینێ، لێ واینێ (لێ ڤاینێ، لێ ڤاینێ)

لەکرمانجی خوارووودا: زاوا ڕۆیە، بوکانە، بوکان، وەی وەی شێرە.

٨_ لەشینی کوردیدا کێشی پەنجە زۆر بەرچاو ئەکەون، زۆرجار بڕگەکان (١٠-٢٥) بڕگە ئەبێ، زۆر جاریش قافیەکان یەکن.

وەکو: دە بڕگەیی:

هەی شەرە شەرە شەڕ لەقەراجی
دەنگی تۆپان دێ لەچیای باواجی
برینی ئەو لاوە نەکرا عیلاجی

## ڕوخسارو پێکهاتنی کێش لە لاوانەوەی کوردیدا :-

بەگشتی ڕوخساری لاوانەوە بریتیە لە(بەیتێ، دوو، سێ، چوار،.... هتد) قافیەکانیش ئەمانەیە (ئائاب ئا، ئائا ب ب ، ئا ئا ئا ئا ئا)، لەزۆربەی ڕووداوەکاندا بەشێوەیەکی خوازەیی ڕەگەزەکان دەرئەکەوێ، ئەتوانین خاسیەتەکان لەمانە دەست نیشانی بکەین:-

١_ ڕاستی یاخود شێوەیەکی خوازەییو خەیاڵی لەڕوخساری لاوانەوەدا دیارە:-

لەچاوما هەورو نەمە

(دلەکەم: باڵندەی هێلانەی قەبرم)

٢_ زۆرجار مردووەکە بەکەرەستەی ناوماڵ ئەخوازرێ.

- لانکە کۆنینەی ماڵم
- تۆ بنکەو ماڵکەری ماڵم بووی کابانێ

٣_ وێنەگرتنی سروشت و چیای کوردستان (شتی ڕاستی سروشت).

- گوڵی بەهاری کوردستانم شێواوە
- ئەستێرەی ئاسمان شەوقی نەماوە
- ئاسمان شێواو، باران ئەبارێ
- بەفری چیاکەم ناتوێتەوە

٤_ بانگ کردن یاخود قسەکردن و ماڵ ئاوایی لەوانەی دەوروبەر بەزمانی مردووەکەو خێزان و هۆزەکەی دەکرێ.

- ئەی دایەی بەدبەخت تۆ لێم دووریو لەکۆچەکەشەم
- ئەی براکەم لەخەو ڕابە
- بابەگیان بۆچی چارەو بەختم وا سیابووە

٥- شوێن: لەکوێ بۆ مردووەکە ئەگرین یاخود لەکوێ گوییان لەگریان و هاوار بووە بۆ مردووەکە.

لەلاوانەوەدا وێنەی خزمی نزیکی مردووەکەو پەرۆشیان بۆ مردووەکە دیارە:-

لەدەرگای ماڵەوەمان جوانترین سوارو (سەردار) هاوارو شینی بۆ مردووەکە دەکرێ. ماڵ ڕما، ئەژنۆمان شکاو پشتمان چەمیەوە

خەم لێم باریوە کابانی ماڵێ کەبێ پشت و کەسی مایەوەو بێ هۆزە کە زۆرجاریش بەیتەکانی تر بەم خوازە دەست پێ ئەکات وەکو:-

- چاڤێ خۆ دگەرینم، سیاری خوە نابینم
- یا هاتە سەرێ مە، برانی‌یە سەر گورێ چیا، گور گونێیە.
- خێن ژ ئاخێ گورا کەو، ل من نایێ[1]

---

[1] مەراسیمی مردوولاوانەوە -م.ب. -رودنیکۆ -مۆسکۆ-١٩٨٢-ل٤٢.

- زۆرجار گفتوگۆ لەنێوان حەکیم و کەسانی مردووەکە ئەکرێ دەربارەی چارەنەکردنی مردووەکەو نەدۆزینەوەی دەرمان و چارە:-

یلخوا دکتۆران دەستان نەنالّی
دەرمانی (جوانەمەرگ)م بۆ بینتنە مالّی

سەروا لەشینی کوردیدا ئاشکرایە سێ بەیتی ئائائاو لەچوارینیدا ئائا ی ئا/ ئائا ی ی، پێنجیش ئائا ی ی ی، بەلام ئەگەر گەیشتە شەش نیوە بەیت ئەوە قافیەکانیان سەربەست ئەبێ:

سێ/ ئەزێ هەرمە ناڤا گورسینە
پرسەکە بکەم ژ دەرگەڤنە
برا مەزە لەغەریب زو بڤنە
چوارینە/ حەکیمۆ حەکیم کیشیە
ئەزێ دەستەکە باڤیمە ئەتاکی یەکێ باڤیمە پیشە
بیژم حەکیم، تۆ خودێ کەی
بدە براکێ من دەرمانێ ڤێ دلێشێ

× ×

ئەزی ناسەکنم بلّند چیا
تۆزێ خوبارە ئاڤیتە دەڤێ مە نەگیا
خوشکی مەعرومە چاڤێ خوە دگرینە
برانگێ خو ناڤە پسماما ناڤینە

× ×

لوریکا من دارینیە
داێ مەعروومە، لوریکا خوە هلدە ناڤا پسماما بگەرینە
لوریکا من زارەکەچێیە
دەلالە دلێ دێیە
لوریکا برەڤینە مالا کالکێیە

- زۆرجار سەر وای شینەکان وەکۆ یەکن زۆربەیان لەسەر کێشی رەسەنی دەبرگەین. سەرواکان یەکن:

روڵە خودا نەکە د گل وەباند بود
لەژێر ئەو گڵە گۆل سەیواند بود

کۆچی دوایت کرد رۆڵەی داماوم
روناکی دل و هێزو هەناوم

بەگشتی سەروا لەشینی کوریدا بەم جۆرەیە:

١_ سەروای یەکگرتوو.

٢_ سەروای هەمە رەنگ.

٣_ سەروای مەسنەوی.

## دۆخەکانی مردن و شین و لاواندنەوە:

شین و لاوانەوەو هۆکانی، هەتا مرۆڤ بمێنێ هەر دەمێنێ، چونکە کارەسات کۆتایی نایەت تاکۆتایی کارەساتەکە نەیت، ئەمەش نامێنێ تاکو ئەوانەی لەسەر زەوی ئەژین کۆتایی پێ دێت.[1]

کەواتە لاوانەوە وێنەی هەڵوێستی مرۆڤە بەرامبەر مردن و ئەو مرۆڤە مەزنەی کەژیانی پێ دەبەخشرێو لەچاو تروکانێکدا دەیباتەوە، وەکۆ (هەر نەبوویێ) لەو کاتە دەترسێو دەلەرزێو بانگی دەکەن. خەڵکە و خێزان و خزمی مردووەکە دەڕۆنە ماڵە مردوو و یادی دەکەنەوە، ئاکامە جوان و چاکەکانی باس دەکەن.

## ئەو دۆخانەی بەسەر مردوودا دێت:-

لەداب و نەریتی کوردیدا وەکو نەریتی ڕۆژهەڵاتی مردن بەسەر سێ دۆخ دا تێ دەپەڕێ:_

[1] التعازي والحرائي... ص٢٧١



هەواڵنامەی کتێب

یەکەم: شین و شەپۆڕو لەخۆدان و هاوار کردن بەسەر مردووەکەدا* .

دووەم: دەستووری شین و پرسە دانان بۆ ژنان و پیاوان.

سێیەم: پرسە یا ڕەشپۆشی.

ئەو سێ لایەنە لەتەعزیەکدا کۆدەبێتەوە.

## یەکەم/ شین و شەپۆڕ؛

کاتێ لاوێنەر یا شاعیر بۆ مردوو دەگریەو بۆی دەسووتێ پێی دوترێ (شین و شەپۆڕ) ئەمەش وێنەی ئەو کار تێ کردنە پیشان دەدات کەدوای مردووەکە تووشی شاعیرو کەسی نزیکی مردووەکە دەبێت. وەک بیر ئاڵۆزیو پەشێویو بێ هێزیو غەمگینی کە لەدڵ و دەروونیان تروسکەی ڕووناکی‌و هیوای تیا نابینرێ. دونیای جوانی لاتەسک و ناخۆش دەبێ، دڵ پڕ خەم و ئاخ‌و ئۆفو حەسرەتی. بێ ئومیدی لێ هەڵدەستێ فرمێسکی ڕێژنە ئاسا دێتە خوارێ. ئەم جۆرە لاوانەوەیە سۆزێکی ڕاستگۆیانەو ڕاستەقینە دەگرێتە خۆی، چونکە دەربڕین لەکارەساتێکی ناخۆش دەکات. ناخۆش دەکات کەلاوێنەر پێوەی دەناڵێ. جا ئەو کەسەی کەلێی ون دەبێ کوڕ یان ژن یا برا کەسێکی خۆشەویستیەتی‌و ڕوخساری لەگەڵ کەسانی تەعزیەکەدا تێک دەچێ. لەم کاتەدا ژنان دەست بەشین و لاوانەوە دەکەن و هاوارو بانگەوازیان دەرو دراوسێ ئاگادار دەکات. بەمردنی مردووەکە کەسی نزیکی مرووەکە قژو دەم و چاویان دەڕنن و خۆیان لەقوڕ دەنێن لەسەر ئەو کارەی کەڕۆژگارو کردگار پێیانی کردووە* . لەم دۆخەدا دابی شتنو ناشتنی مردووەکە دەست پێ دەکات.

---

- لەکوردەواریدا کاتێ مردووەکە گیانی دەردەچێ بەپێی دەستووری ئیسلام دەست و قاچی درێژ ئەکەن‌و چاوەکانی‌دەنوقێنن بەدەسرۆکەیەک چەناگەی دائەنێن و ڕووی بەرەو قیبلە دەکەن.

* ئەم دیاردەیە لای عەرەبەکانی پێش ئیسلام واباو بووە کەژنان بۆ مردووەکە یان خۆیان لەقوڕ ئەناو سەریان دەتاشی‌و گیرفانەکانیان دەدڕان. لەکوردەواریشدا لەناو هۆزی دەشتەکی ژنان پرچی خۆیان یاخود بەشینەوە لێی دەکەنەوەو بەدەستیانەوە دەی پێچن و دەم و چاوی خۆشیان بریندار دەکەن و خۆیان لەقوڕ دەنێن.

وەک ئاشکرایە شینی کوردی پەیوەندی بەدابی ناشتنەوە هەیە، ئەم داب و دەستوورەش بەپێی ناوچەکانی کوردستان دەگۆڕێ چ لەناو کوردە موسڵمانەکان یاخود یەزیدیەکان یان کاکەیی بێ، بەگشتی دەستووری شین لەلادێو شارەکاندا دەگۆڕێ هەر شوێنە جورە شین ولاوانەوەیەکی تایبەتی بۆ مردووەکە دەکەن کەلەمەودوا باسی لێوە دەکەین.

لەکوردەواریدا شین و شەپۆڕو لاوانەوە هەر بەڕۆژ ئەکرێ، باوەڕێکی وا لەناو یەزیدەیەکاندا هەیە کەئەگەر شین و لاوانەوە بەشەو بکرێ ئەوە شوێنی مردووەکە لەناو گۆڕەکەیدا تەڕ ئەبێ. لای کوردە ئیسلامیەکانیش دەڵێن مردووەکە عەزاب دەدرێ.

شین و لاوانەوەش بەبەشێکی پێویست دادەنرێ چونکە ئەگەر شین و لاوانەوە بۆ مردووەکە نەکرێ ئەوە بەنەنگیو شورەیی ئەزانرێو هەروەها ئەوە دەردەخات کە نرخ و ڕێزی مردووەکە نەگیراوە.

## دووەم/ دەستووری شین و پرسە دانان:_

لەم دۆخەدا گریان و لەخۆدان دووبارە دەبێتەوە لەگەڵ باس کردنیو ناوهێنانی هەموو ئاکارە جوانەکانی مردووەکە. ئەم لایەنە زۆرجار تێکەڵ بەشیعری ستایش ئەبێ تەنها ئەوە نەبێ کەئەمە لاوانەوەیە بۆ مردووەکە قودامەی کوڕی جەعفەر دەربارەی لاوانەوەو ستایش دەڵێ:

هیچ جیاوازیەک لەنێوان ستایش و لاوانەوەدا نییە، تەنها لەدرکاندن نەبێ کەهەندێ وشەو زاراوە هەن نیشانەی ستایش دەبەخشن و هەندێکی تریشیان تایبەتن بەلاوانەوە، ئەمەش لەبابەتەکە کەم ناکاتەوە چونکە دەستووری شین و پرسە هەر ئەو ستایشانەیە لەژیانی مردووەکەدا بووە.[1]

لەتەعزێدا ژنان ڕوو لەماڵە مردوو دەکەن و هەستی خۆیان تێکەڵ بەغەم و پەژارەی ماڵە مردووەکە دەکەن و کۆمەڵێ زاراوەو وتە بەکار ئەهێنن کەنیشانەی بەشداریو دڵسۆزییانە، وەکو: وەی دەستم شکێ، چاوم کوێر بێ، ئاگرم تێ بەر بێ،

[1] علي بو ملحم – في الادب وفنونه _ بيروت _ ١٩٧٠ _ ص٨٦.

عەمرم نەمێنێ، هەلا هەلابم، ڕۆحم دەرچێ، حەلقەو زنێرم بۆ نیشانەی هێناوە، قوڕ بەچاوما درێ، خوا سەبووریتان با، شەریکی غەمتانم. کەس و کاری مردووەکەش جارجارە وەلامیان دەدەنەوە بەگریان و لەخۆدان دەڵێن (من بمرم، من دەستم بشکێو چاوی خۆمان کوێر بێ، عەمری خۆمان نەمێنێ، قوڕ بەچاوی خۆماندا بدرێ).

## ٣_ ڕەش پۆشی یا پرسەگرتن:

ئەمەش لاوانەوەی سیفەت و کارە سوود بەخشەکانی مردووەکەیە، کەهەمیشە بەزیندوویی لایان دەمێنێتەوە. هەمیشە قسە خۆش و نەستەقەکانی زاخاوی مێشک بوون و مەبەستیش لەهەموو لەوانە سووک کردنی خەم و ئەو ڕووداوە گەورەیە کەتووشیان هاتووە.

لەم دۆخەدا شاعیر یاخود لاوێنەر نەدەربڕین لەڕەوشتی مردووەکە دەکات کەلەشین و شەپۆردا دەیکردو نەکارە چاکەکانیشی دەژمێرێ هەروەک لەدەستووری شینا دەیکرد، بەڵکو دڵخۆشی خزم و کەسی مردووەکە دەداتەوە، ئەم دڵدانەوەیەش هەر لەکۆنەوە هەبووە تا ئێستاش هەر ماوە کە بۆ ئەم لایەنانە دەگەڕێتەوە:

ا_ مردن قەدەرێکی چەسپاوە گۆڕان و هەلاتنی بۆ نییەو هیچ ڕێگەیەکیش بۆ لاوەنانی نییە.

ب_ گریان و خەمگینی هیچ سوودێک نابەخشێو مردووەکە بۆ ژیان ناگەڕێتەوە.

جـ_ هەموو کەسێک لەبەردەم مردن وەک یەکە لەکاتی مردنا هیچ جیاوازیەک نییە لەنێوان گەورەو بچووک/، پاشاو هەژارەدا نییە.

ء_ ژیان بەگشتی ماندوو بوون و کێشەو ئازارە. مردن تاقە ڕێگای چوونی مرۆڤە بەرەو ژیانێکی دوورو درێژی پڕ خۆشیو حەسانەوەو بەختەوەری لەو دونیایە.[1]

[1] علي بو ملحم - في الادب وفنونه _ بيروت _ ١٩٧٠ _ ص٨٧.



هەواڵنامەی کتێب

## داب و نەریتی مردوو شتن و کفن کردن و ناشتن:-

هەندێ دابونەریتی باو لەناو کوردەواریدا بەتایبەتی (کوردی موسلمان) باوە کەمردووەکە ئەمرێ یەکسەر ئەنێرن بەدوای مردوو شۆر. ئەو شتانەی لەکاتی شتندا بەکاری دێنن برێتی‌یە لە:

١_ تەختەیەکی گەورە _ تاتەشۆر یاخوم (مەشفەن).
٢_ مەنجەلێکی گەورە بۆ ئاو گەرم کردن.
٣_ سابوون و لفکەو گولاوو لۆکە.
٤_ ئاو گردان (ئەو جامەیە کەئاوی پێ بەمردووەکەدا دەکرێ).

کەمردووەکەش دەمرێت سێ پارچە قوماشی سپی (بلوری یاخود خام)ی بۆ ئامادە دەکرێ پێ‌ی دوترێ (کفن).*

ئەو کەرستەو پێویستی‌یانەی بۆ ژنە مردوو ئامادە دەکرێ بەم جۆرەیە:
_ دووگردی (بەرمال) ی قیامەتی بۆ دەکەن.
_ کراسی قامەتی بۆ دەکەن.
_ ئاوەل کراس.

---

* دانیشتوانی ناوچەی پشدەرو کویەو دەوروبەری جوانترین رەوشتیان لەبارەی پرسەو بەڕێ کردنی مردووەکە هەیە کەلەزۆربەی شارەکانی کوردستان بەم جۆرە نیە، ئەگەر یەکێک لەم ناوچەیە بمرێ بەگشتی خەڵکی مردووەکە بەمردووی خۆیان دەزانن و نایەڵن تاسێ ڕۆژ فلسێک خەرج بکەن. ئەوەتا چەند گۆڕ هەڵکەنێک لەم ناوچانەدا هەیە کەخاوەنی پاچ و خاکەنازو بێڵن هەرکە زانیان مردوویەک هەیە یەکسەر دەچن بۆ گۆڕستان و گۆڕ بۆ مردووەکە هەڵ دەکەنن، هەرچی سەبارەت بەکەرەستەی قەبریشەوە هەیە ئەوە ئامادەکراوە بەتایبەتی لەحەوشی مزگەوتی گەورەو لەشاخەکانی قەندیلەوە بەرەو ئەو ناوچانە هاتووە. ئەمە لەلایەک لەلایەکی تر لەمزگەوتدا تاتەشۆرو تابوت لەهەموو مزگەوتەکاندا هەبووە. لەناوچەی پشدەر ئەوەش باوە مردوویەک هەژار بێ خەڵکی خۆی کفن و دفنی بۆ دەکات.

هەروەها لەهەندێ گوندی سەر بەناحیەی (بەردەڕەش)، بۆ نموونە گوندی (گردەپان) دابونەریتیان وایە ئەگەر یەکێک لەگوندەکە بمرێ، ئەوا لەکاتی تەعزیەدا لەکاتی نان خواردن پیاوەکان کەلەمزگەوت دەگەڕێنەوە ناچنە ماڵی مردووەکە، بەڵکو هەر جارەی یەکێک لەدانیشتوانی گوندەکە لەماڵی خۆیان شیویان بۆ دەکەن.

_لەچک و شەدادی بۆ دەکەن.

بۆپیاوانیش:

_ دوو بەرمالی قیامەت.

_ کراسی قیامەت.

_ لە چک و سەر پیچی بۆ دەکەن.

پاش ئامادەکردنی سێ پارچە بلووریەکە دوو پارچەی دەروورن و دوو قەدی دەکەنەوە.

## داب و نەریتی چۆنیەتی شتنی مردوو:-

کە مردووەکە دەمرێ یەکێ لە ناسیاوی مردووەکە ئەچێ بۆ مزگەوت و تاتەشۆرو* دارەمەیتی[1] دێنێ.

لە کاتی شتنی مردووەکە دووکەس یا زیاتر خەریکی شتنی مردووەکە دەبن، یەکیکتان پێ ی دەڵین (مردوو شۆر) و پیشەی مردوو شتنە، ئەوەکەی تری ئاو دەهێنێو ئاو بە مردوکەدا دەکات لە سەرەوە بۆ خوارەوە، واتە نابێ دەستی لە نیوەی بگێرێتەوە بەڵکو ڕاستەوخۆ لە سەرەوەی مردووەکە تا خوارەوەی ئاوی پیادا دەکات بۆ ئەوەی دابی پاک و خاوێنی تەواو مسۆگەر بێ* لە ژوورەوەش کەسوکاری مردووەکە شین و شەپۆر دەکەن* ئەم گریانەی دەیکەن رەوشتێکی کۆنەو پێش ئیسلام هەرهەبووەو ئیسلام نکۆڵی لەشین و شەپۆر و لەخۆدان وپرچ

هەواڵنامەی کتێب

---

* ئەوماڵەی کەمردووەکەی لێ دەمرێ تاسێ ڕۆژ تاتە شۆر نابەنەوە بۆ مزگەوت (تاتەشۆر بەو تەختە گەورە پانە دەوترێ کەمردووەکەی لەسەر دەشۆن).

[1] دارە مەیت: دارەباز قەفەزێکی لاکێشەیی‌یە بنی پانەو پێچکەکانی قووتەو لەهەردوو سەرێکەوە دوو دەسکی پێوەیە بۆ هەڵگرتنی.

* ئەوەی کە ئاوی پیادا دەکات دەبێ دوایی خۆی بشوات و خوی پاک کاتەوە. تا قورسایی مردووەکەی لێ بیتەوە.

* بڕوانە: ئافرەتی کورد _هینی هانسن _ عەزیز گەردی کردوویە بە کوردی - بەغدا _ ١٩٨٣ _ل٣١٧ _ ٣١٨.

ڕنینەوە دەکات. بەهەر حاڵ دوای ئەوەی کە مردووەکە شـۆرا دەست نویـژ دەگرن وکفنەکەی بۆ دەدروون، بەڵام ئەگەر مردووەکـە شـەهید بێ شۆردنو کفنو نوێژ لەسەرکردنی حەرامە.[1]

## دابی کفن کردنی مردوو:-

دوای ئەوەی لەشتنی مردووەکە دەبنەوە بە خاولی‌یەکی پاک و خـاوین مردووەکـە وشک دەکەنەوەو کفنەکەی بۆ ڕادەخەن و مردووەکەی لەسەر دادەنێن.

کفن کردنی مردوو بە پێ ی تەمەن دەبڕێ، لە زۆر شوێن دا مەیت شۆر یا دراوسـێ یا یەکێکی نزیکی مردووەکە بەبێ چەقۆ ومقەس خامەکـە یاخود بلووریەکـە دەکـەن بەچەند پارچەیەکـەوەو هـەر پارچەیـەی بۆشـتیک دایدەنیـن، بـەژنی مردووەکـە لەسەرەوە تـا خـوارەوە بەخامەکـە دەپیورێ. بۆ یەکـەم جار لایـەکی خامەکـە بە تایبەتی لێوارەکانی لێ دەکەنەوە ئنجا دوو پارچەی گەورە گـەورە، ئـەوەی مایـەوە دەکرێ بە چوار پارچەوە، دووانی لەشێوەی لاکیشـەییدا، ئـەوی تریـش لەشـیوەی چوار گۆشەییدا دەبڕیێو هـەر لـەم خامە پارچەیـەک بـۆ دەستکێشـی مـەیت شـۆر دروست دەکرێ و مەیتەکەی پێ دەشوات. ئەو پارچە خامانەی کـە پێیـان دەوتـرێ (کفن) جیاوازیان هەیە لە پارچە پارچە کردنی خامەکە دەسـتوریکی وردو تایبـەتی ڕەچاو دەکەن. خامەکە دەکەنە حەوت پارچە، بەڵام لەبەر ئـەوەی ئـەو پارچەی لێ کـەم دەبێتـەوە کەمەیتەکـەی پـێ دەشـۆن. تیلمێک لـەو دوو تیلمـە لـەلێوارەکانی دەکەنەوە لەناوەڕاستەوە دەکەنە دوو پارچـەو بەمـەش ژمارەی پارچـەکان دیسـان دەبێتەوە حەوت پارچە، پارچە لاکیشە گەورەکەش ناوەڕاستەکەیان بـەدەم تـەڕکرد تـازوو بـدرێ تـا جێگـای سـەری مردووەکـەی پیـابچێو بەمـە وەکـو کراسـێکی بـێ

[1] بەپێ ی بیروبـاوەڕی ئیمـامی شـافعی وئیمـامی ئـەعزەم (ابـو حنیفـه) دەبێ شـەهیدەکە لەبـەرگ و پۆشاکی خۆیدا بێ دەست لیدان کفـن بکرێ. بـەپێ بیروبـاوەڕی ئیمـامی ئـەعزەم نویـژ کـردن لەسـەر شەهید واجبە. ئەگەر مردووەکە قابلی شوردن نەبوو پیویستە (تیمیم) بکرێ و نیەت هینان سونەتە.
تیمم_ بەوە دەلین ئەگەر مردووەکە شۆردنی لە توانـادا نـەبوو یـەکیک دووجـار دەسـت بدا لـە زەویـدا ونیەتی (تیمم) بینێ و روخسارو هەردوو دەستی مردووەکە مەسح بکا.
بڕوانە: ڕیگای بەهەشت_ مەلا عەبدول کەریمی مدرس _بەغدا _١٩٨٦_ ل١٦.

دروومانەی لێ هات. دوو پارچە چوارگۆشەیەکە بەسێ قولنچکی دەنوشتێتەوەو یەکێکی سەری مردووەکەی پێ دەپێچرێو ئەوی تر لەهەنیەی، ئەو تیلمەی کەلەخامەکەیان کردەوەو کردیان بەدوو بەشەوەو ئەم سەرو ئەوسەری مردووەکەیان پێ بەست.[1] یاخود هەر لەخامەکە بۆ ئافرەت دوو دەست کێش و دوو جووت گۆرەوێو لەچکێک و دەرپێ تا گیانی ئافرەتی پێ داپۆشن دروست دەکرێ. لەزۆر شوێندا لۆکەش بەکار دەهێنن بەتایبەتی بۆ پەنجەی دەست و قاچ و پشت گوێو قورگ و ژێر بالی مردووەکە. بەباوەڕی خەلک بۆ ئەوە کەلەشی هەلدەوەشێ بەیەکتریەوە نەنووسێت و کفنی بێ دروومانەی لەبەر دەکەن، دوای ئەمانە بۆ مردووەکە (قەلقەلە) ئەکەن، ئەویش ئەوەیە کەبەڕێکی خامەکە ئەکەنە بەر مردووەکە. بەپێی باوەڕی هەندێ ناوچەی کوردەواری ئەوکەسەی کە دەمرێ چی کرداری باش و خراپەی هەیە لەسەر ئەم قەلقەلەیە دەنووسرێت (دوای ئەوە فرشتە لێی دەپرسێ ئەوەی نووسراوە بەجوانی دەیلێت هەتا ئەگەر نەخوێندەواریتش بێت). لەهەندێ شوێنی تردا ڕیحانەو گولاو گولە مۆرت و مێخەک و ئاوی زم زم ئەکەن بەکفنەکەدا. پاشان پارچە خامەکە دەبڕنو هەندێ جار پارچەیەکی لێ دەکەنەوە (گوایە دەلێن بۆ نەخۆشی باشە).

کە لەم دابە بوونەوە ئەوجا بەگوێی مردووەکە بانگ یاخود شەهادە دەلێن (تۆ موسلمانی لەسەر ئومەتی محەمەدی. وەلامی خۆت باش دەرەوە) ئەمەش سێ جار دووبارە دەکرێتەوە.

لەکوردەواریدا وا باوە ئەگەر مندالێک بمرێ (پەلەوەر، مریشک یا کەلەشێرێک) سەر دەبڕن و سەری مریشکەکە لەگەل مندالەکە دەخەنە ناو گۆڕەکەوە تا کەسی تر لەو مالە نەمرێ.

بەم جۆرە ژنان و خزمانی مردووەکە لای سەریەوە دادەنیشن و دەست بەشینو گریان دەکەن بەمانە دەلێن (دل شەوەت - دل گەرم) ئەوانەی شینەکەش دەکەن پێی دەلێن (دل شکەستی _ دل شکاو)[2] پاشان دوو کەسی نزیکی مالە

---

[1] بڕوانە: ئافرەتی کورد _ هینی هارولد هانسن... ل٣١×_٣١٩.

[2] م. ب ڕوینکو..... ل٣١٧ - ٣١٨.

مردووەکە دێن و مردووەکە دەخەمە ناو دارەمەیتەوەو* بەشێوەیەکی جوان، جاجم یاخود بەتانیەکی چاک بەپێی رەگەزی مردووەکە قوماشی دەدرێ بەسەردا (بۆ ژن سورمەو بۆ پیاو قوماشی فاسون)و* بەجوانی دەیرازێنێتەوە. پاشان داره مەیتەکە سێ جار بەرز دەکرێتەوە بۆ گەردن ئازادی بۆ ئەوەی ئەجری دراوسێی لەسەر نەمێنیێ.

لەناو کاکەیی‌یەکانی ناوچەی گەرمیاندا وا باوە ئەو کاتەی تەرمی مردووەکە لەحەوشە دەهێننە دەرەوە سێ نانی بتوو ن بەرپزەوە لەپێش تەرمەکەدا دەنێن، هۆی ئەنجام دانی ئەم کارە بەم شێوەیەیە:_

١- گوایە هەر مردوویەک لەماڵ دەربکرێ لەغەیبەوە بەنهێنی سێ سەگ بەتاو دێن بۆ ئەوەی ئەم مردووە بخۆن. گوایە ئەو نانانە بۆ ئەو سەگانە واتە هەر سەگێکیان نانێک. سەگەکان تا خەریکی نان خواردن دەبن تەرم لەحەوشە دەردەچێ. هەرکە مردووەکە لەحەوشە دەرچوو ئیتر سەگەکان حەقی ئەویان نی‌یەو ناکەونە دوای.

هەواڵنامەی کتێب

* ئەگەر مردووەکە منداڵ بیت لەناو دوو بەرماڵدا دەی پێچنەوە ویەکێک هەڵی دەگرێ، کاتێ کەمنداڵەکە هەڵ دەگرن دووجار بلندی دەکەنەوەو لەسەر زەوی دایدەنێن بۆ جاری سێیەم منداڵەکە لەسەر باسکی هەڵ دەگرێ و رووەو لای باوکی منداڵەکەو خەڵکەکان دەچێ. پاشان بەرەو مزگەوت و سەرقەبران. کە خەڵکەکە لەسەر قەبران دەگەرێنەوە بەرەو ماڵی باوکی مردووەکە دین و رووبەرووی ماڵەکە دەوەستن وئایەتیک قورعانێ لەبەر خۆیانەوە دەخوینن و ماڵی مردووەکەش نانیک دیننە دەرەوەو ئەیدەن بەسەر پشتی باوکی منداڵەکەو پاشان وەری ئەگرنەوەو ئەیبەنەوە ماڵەوە.

* ئەو پارچە قوماشە بۆ قەبر هەڵکەن دەبێ.

* لەناوچەی خانەقیندا ئەگەر مردوو شەهید بوو کۆترێکی لەسەر جەنازەکە دەبەستنەوەو مەیتەکەش لەسەر دەست هەڵ دەگرن بەدەهوڵ و زورنا مردووەکە بەرەو سەر قەبران دەبەن (ئەگەر شەهیدەکە گەنج و ژنی نەهێنابوو) لەگەڵ هوتاف دانی ئایەتی (بەر محەمەدو ئالی بەیتی محەمەد سەڵەوات) وێنەی شەهیدەکە لەناو بازنەیەکی گوڵرێژدا دەیدەنە دەستی لاوێک و لەپێشەوەی جەنازەکەوە دەرِفن. ئەم زانیاریانەم لەمامۆستا نەجم خالد ئەلوەنی) وەرگرتووە، خەڵکی خانەقینەو مامۆستای زانکۆیە. ١٩٩٤/١١/٧).

٢- هەندێکیش دەڵێن: ئەم نان دانەی پێش تەرم لەبەر ئەوەیە تا مردووەکە چاوی خێری بەدوای خێزانەکەیەوە بێت تا نەبێتە هۆی نـان براویان. واتـە چاوی بەدوای زەخیرەیانەوە نەبێت.*

## بەڕێ کردنی مردوو:-

پاش ڕێکخستنی دەستوری شۆردن وکفن کردن مردووەکـە دەخرێتـە نـاو تـابووت یاخود دارە مەیتێکەوە بەپێ ی دەسـتوری ئیسـلام بـەرەو مزگـەوت ئـەبرێ، وەلـەم لاشـەوە ژنـان بەشـین و شـەپۆڕەوە لەماڵـەوە دینـە دەرەوە* وەپیـاوانیش بـەرەو مزگەوت ئەکەونە ڕێ تا نویـژی جـەنازە لەسـەر مردووەکـە بکـرێ. ئـەرکانی نویـژی مردوو حەوتن:

یەکەم: نی یەتی فەرزی نویژی مردووەکە لەگەڵ (الله اکبر) دا.

دووەم: ڕوکنی دووەم چوار (الله اکبر)ـیانی دابەستنی نویژەکە.

سێ یەم: ڕوکنی سێ یەم، خویندنی سورەتی فاتیحەیە لەپاش (الله اکبر).

چوارەم: سەڵاوەت دانە لەسەر حەزرەتی پیغەمبـەر(د.خ) وسـەلاوات لەسـەر ئـالی سوننەتە کەوابێ بلیت:

اللهم صل علی سیدنا محمد وعلی ال سیدنا محمد.

پینجەم: دوعاکردن بۆ مردووەکە لەپاش (الله اکبر) کەئەبێ بلیت:

(اللهم ارحمه، یا: اللهم اغفرله). دوعای مەشهووریش ئەمە یە بلیت:

(اللهم اغفر لحینا و میتنا و شاهدنا وغائبنا و ذکرنا وانشانا

---

* ئەم زانیارایانەم لەکاک هەردەویل کاکەیی ڕێکەوتی ١٩٨٩/٣/٦ وەرگرتووە.

* لە هەندێ ناوچەی کوردواری واباوە کەژنانیش لەگەڵ پیاواندا بەرەو سەرقەبران ئەکەونە ڕێ و لەسەرقەبران تامردووەکە ئەشارنەوە ژنان لەلایەک دائەنیشن و ئەلاوینەوەو پاشان لەگەڵ پیاواندا هەڵدەستن.

اللهم من احييته منا فاحيه على الاسلام ومن توفيته منا فتوفه على الايمان)[1]

وەهەروەها هەرچی شەرتی نوێژەکانیترە بۆ نوێژی مردوویش شەرتە، نوێژی مردوو سوونەتە بەجەماعەت بکرێو جەنازەی مردووەکەش دەبێ لەپێشەوە دانرابێ پاش تەواوکردنی دابو دەستووری دادان مردووەکە بەرەو گۆڕستان بەڕێ ئەکرێ* لە هەندێ ناوچەدا واباوە بەتایبەتی ناوچەی خانەقین کە نەریتی (بەرجەنازە) یە ئەویش ئەوەیە کەسێ منداڵ بەسێ سەبەتەوە لەپێش تەرمەکەوە ئەڕوا ئەو سەبەتانە(نان) یاخود(نوقلی) لەناودایە. ئەو نان و نوقلانە بۆ منالەکان یاخود بەسەر هەژارەکاندا دابەش ئەکریت سەرباری ئەمانە لەناو کاکەیی کاندا جاران خیراتی پیش تەرم هەبوو. ئەم خیراتەی پیش تەرمە پیش ئەوەی تەرمەکەیان ببردایەتە سەر گۆڕستان چەندین تاسکە نان یان حەلوایان دەبردو لەپاش ناشتنی مردووەکە خەڵکەکە دەیان خوارد* لەناو کوردە شیعەکانیشدا (جەعفەری) لەخانەقین و مەندەلیو بەغدا و ئەو شوێنانەی سەر بەم ڕیبازەن مردووەکانیان ئەبەن بۆ کەربەلا و نەجەف لەبەر ئەوەی شوێنێکی پیرۆزە.

کەمردووەکە دەمرێ کوردەکان دەڕۆن بۆ (حسينية) واتە مزگەوتی شیعەکان بۆ تابووت هینان. مردووەکە دەشۆن یاخود بەجل و بەرگی یەوە ئەیخەنە ناو تابوتەوەو بە ئوتومبیل لەگەڵ خزم و کەس و کاری مردووەکە ئەیبەن بۆ کەربەلا و لەوێ ئەیشۆن و کفنی دەکەن. پاشان زیارەتی ئیمام (حوسین وعبباس) ی پێ

---

[1] بڕوانە: ڕیگای بەهەشت .... ل٣٦ _ ٣٨

* پیش ئەوەی مردووەکە بۆ گۆرستان ببەن پیاویک یاخود گۆڕهەڵکەن گۆڕەکە بۆ مردووەکە هەڵ دەکەنێ زۆر جاریش پیاوی تایبەتی هەیە کە (قەبرهەڵکەنی) پێ دەڵین. گۆڕهەڵکەندن لە زۆر ناوچەی کوردستاندا بەخۆڕایی یە، هەتاکو بەردو کیلەکانیش. بەڵام لەسلیمانی دا هەموو لەم چەند ساڵانەی دواییدا بووە بەپارە.

* ئەم زانیاریەم لەکاک هەردەویل کاکەیی سەبارەت بەداب و نەریتی مردوو وەگرتووە لەڕیکەوتی ١٩٨٩/٣/٦.

دەکەن و لەکەربەلا وە بەرەو نەجەف دەبیەن و لەویش سێ جار بەدەوری مەرقەدی ئیمامی عەلی دا گری دەدەن وگۆڕی بۆ ئەکەن و ئەینێژن. گۆڕەکە لادەکەن واتە لەلاوە جەنازەکە لە گۆڕەکەدا دادەنین نەوەک لەناوەڕاستدا (ئەمە بە پێچەوانەی کوردە سونیەکانە ) ئەگەر مردووەکە سەید بوو لەناو تاق لەمەرقەدی ئیمامی حسین دەی نێژن پاشان کەس و کاری مرووەکە بۆماڵەوە دەگەڕێننەوە و پرسەی بۆ دەگرن و لەچلەی و سەری ساڵدا دووبارە کەس وکاری مردووەکە بۆ نەجەف دەڕۆن و زیارەتی مردووەکان دەکەن.*

## دەستوری ناشتنی مردوو:-

کاتێک مردووەکە دەبەن بۆگۆڕستان دارە مەیتەکە بەسێ کەس یاخود چوارکەس هەڵ دەگرن. خۆ ئەگەر گۆڕستانەکە نزیک بێ ئەوە بەپێ خەڵکەکە دەڕۆن. ئەگەر گۆڕستانەکە دوور بێ بە ئوتومبیل مەیتەکە ئەبەن.

دەستوور وایە لە پێش خەڵکەوە تەرمەکە هەڵدەگیرێت و مەلاو پیاوە بەساڵا چووەکان و خزم و کەس و کاری لەپێشەوە دەڕۆن، ئەمانە یەک لەیەکتری دارە مەیتەکە وەردەگرێت و ئەیخاتە سەر شانی بۆ ئەوەی هیچ کەسێ ماندوو نەبێ و لەگەڵ وەرگتنی جەنازەکە دەڵین: (لا اله الا الله) یاخود دەڵین (یاواحد الله)، تا ئەگەنە سەر قەبران و جەنازەکە دائەنێن. ئەگەر قەبرەکە تەواو نەبووبێ ئەوە چاوەڕێ ی ئەکەن و خۆ ئەگەر تەواو بوو بوو ئەوا یەکسەر ئەیخەنە ناو گۆڕەکەوە.

لەکاتی ناشتنی مردووەکەدا ئەبێ ئەم کردارانە ئەو کەسانە بیکات کە نوێژیان لەسەر مردووەکە کردووە یاخود دوو کەس نزیکی مردووەکە یەکێکیان بەپێ

* ئەم دەستورو زانیاریانەم لەزاری سەید محەمەد شبر ساڵی ١٩٨٠ وەرگرتووە ناوبراو تەمەنی (٧٠) ساڵە و نەخوێندەوارە. خەڵکی نەجەفەو لەخانەقین دانیشتووەو سەیدی حوسەینی یە لەخانەقین.

خاوسی لەناو گۆڕەکەداو ئەوەی تریان لە دەرەوە ئەم دەستوورە بەجێ دێنن و ئەو کەسانە ئەبێ جلێ بینن بیدەن بەسەر قەبرەکەدا تاکو مردووەکە جیگایەکی دەرنەکەوێ.

وەئەگەر مردووەکە ئافرەت بوو ئەوە ئەبێ کەسی یاخود میردی، براکەی.... باوکی، خوشکە زای بێ، دەڵین بەپێ ی دەستووری ئیسلام بۆ ژنێ کەمێردی هەبێ مێردەکەی لەهەموو کەس چاترە بۆ داهیشتنی بۆناو قەبرەکە. سونەتە بۆ مردوو خشتی بخەنە ژێر سەری و ڕووی لە قیبلە بێ، هەروەها سوننەتە ئەوەی لە قەراغی قەبرەکەدا سێ مشت خۆڵ لەخۆڵی گۆڕەکە هەلگرێ. بەسەر یەکەمیانا (منها خلقناكم) و بەسەر دووهەمیان (ومنها نعيدكم) و بەسەر سیهەمیانا (ومنها نخرجكم تارە اخرى) بخوینێ لەپاشا ئەو مشتە خۆلانە یەکە یەکە بکاتە خوارەوە بۆ لای سەری مردووەکە پاشان یەکێ مشتێ خۆڵ هەڵ دەگرێ و حەوت جار سورەتی (انا انزلنا) ی بەسەر ئەخوینێ و بەسەر کفنەکەیا ئەکات ئینجا وردە وردە قەبرەکە بەخۆڵ پڕ دەکەنەوە وپاشان سەری قەبرەکە ئاو ڕشین ئەکرێ و جوان دەی کوتنەوە حەوت بەردی بچوک بەڕیزە لەسەر قەبرەکە دائەنرین ولای سەریەوە کێلێکی بۆدائەکوتێ* پاش داپۆشینی قەبرەکە ئیمام تەلقینی مردووەکە ئەکا بەم جۆرەکە خۆی دانیشێ و خەڵکەکەش بە پێیەوە ڕاوەستن و بڵێت (ياعبدا لله ابن امة ا لله اذكر العهد خرجت عليه من الدنيا، وهو شهادة ان لا اله الا ا لله وحده لاشريك لـه، وان محمد رسول ا لله وان الجنة حق، وان النار حق، وان البعث حق، وان الساعة انية لاريب فيها، وان ا لله يبعث من القبور وانك رضيت با لله ربا، وبا الاسلام دينا، وبمحمد (ص) نبيا

---

* لەناو بگزادەکانی خانەقیندا واباو بووەکە مردووەکەیان بە تابووتەوە خستۆتە ناو قەبرەوە. ئەمەش نەریتی کوردەواری پێش چاخی ئیسلام دەردەخات.

ورسولا، وبالقرآن اماما و وبالكعبة قبلة والمومنين اخوانا ربي ا لله لا اله ان هو عليه توكلت وهو رب العرش العظيم).

سوننەتە ئەمە سێ جار دووبارە بکرێتەوە و پاش تەلقینەکەش خەلکەکە دوعا بۆ مردووەکە دەکەن.

## هەڵبەستن یا هەلگرتنی گۆڕ:-

هەلبەستنی گۆڕ ئەمەش لەرۆژی حەوتەمدا یا چلە چەند کەسێکی خزم و کەس و کاری وئاشنای مردووەکە لەگەل وەستایەک بۆ هەلبەستنی گۆڕەکە بەرەو گۆڕستان دەڕۆن، کابرای مردوو ئەگەر هەژار بێت ئەوە بەخشت و قوڕ هەلی ئەبەستن، بەلام ئەگەر هات و دەولەمەند بوو ئەوە بەکاشی ومەڕمەڕ لەگەل دانانی مێژووی لە دایک بوون و مردنی و نووسینی هەندێ شیعرو دانانی وێنەی مردووەکە ئەگەر گەنج بێت، هەندێ جاریش چەتری بۆ ئەکەن بەسەر قەبرەکە، لە ناوچەی خانەقین دا واباوە قەبری ژنان (مدرج) ئەبێت بەلام هی پیاو چوار گۆشە ئەبێت.

هەندێ بیرو باوەڕ کە پەیوندی بە دابی ناشتنی مردووەوە هەیە

١_ کاتێ کە مردووەکە دەخرێتە گۆڕەوە دەبێت پەڕۆکەی لای سەریەوە بکەیتەوەو بەسەر لادا دای نێیت و ڕوومەتی بخەیتە سەر بەردەکە چونکە دەلێن (لەبەر ئەوەی خوا بەزەیی پیابێتەوەو وەک داماویک لەبەر دەمی خوادا ڕاوەستاوە).

٢_ لەو کاتەی کە خۆلی دەکرێ بەسەرا هەندێ خۆل هەل دەگرن و دووعا بەسەردا دەخوێنن... گوایە دەلێن (مرۆڤ بەهیچ چاوی پڕ نابێتەوە تەنها بەم مشتە خۆلە نەبێت).

٣_ سێ کەس شەهادە دەدا کە ئەم مردووە کەسێکی باش بووەو خراپەی کەسی نەخواستووە، بۆ ئەوەی دڵی خەڵکەکەی لێ پاک بێتەوەو پاشان یەکێک لە خەڵکەکە هەڵ دەستێ دەڵێ: (خەڵکینە ئەم پیاوە چۆن پیاویک بوو؟ خەڵکەکە ئەڵێن پیاویکی چاک بووە ئەمجا ئەڵێ کەواتە گەردەنی ئازاد کەن) ئەوانیش ئەڵێن (گەردەنی خۆش وئازاد بێ) پاشان یەکیک لە پیاوە ئایینیەکان نەختێ خۆڵ لە گۆڕەکە هەڵ ئەگرێ و سورەتی (تبارک) ی بەسەر ئەخوێنێ و پاشان ئەیکاتە ناو قەبرەکەوە.[1]

٤_ دوای تەلقین* دانی مردووەکە دەڵێن دوومەلائیکە (فریشتە) دێنە لایەوەو پرسیاری لێ دەکەن و پێ ی دەڵین: خوات کێ یە؟ پیغەمبەرت کێ یە؟ ئیمانت چی یە؟ ئاینت چی یە؟ قیبلەت کوێ یە، خوشک و برات کێن؟ لەئەنجامدا دەڵێ (ئەللەهو رەبی، پیغەمبەرم محەمەدە، پیشەوام قورعانە، ئاییینم ئیسلامە، رووکەم کەعبەیە، خوشک و برام فلانە.

دەڵین ئەگەر موسلمانێکی باوەڕ پێکراو باش بێت ئەوە بەتەواوی وەلامی پرسیارەکان دەداتەوە. ئەگینا زمان و دەمی تێک دەئاڵێ وناتوانێ وەلام بداتەوە، پاش تەلقین یەکیک هەڵدەستێ و دەڵێ:

(خەڵکینە خواخیرتان بنوسیێت و ڕەحمەتی خواتان لێ بێ) و پاشان بەرەو ماڵی مردووەکە دەگەڕێتەوەو سەرە خۆشی لەکەس و کاری مردووەکە دەکەن و دەڵین: (خۆت سەلامەت بی، عومری درێژی بۆ ئەوانەی بەجێ هیشت، ئەمە ئاخر خەمتان بێ).

[1] علاءالدین سجادی _ کوردەواری _بەغدا _ ١٩٧٢، ل٣٣

* لەناوچەی بادینان دوای تەلقین خویندن تا هەفتە یەک ئەو قەبرە بەشەش فەقێ دەگرن و بەنۆرە شەو و ڕۆژ بەدوای مردووەکەوەن تا شەوی هەینی.

٥_ لە نەریتی کوردەواری دا وابـاوە ئـەو شـوینەی مـردووی لـێ شـۆرا بەشـەو تـا بەیانی تا پرسەکە تەواو دەبێ فانۆسێک یاخود گلۆپێک لەسەری‌دا ئەگیرسێنێ.

## دەستووری پرسە دانان:-

بەگشتی پرسە سێ ڕۆژەو لەهەندێ ناوچـەی کـوردەواری حـەوت یـاخود پێنـج ڕۆژ دەخایەنێ* و تادوو ساڵ تازیە نارەوێتەوە.

لەماوەی تازیەدا کەسی مردووەکە تا ئەم سـاڵانەی دوایـش نـاچن بـۆ هیـچ مـالێک مەگەر بۆ پرسە نەبێ. ئافرەت بەرگی ڕەش دەپۆشێو ڕێکەوت ئەگەر پاش ماویەکی تازیەکـە کچێکیـان بـەبووکی بگوێزرێتـەوە ئـەوە بـەجلکی ڕەش و بـێ دەنگی ئەیگوێزنەوە.

ئافرەتیش تـا چـەند سـالێک ڕۆژانی هـەینی سـەر لەقـەبری منالـەکانی یـاخود کەسەکەی دەدات.

## پرسە (تەعزێ):-

بەکشتی پرسەی کوردیو دەستوری پرسە دانان دوو جۆرە:

١. تەعزیەی پیاوان.

* پاش بەجێ هێنانی مەراسیمی شاردنەوە خەلکەکە تێکرا بۆ بـەردەم مالـە مردووەکە دەگرینـەوەو لەوێ مەلاو خەلکەکە چەند ئایەتیکی کـورت بەسـەرپێ وە دەخوینـن ئەگـەر مردووەکـەیان منـدل بیـت نانیک دینن ئەیخەنە پشتی باوکی منالەکە. شـایەنی باسـە لـە دەشـتی هـەولیر پیـاوانیش وەکو ژنـان جۆرە سەردولکەیەکی تایبەتی هەیە کە پیش چل سال لە ئارادا بووەو ئەلقەیان بـەپیوە دەبەسـت و بەگریانەوە (بابەڕۆ، براڕۆ، ئاغا ڕۆ) یـان دەکـرد. پیـاوان تـا حەفتەیەک ڕدیـن یـاخود ڕیـش ناتاشـن، تاماوەیەک خۆی ناشوات و جلو بەرگی ناگۆریت.

(پاش کوژانـەوەی شۆرشـی سمکۆی شـکاک _ سـوار چاکـەکانی بەسـەر گوندەکـاندا دابـەش بـوون و هەندیکیان لە گوندی (پیر ڕەش) ی دەشتی هەولێر بوون و شینیان دەکرد بە (بابە ڕۆ) و فەقیانە یان ئەنگوچکیان لە (خوم) دەنا (ئەم زانیاریەم لە (طارق جامباز) سالی ١٩٨٩ لەهەولێر وەرگرتووە.

٢. تەعزیەی ژنان.

١_ تەعزیەی پیاوان: پاش گەڕانەوەی پیاوان لەسەر قەبران، پیاوان دەست بەدانیشتن دەگەن ئەمەش چ لەماڵەوەدا بێ یاخود لەمزگەوتدا. جاران تەعزیەی پیاوان سێ ڕۆژ بووە بەڵام ئەمڕۆ لەشارەکاندا دوو ڕۆژە* مەلا بانگ ئەکرێ بۆ ئەوەی قورئان بخوێنێو خێر بەمردووەکە بگات. پاش هەر قورئانێک فاتحایەک ئەخوێندرێ* مەلا یاخود یەکێک لەناو تازیەکەدا هاوار دەکات (الفاتحه). لەتازیەی پیاواندا کەسوکاری مردووەکیە بەپێوە ڕائەوەستن و بەخێرهاتنی خەڵک دەکەن. بەڵام لەناوچەی بادینان پیاوان دادەنیشن و لەجێی خۆیان هەڵ ناستن. پاش دوو ڕۆژ یاخود سێ ڕۆژ لەلایەن هەندێ کەسو دۆست و برادەرانی تازێکەوە پیاوان لەمزگەوت هەڵ دەسێنن و ڕیشیان پێ دەتاشن. پاشان پیاوان ڕوو لەماڵەوە دەکەن و ئەو دۆست و ناسیاوانەی کەنەیانزانیوە دیدەنی ماڵەوەیان دەکەن. ئەم دانیشتن و بەسەر کردنەوە زۆرجار لەکوردەواریدا پتر لەچل ڕۆژ دەخایەنی[7] بەتایبەتی ئەوانەی ناودارین.

---

* زۆرجار دەڵێن دانانی تەعزیەی پیاوان لەفلان مزگەوتە یاخود لەفلان شوێنە بەمە خەڵکەکە ئەزانێ لەکوێ بۆی دانیشتن، لەکۆندا پیاوان سێ ڕۆژ لەمزگەوتدا دادەنیشتن و ئاوو چاوو قاوەی تاڵیان دەگێڕا، بەڵام لەمزگەوتەکانی شاری سلێمانی عەسران پیاوان دوو سەعات دادەنیشن ئاوو چا دەگێڕن، بەڵام لەلادێو شارەکاندا سێ ڕۆژ بۆ پیاوان دادەنیشن.

ئەم دەستورە بۆ یەکەم جار لەپرسەی ئەحمەد مەعرووف بابان پەیڕەو کرا کەجگەرەکانیان گەڕانەوەو بڕیار درا چاوو قاوە نەگێڕدرێ.

* لەناو تەعزیەکەدا چ تەعزیەی پیاوان یاخود ژنان بێ چەندەها ئامۆژگاری لەلایەن مەلاو بەساڵا چووەکان دەوترێ. وەکو:

(لاتدري نفس ماذا تكسب غدا ولاتدري نفس بأي أرض تموت)

واتە کەس نازانێ سبەی چی دەبیت و نازانی لەچ خاکێکدا دەمرێت یاخود: كل نفس ذائقة الموت.

(هەموو کەسێک ئەبێ مردن بچێژێ یا چارەنووسی مردنە).

یا:

(قبر حفر من حفرة النيران او حفرة من حفرة الجنان).

واتە: (گۆڕ چاڵێکە لەچاڵەکانە دۆزەخ یا چاڵێکە لەچاڵەکانی بەهەشت).

**یاخـــود:**

زعم الذين كفروا ان لن يبعثوا قل بلى وربي لتبعثن ثم لتبناؤنّ بما علمتم وذلك علي ا الله يسير.

واتە ناموسلمانەکان دەڵێن زیندوو بوونەوە نی‌یە خواش بەپێغەمبەر (د.خ) دەڵێت بلێ خودا زیندوتان دەکاتەوەو ئاگادارتان دەکات بەوەی کردووتانە ئەم ئایەت و ئامۆژگاریانە هەمووی بۆ دڵدانەوەی خاوەن تەعزیەکەو دانیشتوانی ناو تازیەکەیە کە خەڵکی لەقسەی پڕو پوچ دوور دەکەوێتەوەو هەموویان خێری گوێ گرتنیان لەقورئان و حەدیس دەست دەکەوێو دەرس و ئامۆژگاری لێ وەردەگرن.

# ٢- پرسە (تازیەی ژنان)

پرسەی ژنان لەماڵە مردووەکە ئەکرێت. هەموو ئافرەتانی دەورو پشتو کەسو کار لەوێ کۆئەبنەوەو شینو شەپۆڕو واوەیلاوو لەخۆدان دەست پێ ئەکات وشەو دەستەواژەی لەم جۆرانە لەزاریان نابڕێت کە بەپێی ناوچەکانی کوردەواری ئەوترێت وەک (ڕۆڵە ڕۆیە) و (هەی وای شێرە) و (زاوا ڕۆیە)، (کزەی جەرگم.....هتد).

چەند ساڵێک لەمەوبەر ژنان بۆ مردووی نزیکیان خۆیان لە قوڕ ئەپێواو قوڕیان بەناو چاوانیان ئەدا. بەشێوەیەکی وا دەمو چاوی خۆیان بریندار دەکرد کە خوێن بە ڕوومەتیان دەهاتە خوارەوە. ئەگەر مردووەکە لاو یاخود گەنج بێت ئەوە وێنەو جلە جوانەکانی دادەنێنو بەرامبەری شین دەکەن. لەتەعزیەی ژنان دا جگەرەو ئاو ئەکێڕن، ژنێکیش بەپارە ئەگرن کە بلاوێنێتەوە وەمەلایەکیش بانگ دەکرێ کەقورعان بخوێنێ بەپێی توانای ماڵە تەعزیەکە لە زۆر ماڵاندا بەتایبەتی (سلێمانی) واباوە (سێ ژن) بەپارە دەگیرێو دەفلێ دەدەنو فەرمودەی پێغەمبەرو مەدحی پێغەمبەر بەدەفەوە دەڵێن... پاش وەستانیان ژنان دەست دەکەنەوە بەشین و شەپۆڕو هەڵسان بەپیوەو یەکێک (زاوا ڕۆیە) یا (بوکێ ڕۆیە) دەکاتو ئەوانی تریش بۆی دەسێننەوەو یاخود (وەی وەی شێرە) من خۆم لەساڵی ١٩٨٧ دا لەیەکەم ڕۆژی نەورۆزدا ئەم دەستورەم بەجێ هێنا بەهۆی مردنی جوانە مەرگی خوشکمەوە (بدریە) ئاگر لەدڵو دەرونم هەڵدەستاو ئۆقرەم لەبەر برابوو، هەرچی دەهات، یا بۆ جوانە مەرگ شینی دەگێڕا یاخود بۆ مردووی خۆیو تازیەکە تازە دەبۆوە چەندەها شیعری جۆراو جۆری تایبەت بەمردوو دەوترا. ئێستا شینو لاوانەوەو پرسەدانان وا زۆر بووە کەم کەس پێویستی بە (لاوێنەر) هەیە.

لەشاری هەولێردا ئەم نەریتە دووجۆرە لە ماڵە هەولێریە کۆنەکاندا ئافرەتێک بانگ دەکەن کە قورعان بخوێنێو جار جاریش بەکوردی یاخود بەتورکی ئامۆژگاری خەلکەکە دەکاتو خەلکەکە لەبەر خۆیانەوە شین دەکەن.

بەلام جۆرەکەی تر لەلایەن ئەوانەوەیە کەلەگوندو شارۆچکەکانی هەولێرەوە هاتوونو نەریتی خێلیان تیاماوەو تازیەکە زۆر گەرم دەبێو لەخۆ دەدەنو قژ لێ دەکەنەوەو بەدەوری باسکیاندا قژەکان دەیبەستنەوەو پاش ڕۆژێک ژنێک بەمەقەس قژەکان دەبڕێو لەدەسو باسکی دەکەنەوە.

ــ لەناوچەی بادینان پرسە دانان وەکو شوێنەکانی تر نییە لێرەدا ژنان سەرو پرچی خۆیان ناڕنو خۆیان لەقوڕ ناگرن بەلکو هێمنانەو لەسەرخۆ دەگرین چونکە بەلایانەوە ئایینی ئیسلام ڕێگەی نەداوە سەرو پرچیان لەقوڕ بگرن.

ئەوەی جێی سەرنجە لەتازیەدا خزمی نزیکی مردووەکە (دایک ـ خوشک ـ پوورێ) شین دەکەنو قسەکانی مردووەکە دووبارە ئەلێنەوەو ئەوانی تریش لەسەرخۆ فرمێسک ئەڕێژن هەندێ جار دایک یا خوشکی مردووەکە دەنگی گریانی بەرز ئەبێتەوەو لەژووری پیاوانەوە باوک یاخود براکەی گریانەکەی بێدەنگ کردووەو وتویەتی ئەگەر تۆ ڕاست دەکەی تۆ دایکی ئەویو موسلمانیو خۆشت دەوێو وای بۆ ناکەیو فاتیحەی بۆ ئەخوێنی.

ئەگەر ئەمە دەستووری بادینانە لەناو زۆر لەهۆزو تیرەکانی کوردەواری ژنان پرچیان دەڕنەوەو لەباسکی خۆیان دەپێچن بەگشتی تازیەی ژنان سێ ڕۆژەو لەهەندێ شوێندا پێنج ڕۆژە یا حەوت ڕۆژە یا دە ڕۆژە، ڕۆژی سێیەم ژنان دەچن بۆ سەرقەبرانو لەوێ شینو شەپۆڕو لاوانەوە دەست پێ دەکاتەوەو مەلا قورئان دەخوێنێو ئامۆژگاری خەلکان دەکاتو باسی عەزابی قەبرو زیندوو بوونەوە دەکاتو خەکلەکە هەلدەسێنێو نایەلێ لەدوای مەلا کەسی مردووەکە بگرین چونکە گەورەیی قورعانو فەرموودەکان ناگات بە مردووەکە ئەگەر گریان. دوای سێ ڕۆژ یاخود حەوت ڕۆژ ژنان کە گەڕانەوە لەسەر قەبران حەلوا یاخود خورما بەسەر دراوسێیەکاندا دابەش دەکەن،.

ژنان هەموو هەفتەی جارێک یادووجار دەچنە سەر قەبران، زۆرجاریش دایکی مردووەکە هەموو ڕۆژێک تاچلەسەر لەمردووەکە دەدات.

لە کوردەواریدا وابارە بەپێی دەست ڕۆیشتووی مالە مردووەکە تا سالێک یاخود ئەگەر هەژار بێ تا چلەی ئێواران خواردن بۆ مالە هەژارێ یا مەزگەوت بە خێری مردووەکە دەنێرێ. لەچلەیدا دووبارە بۆ مردووەکە دادەنیشنو شین و

لاوانەوە دەست پێ دەکا بەڵام دەربارەی پرسە گرتنیش کەسو کاری مردووەکە لەساڵێکەوە تا دووساڵ هەندێ هۆزیش تا پێنج ساڵ جلکی ڕەش لەبەر دەکەن ژنانیش لەو ماوەیەدا زێڕو خشڵدا ئەکەنن* لەناوچەی بادینان تەعزیەدار جلکی ڕەش لەبەر ناکەن بەڵکو شین لەبەر دەکەن.

## چۆنیەتی ئامادەکردنی خواردن لە ماڵە مردوودا :-

لەکوردەواریدا بەگشتی واباوە کە بۆ ماڵە تازیە زۆر کەس لەگەڵ خۆیاندا ڕۆن، برنج، شەکر، دۆشاوی تەماتە یاخود چا کارێکە لەگەڵ خۆیاندا دەبەن، هەندێکیش پارە بەساحێب مردووەکە دەدات.. زۆر جار یەکێک لەکەسانی مردووەکە ناوی ئەوانە دەنووسن کە ئەم شتانەو پارەیەی داوەو هێناویانە.

ئەوەی کەجێی سەرنجە دانیشتوانی کۆیەو بادینانو تارادەیەک هەولێرو خۆشناوەتیوگەلێ شوێنی تر ئەوەیە کە تازیەدار خۆیان خواردن دروست ناکەن، بەڵکو لەماڵە دراوسێکانیانەوە بۆیان دێننو ئەمە لەسێ ڕۆژەوە تاحەفتەیەک دەخایەنێو ماڵەمردوو مەنجەڵ ناخەنە سەر ئاگرو خواردن دروست ناکات، (لەبەر ئەوەی خاوەن مردوو جگەر سووتاوو دڵ بریندارو بەخەمن) ئەوەی لە شاری کۆیەدا ڕەچاو دەکرێ ئەوەیە کە لەم شوێنەدا مەراسیم یاخود دابی سفرە بردن هەیەو جۆرە دەستەواییەک لە بەینی دانیشتوانی شاری کۆیەدا هەیە کە پێی دەڵێن (سفرە بردنەوە) واتە هەر ماڵێک مردووی لێ مرد هەتا هەفتەیەک سفرەیان بۆ دەچێنەوە.

## سـفرە :-

بریتی یە لەسینی یەک کە ڕازابێتەوە بە دوو بەلەم قەلایەچن کراو بەپلاو برنجو یەک مەنجەڵ شلە (ترش) لەگەڵ دوونان هەر نانێکیش دەکرێ بەدووپارچە، پارچەیێکیان لەژێر بەلەمە برنجەکەو ئەوی تریش لەسەر بەلەمەکە دادەنێن. هەر ماڵێک ئەو سینیەی تێدا بەو جۆرەی سەرەوە دەرازێنییەوە، یەکێک لەکەسی ماڵەکە

---

* لە دەشتی هەولێر واباوە کە ژنان ئەگەر تازیەیان هەبێ، نابێ بریشکە بخۆنو شتومەکی سپیو ڕەنگاو ڕەنگ لەبەربکەن، هەروەها بازنەی زێڕو زیویش لە دەستیان دائەکەنن.

دەچێ لەناو تازیەکەدا دادەنیشێو نان دەخوات. یان پیاوی ماڵە خاوەن سفرەکە دەچێتە ناو پیاوانو لەگەڵیان نان دەخوات هەروەک وتمان کەسی نزیکی مردووەکە تەرخان کراوە بۆ ئەوانەی کە سفرە دێننو یەک لەدوای یەک وەری دەگرنو یەکێکیش قەڵەمی بەدەستەوەیە ناوی ئەو ماڵانە دەنووسێ کەسفرەیان بۆ ناردووە ئەمەش لەبەر دوو هۆ:

١_ وەک وتراوە: (شینو شایی دەستەوایی) وە بۆ ڕۆژی خۆی بەشداری ئەم ماڵەی لەشینو خۆشیدا کردووە.

٢_ تاکو بیریان نەچێت چ ماڵێک سفرەی ناردووە تاکو سفرەو سنییەکە بۆ ماڵەکە بنێرنەوە. بەگشتی ژمارەی ئەو سینیو سفرانەی کەدەنێرن بۆ ماڵی مردوو بەپێی دەستەوایی ئەو ماڵە مردووە دەگۆڕێ.

هەروەها لەم شارەدا بۆ ژەمی ئێوارەش دیسان ژمارەیەکی زۆر سفرە دێتەوەو سفرەی ئێوارانیش لەپێش بانگی (مەغریب) زۆرجار سفرە خۆی ئەدا لەسەد سفرە یان زیاتر بەم جۆرە ماڵە مردوو لەکۆیەو شوێنانی کەباسمان کرد پارە سەرف ناکەن.

بەڵام لەشاری سلێمانیدا ئەوەندەی کەئاگاداربم کەس سفرە نابات بۆ ماڵە مردووەکە بەڵکو ماڵە مردووەکە لەگەڵ ئەوەی کۆستێکی گەورەی لێ دەکەوێ، دەکەوێتە ژێر باڵی قەرزیشەوە ئەوەش ئەوەیە کەئەو سێ ڕۆژەی تازە ماڵی مردووەکە بەهەلاکەت دەچن.

* لەماڵە مردووەکە کەسی مردووەکە یادراوسێیەک یا ئافرەتێ بەپارە دەگیرێو چێشت لێ دەنێن. چێشت کردن لەسلێمانی بەپێی دارایی‌و دەستڕۆیی خاوەن مردووەکەیە ئەگەر دەوڵەمەندبن خواردنو خواردەمەنی چاک دروست دەکرێ بەتایبەتی نیوەڕوانو ئێوارانو ئافرەت گرتن بۆ لاوانەوەش بەپارەیە، مەلا بەپارەیەو

* لەهەندێ گوندی سەر بەشاری هەولێر (شێوە غەریبە) هەیەکەیەکێک لەناودارانی گوندەکە خواردن بۆ کەسو کاری مردووەکەو ئەوانەی مردووەکەیان بەخاک سپاردووە دروست دەکەن.

خەتم کردنی سێ ڕۆژەش بۆ مردووەکە هەر بەپارەیە. کەواتە، ڕاستان وتووە (ماڵە مردوو سەریشی نەڕواو ماڵیشی).

## کارتێکردنی ئاینی ئیسلام بەداب و نەریتی پرسەو پرسەگردا :-

گومان لەوە دانی‌یە کەئاینی ئیسلام شۆڕشێکی گەورەی بەسەر دابونەریت بووەو بۆتە هۆی گۆڕانی زۆر لایەنی ژیان چ لەڕووی ڕامیاری، ئابووری، کۆمەڵایەتی یاخود ئاینی بێ.

ئەوەی کەجێی سەرنجە لەئاینی ئیسلامدا ئەوە ڕوون بۆتەوە کەئیسلام لەخۆدانو قوڕ پێوانی قەدەغە کردووە بەڵام لاوانەوەی قەدەغە نەکردووە، هەروەک دکتۆر عەبدولحەلیم حەنەفی دەڵێ (ئیسلام نەهی لەخۆدانو قوڕ پیوانی کردووە بەڵام لەو قسانەی کەبەسەر مردووەکەدا ئەکرێ چ بەشێوەی شیعر وتن بێ یاخود پەخشان نەهی نەکردووەو هەروەها ئەوەی ڕوون کردۆتەوەو کە:-

لاوانەوە بەشێوەی سەرزاری وتنی بەهونەرێک لەئەدەبی میللی دادەنێو دەڵێ ئەمە دیاردەیەکی کۆمەڵایەتیو مێژوویی‌یەو لەئەنجامی هەڵویستێکی ناخۆشی پڕ دروست دەبێو مەبەستی دانانی تەعزیەش هانی خەڵکو کەسو کار دەدات کەیادی ئێشو ئازارو گریان بکاتەوە.

## بەشەکانی شینو لاوانەوە

هەر لەکۆنەوە لاوانەوە کراوە بەدوو بەشی سەرەکی‌یەوە:-

**١_ لاوانەوەی تایبەتی.**

**٢_ لاوانەوەی گشتی.**

١_ لاوانەوەی تایبەتی ئەم جۆرە لاوانەوەیە نزیکترین کەسی مردووەکە ئەگرێتەوە. وەک کەسانی خێزان باوک، دایک، خوشک، برا، منداڵ، هاوڕێو خزمو

کەسوکار، هۆزو تیرە. ئەمەش گەورەترین بەشی لاوانەوەی کۆمەلایەتی‌یە[1].

ئەم جۆرە لاوانەوەیە یەکەم جۆرە کەمرۆڤ سۆزو هەستی خۆی بەهۆی پەیوەندیەکانی بەهێزی خوێنو گیانی دەربڕی، لێرەدا چارەنووسی کەسانی خێزان یەک بەدوای ئەوی ترەوەیە بەهۆی خۆشەویستی‌و سۆزێکی کاریگەرۆ هۆگریاندا لەژیان بەیەکەوە بەستراوە.

ئەم جۆرە لاوانەوەیە یەکەم لەئەدەبی فۆکلۆری‌و پاشان ئەدەبی نووسراودا گرنگی پێ دراوە.

لەم بەشەدا هەوڵ ئەدەین لەلاوانەوی تایبەتی فولکلۆر بدوێینو پاشان شیعری شینو لاوانەوە لەبەرهەمی شاعیران بەپێی جیاکانی‌و مێژووی سەرهەڵدانی بکەین (بەشی دووەم).

## جۆرەکانی شینو لاوانەوەی فۆلکلۆری کوردی:-

جۆرەکانی شینو لاوانەوە (سەردولکە)* کەبەئاوازێکی دڵتەزێنەوە دەگوترێ بەگشتی‌ی شینی پیاوانو شینی ژنان ئەم جۆرانەی خوارەوە دەگرێتەوە.

١_ شینی بووکانە بووکانە (بووکانە ڕۆ بووکێ).

٢_ شینی مەمکی نازداری.

٣_ شینی قۆشەن.

٤_ شینی دیوانی‌و دیوەخانی.

٥_ شینی شانەشین.

٦_ شینی هیری هیری.

٧_ شینی سەیدەم.

٨_ شینی قەڵغانو شمشێر.

هەواڵنامەی کتێب

---

[1] الرثاء – سلسلة فنون الادب العربی – بأشراف الدکتور شوقي حنیف، ص١٧.

* جگە لەم جۆرە شینانە جۆرە شینێکی تر هەیە کەتایبەتن بەشەڕو ڕووداوی بوومەلەرزەو لافاوو گوندتێکدانو گرتنو زیندانو سوتاندنی ماڵو ئەنفالو دوورخستنەوەو کۆڕەوی‌و ئاگربەربوون لەخەرمان.

٩_ شینی لاوژۆیانو لاوژۆکە.

١٠_ شینی کەوەکم دەوێ.

١١- شینی کۆمەڵ.

١٢_ شینی لۆم برینە شاهی ماری.

١٣_ شینی وای وای واوەیلێ.

١٤_ شینی کەسم نەما.

١٥_ شینی ڕۆڵە ڕۆ ( بۆ منالان).

١٦_ شینی هەی ڕۆ، هەی ڕۆ ڕۆ لەگەرمیان زیاتر.

١٧_ شینی های مەمۆ.

١٨_ شینی کابانی لاڕێ لاڕێ.

١٩_ ئاغام ڕۆ وەی ڕۆ گیانم ڕۆ وەی ڕۆ (لەناو جافەکان).

٢٠_ هەی وا هەی وا واشیرە (لەگەرمیاندا).

هەواڵنامەی کتێب

# شینی تایبەتی

## شینی ژنان

١_ شیوەنی دایک خۆبەخۆی بەنەمانی نزیکترین کەسی کەجگەر گۆشەکان و مێردو کەسو کاری بوون ئەم جۆرە شینە بەناوی (شینی کەسم نەما) کەدەڵێن:-

کەسم نەما کەسی کەسان
کەسم نەما لەمەجلیسان
کەسم نەما بکا قسان

٢_ شیوەن بۆ منداڵ.
٣_ شیوەن بۆ باوک.
٤_ شیوەن بۆ دایک.
٥_ شیوەن بۆ برا، خوشکو کیژی گەنج.
٦_شیوەن بۆ هاورێ.
٧_ شیوەن بۆ ژنی جوامێر.
٨_ شیوەن بۆ غەریبی.

هەواڵنامەی کتێب

**٢- شیوەنی دایک بۆ منداڵەکەی.**

منداڵ لای دایکو باوک کۆرپەیەکی بەنازو خۆشەویستە، فریشتەی ناو ماڵەو هێلانەی خۆشیو بەختەوەری نێوان خێزانە. دایکو باوک کە جگەر گۆشەی نەخۆش ئەکەوێ لێی دوور ئەکەوێتەوە کەمو کورپەکی ئەبێ بەمە دڵ گران ئەبێو جەرگی وەک کەباب ئاسایی لێ دێ.

دایک حەز دەکات هەموو خۆشی خۆی لەخۆشی منداڵەکانیدا بتوێنێتەوە، گەرماو ساردی ژیانی لەخۆشی منداڵەکانیدا ئەبینێ. هەمیشە دەستی بەنازی بەمنداڵەوەیە خزمەتو پەروەردەی ئەکاتو نازو نیعمەتی ئەکێشێ، بەلام ئەگەر لەپڕ ئەو منداڵە

لەباوەشی دایکی جیا بۆوە دایک خەم دای ئەگرێو خەمبار ئەبێ و هەموو هەستو ئارەزووەکانیو هیواو یادگارەکانی بەفرمێسک بۆ رۆڵەکەی دەر ئەبڕێو فرمێسکی بەکوڵ، بەدەنگێکی بەسۆز ئەلاوێنێتەوە، بەتایبەتی کاتێ کە دەزانێ جێگەی چۆڵ ئەبێتو مردنەکە ئەبێتە چاوگی ناسۆرو ژان بۆ کەسو کاری بۆیە دەڵێ:

کۆچی دواییت کرد رۆڵەی داماوم
روناکی دڵو هێزو هەناوم

منیش لە دوای تۆ هەتاکو ماوم
نابێ وشکی کەم فرمێسکی چاوم[1]

هەواڵنامەی کتێب

مردووەکەش کاتێ دایکی ئەبینێت بەکوڵ بۆ جگەرەکەی دەگری لەسەر زاری لاوێنەوە بەدایکی ئەڵێ:

دایە گیان مەگری مەم لاوێنەوە
ئەگەرچی مردن داخی گرانە
نزایە بکە بپارێرەوە
چونکە ئەم شوێنە بۆ هەمووانە

ئەمە لەلایەک لەلایەکی ترەوە مردووەکە پەستو پەشۆکاوە بەتایبەتی کەباوکو دایکی بەم شێوەیە ئەبینێت وەک جیهانی بەسەرا رمابێت، رووی دەمی تێ ئەکاو ئەڵێ:
بابە من هیوای تۆ بووم پێ بگەم
تا ئەرکی سەرشانت تۆزێ سووک بکەم

[1] هیوا عمر _ هۆنراوەی فۆلکلۆری لاوانەوە _ هاوکاری، بەغدا ١٩٧٩

یاخود لەناوچەی خانەقین کاتێ کەژنێک منالی ئەمرێ بەم شێوەیە کۆرپەکەی ئەلاوێنێتەوە*

پۆلە خودا نەکرد بەو وەگیاند بود
هەزاری وەک دایکد وەقورباند بود

پۆلە خودا نەکەد گل وەباند بود
لەژێر ئەو گلە گول سەیواند بود

پۆلە (مەگێلیا) هەردەوە هەردە
ویتەی ئاهووان وێلە گوم کەردە

پۆلە دەرددت بکەوت لە خوەم چون قەسلیوە
وەکو چاو گل کەران گر بخوەم وەپێوەد

پۆلە مەچوو مەچوو تلبکەم وەپید
مەمک ووشکم تلبدەم وەپید

پۆلە من چەوەتم توچە شنە وەتی
شەقە دای لەبال لەلیم دویر کەفتی

ئاسکە زەرینە مل وەزەرەوە
پولە چوین قەرار دگرد لەژێر بەرەوە

هەواڵنامەی کتێب

* ئەم لاوانەوەی تایبەت بەناوچەی خانەقین لەزاری (لەیلا خانی کچی ساڵحی بەیرامم) وەرگرتووە. تەمەنی (٨٠) ساڵەو لە گەڕەکی (حي البعث) ساڵی (١٩٨٠) لەزاری وەرگرتووە.

ڕۆڵە لاوە لاوە تەواو بکەم هامە لاتەوە
فریشتەی خەیران هاوەڵاتەوە

یاخود لەکاتی کفن کردنی منداڵەکە وەپێش ئەوەی بیبەن بۆ سەر قەبران دایک ئەلاوێنێتەوە ڕوو ئەکاتە منداڵەکەی و پێی ئەڵێ:ـ

مەچوو مەچوو ڕۆڵە تاگل بکردام
وورده رازا نەگەی دایگد ئەراد بکردام

ڕۆڵەناکامم، ڕۆڵەی تێر لە دنیا نەخواردیم
ڕۆڵەی عەزیزم

ڕۆڵە مەچوو وەناو ئەو تەورە، ئەو تەورە تەنگە
کوڕ مەردم کە نیەی وەزەردە خەنە

ڕۆڵە لەدەردا بەوپێم بێژە دایە
ڕەنج چەند ساڵەم مەدە وەزایە

ڕۆڵە بەدبەختی بەختم پەخشەن لەعالەم
سەبر بی جەخت مەیو لە تاڵەم

ڕۆڵە تۆ لەدەردا بەو خاتر بکەم شای
خەم بەد بەختی دایک بێمەی وەبای

یا لە دوای هەفتەی ژنان ڕوو ئەکەنە سەر قەبرانو دایکی منداڵەکە دەست ئەکات بەگریان..

ڕۆڵە ئەم شەو چەن شەوە مار لەجێگام بود
نەخۆد پەلامارد بوو، نەویم ڕاگەم بود

دوای ئەوە ژنان بەدایکی منداڵەکە ئەڵێن کە گریان کەم کاتەوە دایکە لەم کاتەدا ئەڵێ:_

مەگیر مەگیر گیریاند بەسە
بادایکی بەد بەختد بگیر حەقی بەدەستە

ئەمەش لاوانەوەیەکە بۆ یەکێک لەمنداڵەکان :

ڕێ یە باریکەی لۆ کۆیە دەچێ
دەستو جانتاکەی لە (فلان) دەچێ

ڕێ یە باریکەی لۆ بەغدا دەچێ
بەژنە جوانەکەی لە فلان دەچێ

کۆکە کۆکە
هەی کۆکە کۆکە ئەو کوڕە چەند کۆکە
شەروارەی شینە شارەی دەسرۆکە
دەستی دا برنۆی دای دەنا چۆکە

هەی لاوە لاوە ئەوکوڕە چەند لاوە
برینی گران بوو نەی کرد سراوە
ڕانکو چۆغەری لێ بەجێ ماوە

---

* لە (ئامینە) وەرگیراوە _ تەمەنی (٨٧) ساڵە _ خەڵکی کۆیە.



هەواڵنامەی کتێب

هەی شەڕە شەڕە شەڕە لەبەر ماران
چریکەی کوردان دێ وەک شاهی ماران
دەرێن کوژرایە خوارزایێ خاران

هەی شەڕە شەڕە شەڕە شەڕ لە قەراجی
دەنگی تۆپان دێ لە چیای باواجی
برینی ئەو لاوەی نەکرا علاجی

هەی شەڕە شەڕە شەڕە لەبن بەردی
ئەو شێرە کوژرا ڕۆژ لەسەر زەردی
کوڕێ دزەییان کردیان نامەردی

عەوالنامەی کتێب

## شیوەن بۆ باوک :

خۆشەویستی باوک لە ناو خێزاندا شوێنێکی دیاری هەیە، بەسەرۆکو سەرپەرشت کەری ماڵ دائەنرێ، قەڵای ماڵە.. هۆ گری ژنو مێرد و پێکەوە ژیانیانو دلسۆزیان جوانترین وێنەی بەختەوەرێیە بەمردنی پیاو قەڵای ماڵەکە ئەروخێ، منالان ڕەنگیان ئەبزرکێ، گەورەترین بۆشایی لەماڵا دروست دەکات لەبەر ئەمە کە دەمرێ گەورەترین شینیشی بۆ دەکرێ. وەک لەم لاوانەوەیەدا دیارە:_

بەناوی (کەسم نەما) یە ئەم جۆرە شینە بەزۆری لەناو ژناندا بەم جۆرە ڕوو دەدات کاتێ کۆمەڵە ژن لەدەرەوە ڕوو دەکەنە ناو تازیەکەو ژنێکی بەتەمەن پێشیان دەکەوێ پێی دەڵێن (ئەختیارە ژن) کە دەگەنە ناو حەوشەی ماڵەکە دەست بەجێو بەیەکەوە هاوار دەکەنو دەگرین.

کەسم نەما کێ شین کەرە
ترسم نەما بێتە دەرە

لەم کاتەدا دوو سێ ژنی کەسی مردووەکە ڕووبەڕوویان دەڕۆنو شین گەرم دەکەن لەیەکتری وەردەگرنەوە بۆ یەکتری دەڵێنەوەو لە خۆ دەدەن:_

کەسم نەما کەسی کەسان
کەسم نەما لە مەجلیسان
کەسم نەما بکات قسان

کەسم نەما ماڵ بێ ماخۆ
کەسم نەما مشکیو زاخۆ
کەسم نەما بەسەری خۆ
کەسم نەما لۆ سەری خۆ
کەسم نەما هەیرۆ هەیرۆ

کەسم نەما لەوێ بەری
کەسم نەما سوار پەری

کەسم نەما عەشیرەتێ
کەسم نەما کەلەگەتێ[1]

ئەگەر هاتو مردووەکە گەورەی ماڵ بوو وەژنو منداڵی لەپاش بەجێ مابوو. بەم جۆرەی خوارەوە هەندێ جار دەیلاوێننەوە:-

[1] بروانە: ڕۆشنبیری نوێ ژ. ١٠٣_١٠٤ ل ٢٦٠_ ٢٦١

هەواڵنامەی کتێب

هەی ڕۆ هەی ڕۆ هەی ڕۆ
بۆ سەرداری ماڵێم ڕۆ
بۆ بابی منداڵانم ڕۆ
بۆ گەورەی ماڵێم ڕۆ
بۆ منداڵی بێ بابم ڕۆ
بۆ مەڕی بێ شوانم ڕۆ
بۆ جووتی بێ جوتێرم ڕۆ
بۆ کۆلەکەی نێو ماڵم ڕۆ
بۆ بێ کەسیکەی خۆم ڕۆ
بۆ ڕیش سپی ئاوەدانیم ڕۆ
بۆ پیاوی نێو پیاوانم ڕۆ
هەی ڕۆ   هەی ڕۆ   هەی ڕۆ

هەواڵنامەی کتێب

**نمونەیەکی تر :-**

| | |
|---|---|
| بەم بەهارە | وای وای وا وەیلێ |
| شێرە قەهارە | وای وای وا وەیلێ |
| بەم پایزە | وای وای وا وەیلێ |
| شێرە عەزیزە | وای وای وا وەیلێ |
| نرکەی نەوی، کەوتە زەوی | وای وای وا وەیلێ |
| هەی لاوی هەی لاو کوڕە زەردەلاو | وای وای وا وەیلێ |
| بردیان بەتاو | وای وای وا وەیلێ |
| نایان لەچاو | وای وای وا وەیلێ |
| بەم هاوینە | وای وای وا وەیلێ |
| وەعدی شینە | وای وای وا وەیلێ |
| تەقەی لانک | وای وای وا وەیلێ |

کورِ بێ باوک — وای وای وا وەیلێ
نەرم نەرم — وای وای وا وەیلێ
مەیکە شەرم — وای وای وا وەیلێ
هەر نەمردیە — وای وای وا وەیلێ
جوانە رِۆیە — وای وای وا وەیلێ

بەلام ئەگەر پیاوێک خاوەنی دیوەخان واتە زیاتر ناودار و شینەکەی زیاتر گەرمو بەگورِ دەبێ. لەم جۆرە شینانەدا دەتوانین دەست نیشانی چۆنیەتی سەردولکەی ئەم جۆرە شینە بکەین.

کۆمەلێکی زۆر هەلدەستن چوار یان پێنج لەناو شینەکە دائیرەیەک دەبەستن ئینجا بەلایەک دەسورِێنەوە هەنگاو دەنێن بەلام بەهێواش بەسنگو دەمو چاویانو لەسەریان دەدەن یەکێک لەوانەی کە لە دەوریان راوەستاوە کەسی مردووەکە بەلام نزیک نیە بۆیانو دەیلێ ئەوانیش بەیارمەتی ئەو کۆمەلەی کە راوەستاونو ئەوانەی شینەکە دەکەن دەی گێرنەوە وەبەنۆرە ناو ناوە یەکێک دەردەهێنن ئەگەر هیلاک بوو یەکێکی تر دەچێتە جێگای وە دوایش بەدانیشتنەوە دیسان شین دەکەن دوایی یەکێکی لێ هاتووی پیر دەیان وەستێنێ و نەسیحەتیان دەکات دەلێ رِۆلە گوناهە بۆ وادەکەن خوا پێی ناخۆشە وە فاتحە دا دەدات.

ئەگەر باوک پیاوێکی گەورەی لێ هاتوو بێ سەردولکەی دیوانێ و دیوەخانی بۆ دەلێن وەک:ـ

دیوانێو دیوە خانێ
دیوانێو دیوا خانێ کۆر بم ئاغا دیوانێ
دیوە خانێ برِشێتن
ئاغای تێدا بنوێتن
دیوانێو دیوە خانێ نەمان ئاغای دیوانێ

دیوە خانێ لەکەندێ
نەما ئاغاو ئەفەندێ[1]

## شین بۆ پیاوان :

هەشەرە شەرە شەرە لەماوەتێ
لەشکری دزەییان گەییە کۆسرەتێ
کاکم کوژرایە لە عەشیرەتێ
عێلی دزەییان کەلەی کەتێ

× × ×

ڕێی ئەو گوندەم پانو بەرینە
قەمەرەی کاکم شینی غەمرینە
دوژمنی نامەرد لێی دانیشتینە
علاجی نیە دەستان هەرینە
بێ غیرەت نەبوو خودا نەی هێتە

× × ×

هەی نایێ نایێ کاکی خۆم نایێ
بەقەمەرەوە بازۆ سەرایێ
مەیتی وی کەتیە وا لەسەحرایێ
عەشیرەت دوورە لە هانای نایێ

× × ×

لە ماران ڕاهات کاکە بەکزی
چەنازەی چەقاند لە سبلەی ڕەزی
توخوا مەیکوژن کوڕێ (مامزی)*

---

[1] ئەم شینەم لەزاری عیسمەت عەبدول قادر وەرگرتووە _ تەمەنی (٤٥) ساڵە، خەڵکی کۆیەیە لەگەرەکی سەرباخ دادەنیشێ و نەخویندەوارە.
* مامز _ ناوی ئافرەتێکە.



هەواڵنامەی کتێب

هەی شەڕە شەڕە شەڕە لەکەر کێیە
ئەو کوڕە کوردە مل بە زرێیە
توخوا مەیکوژن دایکی چاوی لێیە

## شین بۆ کوڕو لاوی گەنج:

کوڕی گەنج: کاتێ کە کوڕێکی گەنج دەمرێ شیوەن وشینو گریانێکی بە کوڵو بە سۆزی بۆ دەکەنێ وەخزمو کەسو کاری بێ بەزەییانە لەخۆیان دەدەنو هاوار دەکەن. ئەم جۆرەشینە لە (٣_٦) ڕۆژ دەخایەنێ لەگەڵ لەخۆدانیاندا قوڕو گڵ ئەکەن بەسەر خویاندا وە قژیان دەردێنن, هەروەها گەلێ جار براو ئامۆزای مردووەکەش لە خۆیان دەدەنو گڵ و قوڕ ئەکەن بەسەریاندا وەکو ژنەکان, هاوار دەکەن (برا ڕۆ برا ڕۆ) وەلە شین کردن بەم جۆرە بەسەر کوڕی گەنج دا هەڵ دەدەن, پیاهەڵدانیش هەر وەکو وتمان زۆر جۆری هەیە بەگوێرەی ئەو ئاکامانەی کە کوڕەکە تیای هەلکەوتووە لە سوار چاکیو ڕاوچیەتیو دەستو تفەنگو خوێندنو پلەو پایەو....هتد.

### ئەمەش جۆرێکە لە پیاهەڵدانی کوڕی گەنج:-

هاتوو گەییە هەولێرێ
پەیدابوو لە هەولێرێ
بەژنت داری کنێرێ
ڕەبی کارت بە خێرێ
هاتوو گەییە کەرکوکێ
پەیدابوو لە کەرکوکێ
ڕوومەت پەنکی کرووکێ
(فلان) سواری پێش بووکێ
هاتوو گەییە بەغدایێ
پەیدابوو لە بەغدایێ
لرفە لرفی تارایێ
دوورە قاقەزی نایێ
هاتوو گەییە ڕەواندزێ
پەیدابوو لە ڕەواندزێ
ڕوومەت پەلکی نێرگزێ
(فلان) کاکەی مامزێ*

* هەمینە احمد_ تەمەنی٦٥ ساڵە_ هەولێر _ گەڕەکی ڕوناکی.



هەواڵنامەی کتێب

**بنە فشا ناری**

هەی لوری، لوری کوڕی من لوری
هەی داوو داوو، جەمبەلی داوو
تابیتا جەمبەلی، ل بن دارا بێ بادێ

**داوو**

هەی داوو داوو، شیوالی داوو
هەی لوری لوری، جەمبەلی بێ من لوری
دێ تابیتا جەمبەلی بێ خوە بدەم زوزانێ
ژووری، هەی لایێ لایێ، لاندکا من لایێ
ئەز دێ دەست بلوبنکا پیا شدینم
یا دەستا هێلم نەکری
ئەز دێ قەستا عزیزێ دلی خوکەم
ئەز دێ برین دلی وی دەرمانکم

هەواڵنامەی کتێب

**کەوەکەم دەوێ:**

ئەم جۆرە گریانە تایبەتـە بەکوڕانی گەنجـەوە کـە هێشتا ژنیـان نـەهێناوە یـان دەستگیران داربێ یاخود خێری لـە دونیـا نـەدیبێ، بـەڵام وەک خـۆم بەشداریم لـە شینو لاوانەوەی ناو ژنانی هەولێردا کردووە ئەم شـینەیان بـۆ پیـاوێکی نـاو داریـش وتووەو دەنگ و ئاوازی شینەکەش لەگەڵ مردووەکەدا و ژناندا گونجاوە:

**بۆ نمونە:-**

کەوەکەم دەوێ کە دانی سوورە
یارەکەم دەوێ بەتام و تورە
× ×

کەوەکەم دەوێ لەوان کە دانێ
یارەکەم دەوێ لەوان جیرانێ
× ×
کەوەکم دەوێ کەوێ شکستی
دەستە لەتیران لێکدا ببەستی
یارەکەم دەوێ کەس رووی نەکەسی*

## لاوژە یان لاوژۆکە :

مامۆستا (عومەر ئیبراهیم) دەڵێ: ئەم جۆرە گریانە تایبەتە بە پیاوانی هەژارو ڕووتو کرێکارو جوتیارو برژاوی ئیشە. بە پێچەوانەی دیوە خانێو شانە شینە، چونکە بۆ دەولەمەندو دەست ڕۆیشتوانە کەچی لاوژە (وەکو گوتمان بۆ هەژارانە) ڕاستی یەکە هەر وەکو لەم سالانەدا هەر ئەوەی بیناسمو گوێم لێ بێت لە هەولێردا چوومەتە ناو شینی ژنانەوە بەنیازی هاوبەشی کردنم لە گەڵیاندا، دووەم لەبەر نووسینەوەی تایبەتی ئەم بەشانە. جا چەند جارێک هاوبەشی شینی گەورە پیاوانو ناودارانم کردووەو ئەم (لاوژە) ی تیاوترا. ئەتوانێ بوترێ ئەم لاوژە بۆ پیاوانە بەگشتی_ نەک هەژارو ڕووت و کرێکارو جوتیار:

### بۆ نمونە :-

لاوە، لە سەربانی
دەکوتێ دەرمانی
ئەشقەو کچێ مامی
لاوژە لە سەر توێ
دێ دەنگی تەمبورێ
ئەشقەولە کچێ پورێ
× ×

---

* ڕۆشنبیری نوێ _ ژ ۱۰۳ , ۱۰٤ _ ل۲٦٦.

لاوژە تومێ تومێ
بەژنت بێی جۆمێ
بەشەرت برای خۆمی
× ×
لاوژە لە بانانداا
بەكناری جوانانداا
یاری ملەك تێدا
تفەنگ لە كۆڵێ دا
نێچیر بە كرادێ دا
× ×
لاوژە ڕاژی ڕاژی
بەتولەو بە تاژی
یار بەبێ تو ناژی
× ×
لاوژە لاری لاری
وەكی دەچیە شاری
لێم برا دیاری
داكت بە بێت ناژی
× ×
لاوژە چووە ئاشی
نەی خوارد لەباراشی
× ×
لاوژە كە نەختێ
لە كێ بە دەركەتی
غەم بوو لە دوم كەتی
× ×

هەواڵنامەی كتێب

لاوژە لە ئاشی یە
بەزمانی توركی یە
بەكە دینی سپی یە
× ×
لاوژە كەوێ مۆرە
بەس برۆ بەنۆرە
تار لە دووَ تۆ زۆرە*
× ×
لاوژەی لاری لاری
لاوژۆكەم لاوە
بالیف كوركی ئەوی
لاوژۆكەم لاوە
لە كوێ دەنوێ شەوێ
لاوژۆكەم لاوە
بوكت بۆ دێتمەوێ
لاوژۆكەم لاوە

ئەمە شینو گریانە بۆ كوڕێك دەوترێ كە هێشتا ژنی نەهێنا بێ واتە گەنج بێت:-

وای وای وا وەیلێ
ئەو كوڕەجوانە وا وەیلێ
دەستو سەعاتی وا یلێ
وای وای وا وەیلێ
ڕانكو چۆغەری وا وەیلێ
وای وای وا وەیلێ
دەستو حەلقەی وا وەیلێ
وای وای وا وەیلێ

* ڕۆشنبیری نوێ ل٢٦٣ _ ٢٦٤

## ئەمەش جۆرێکە لە شینو لاوانەوە بۆگەنج و لاوەکان :-

به قوربانت بم رۆڵه — لای لایه لای لایه
ئەوجا بەکێ بلێم رۆڵه — لای لایه لای لایه
کوریەکەم لای لایه — لای لایه لای لایه
به قوربانی ماڵی چۆلت بم — لای لایه لای لایه
به قوربانی بەژنو باڵات بم — لای لایه لای لایه

## ئەمەش نموونەی لاوژەیە : -

لاوە لەسەر بانی
دەکوتێ دەرمانی
ئەشقەو لە کچی مامێ
لاوژە لەسەر شوری
دێ دەنگی تەمبوری
ئەشقەو لە کچێ پورێ
لاوژە تۆمی تۆمی
بەژنت جۆمنی
بە شەرت برای خۆمی

## نمونەیەکی تری لاوژە : (سەردولکەی لاوژۆکەم لاوە)*

لاوژۆکە لاوژۆکە لاوژۆکە لاوە
لاوژۆکە لاوژۆکە کورەم بێ چاوە

* ئەم سەر دولکەیە چەند ئافرەتێ یاخود خزمی مردووەکە یانی ژنی لاوە مردووەکە ئەیڵێ و ئەوانی تر بۆی دەسەننەوە, شینەکە بەپیوە دەکرێو ئافرەتان بەریکی و لە شیوەی بازنەیی ڕادەوەستن, چوار ژنیش لە ناوەراستی شینەکە لە خۆیان دەدەن. ژنیک یا دوو ژن بەندەکانی دەڵێنو ئەوانی تر دەگێرنەوە. ئەمەش بە زۆری لە ناوچەی دزەییان باوە وەک خوشکە (ئاواز ئەحمەد) بۆی ڕوون کردینەوە.

هەواڵنامەی کتێب

لاوژە لاژێ
لاوژە لاژێ
دۆت مام بێ تۆ ناژێ
لاوژۆکەم لاوە
لاوژەی لە سەر شووری
دێ دەنگی تەمبوری
ئەشقە لە کچە پووری
لاوژۆکەم لاوە
لاوژۆکەم لە کەندێ
تفەنگ لە گولمێ دا
دۆت مامت بەکێ دا
لاوژۆکەم لاوە
لاوژەی شەروارشین داخ*
قەت مەکێشە ئاخ
لەدووت دەبمە بەیداخ
لاوژۆکەم لاوە
لاوژەی لێرە لەوێ
بلیف کورکی کەوێ
لەکوێ دەنووی شەوێ
دۆت مام* دەیتە ئەوێ
لاوژۆکەم لاوە
لاوژەی لەسەریانی

* شین داخ: جۆرە قوماشێکی خەت خەتە, خەتەکانی ڕەنگیان شینە.
* دۆت مام: کچە مام بەکرمانجی ژووروو.

لۆت بکوتن دەرمانی
بنێین لە برینانی
ئاشق کچە جیرانی
لاوژۆ کەم لاوە
لاوژەی تۆمی تۆمی
دەڵێ ی سواری رۆمی
کوڕی پلکی خۆمی
لاوژۆکەم لاوە
لاوژەی لاری لاری
وەکی دەچیە شاری
خەنەی دێنی دیاری
لاوژۆکەم لاوە

## هەی ناربەند بۆ کوڕی گەنجو لاو دەوترێ :-

ئەو ناربەندەم هی کوڕە جووە
ناران لێدەن زوو بە زووە
لەشکر رۆیی سوار لە دووە
× ×
ئەو ناربەندەی لە قەراتێ
ناران لێدەن رۆژ هەراتێ
سوار رۆیی بووک نایگاتێ
× ×
ئەو ناربەندەی هی کوڕە کۆیی
ناران لێدەن هەشتو نۆیی

هەوالنامەی کتێب

بووکیان هێنا سوار ڕۆیی

× ×

ئەو ناریەندەم کوڕە کوردە
ناران لێدەن هوردە هوردە
سوار هاتن لەشکر گردە
هەی ناریەندە هەی ناریەندە

× ×

چیدی ناکەم ناریەندانێ
دەچمە سەرخمی ڕەشوانێ
لێدەن جلکی بووکە جوانێ
هەی ناریەندە هەی ناریەندە*

هەوڵنامەی کتێب

* ئاواز ئەحمەد دەڵێ: ئەم (هەی ناریەندە) لە خوالێخۆشبوو پلکە (مامز) ی قوڵتەپەیی گوێ لێ بووە تۆمارم کردووە، ئەم بەندەش هەر بۆ شینی بە پێوەیە بۆ مردووی گەنجە. بڕوانە کتێبی فولکلۆری کوردی ناوچەکانی دزەییاندا.. کۆ کردنەوەی (ئاواز ئەحمەد دزەیی)، ل٦٢.

## بۆ کچی گەنج

چۆن بۆ کوڕی گەنج شینو گریان دەکرێت، بۆ کچی گەنجیش شینو گریان دەکرێت. پیامەڵدا نەکەش بە گوێرەی لێ وەشاوەی کیژە دەبێ شینەکە گەرم دەبێ بە تایبەتی تازە بووک یا کیژێک بەهۆی نەخۆشیو کارەساتو بە ڕووداوێکی دڵتەزێن کۆچی دوایی کرد، ئەوە شینی گەرمی بۆ دەگێڕدرێ. وەک لەم نمونانە دەبینرێ:

١_ بووکانە بووکانە بووکێ
دایکی لە جلکانە بووکێ
ماری بێ کلبانە بووکێ
بووک هاتیە لەشاری بووکێ
دەستو پێ مرواری بووکێ
لۆ عارەب سواری بووکێ
ماینێ گێ کلچووکە بووکێ
سەر زینی کرووکە بووکێ
بووک تازە نوو بووکە بووکێ
دەستو دەستەوانە بووکێ
هەموو دایە کوڕانە بووکێ
هێشتا سەر گرانە بووکێ
دەستو هەنگوستیلە بووکێ
هەموو دا بەرتیلە بوکێ
دایکی ناقایلە بووکێ
هێ کراس گازر گازرە بووکێ
لە زگی بەردام ئاگرە بووکێ
نەختێک وەرە خوارترە بووکێ
هێ کراسو کەوێتە بووکی
لە بەژنی یارێتە بووکێ
چەند شیرینی لێ دینە بووکێ*

٢_ لەشاری سلێمانی دایکو کەسو کاری کیژەکە بەم جۆرە دەلاوێننەوە:

هەی ڕۆ هەی ڕۆ هەی ڕۆ
هۆ کیژە جوانەکەم ڕوی

* سەرچاوە: _ هەمینە احمد _تەمەن٦٥ _ساڵ - هەولێر_ گەرەکی ڕووناکی

عەوالنامەی کتێب

هۆ کیژە دەست ڕەنگینەکەم ڕۆ
هۆ کیژە جوانەکەم ڕۆ
هۆ کابانی دایکی خۆی ڕۆ
هەی ڕۆ هەی ڕۆ کچی جوانم ڕۆ
بووکی بێ دەزگیرانم ڕۆ
کچی خێر نەدیوم ڕۆ
کچی بێ مرادم ڕۆ
ئەنگوستیلەی دەستی دایە ڕۆ
هۆ بووکێ ڕۆ، هۆ کچی خۆم ڕۆ
بە قوربانی بەرو جیازی بەجێ ماوت بم
بە قوربانی بووکی بێ زاوا بم
بە قوربانی دەستو پەنجەکانت بم
بە قوربانی کابانی ماڵێ بم
بە قوربانی ئیشو کارەکانت بم
بە قوربانی تەونی دەستکردت بم
بەقوربانی مووروو و زەنگیانەکانت بم
بەقوربانی دەستەخوشکەکانت بم
بۆ مەڕ دۆشنی دەست ڕەنگینم ڕۆ
بۆ کابانی ماڵی بابی ڕۆ
بۆ برای بێ خوشکم ڕۆ
بۆ بابی بێ کچم ڕۆ
بۆ ماڵی بێ کابانم ڕۆ
هەی ڕۆ هەی ڕۆ کچە جوانەکەم ڕۆ*

هەواڵنامەی کتێب

* شینی (هەی ڕۆ هەی ڕۆ) لەبەر ئاوازی شینەکە بەکاردێنن و دووبارە کردنەوەی ئەو سیفەتو شتو کەرەستانەی کە ئافرەت یاخود کیژەکە خاوەنی بووە، وەک (کابانی ماڵێ، دەست ڕەنگینە، مووروو

٣_ نمونەیەکی تر لە پێدا هەڵدانی ئافرەتی گەنج یاخود ژنێک تازە مێردی کردبێ یان دوو سێ منداڵی لە پاش بەجێ مابێ، بە تایبەتی لە ناوچەی سلێمانی دا:

| | |
|---|---|
| وای وای وا وەیلێ | وای وای وا وەیلێ |
| دەبکەن لێ دەبکەن لێ | وای وای وا وەیلێ |
| هەرچی خوشکە دەمی وشکە | وای وای وا وەیلێ |
| دەست هەڵبڕن پرچ دەربێتن | وای وای وا وەیلێ |
| هەرچی کچە بێتە ئەم شینە | وای وای وا وەیلێ |
| هەی لێ وا وەیلێ لەیلی جوان بێ | وای وای وا وەیلێ |
| ماڵی باوکی ئەسل زادەبێ | وای وای وا وەیلێ |
| بردنەوەی لەیل لە وەعدەی بێ | وای وای وا وەیلێ |
| هەرچی خوێشە | وای وای وا وەیلێ |
| بۆی بە ئێشە | وای وای وا وەیلێ |

٤_ هەروەها جۆرە لاوانەوەیەکی تر هەیە پێی دەوترێ (وای وای وا وەیلێ):

وای وای وا وەیلێ
ئەوەل بۆ مەجنون دوهەم بۆ لەیلێ
وای وای واوەیلێ
بووکی جوانم وا وەیلێ
نەو نەمامی بلخم وا وەیلێ
توخوا بووکێ چۆن واتەبێ
بەم بەهارە ماڵ چۆل ئەبێ

زەنگیانە، بەرو جیازی، ئەموستیلە....هتد) کە ئەمانە لەگەڵ بەکار هێنانی وشەی (بە قوربانو هەی ڕۆ) زیاتر کەسانی ناو شینەکە دەجوڵێنێو سۆزیان هەڵدەستێنێ.

وای وای وا وەیلێ
گوڵی باخانم وا وەیلێ
کوڕیەی نازدارو فریشتەی جوان
پەپوولەی سپی ناو باخی گوڵان
بێچووە جوانەکەی خاوێنی من
وای وای وا وەیلێ

٥_ هەروەها جۆرە لاواندنەوەیەکی تر هەیە ئەویش هەر بۆ ئافرەتو پیاو دەوترێ بەناوی (هەتارەکێ و موبارەکێ) کە ئافرەتێک ئەیڵێ و ئەوانی تریش بە دوایەوە ئەیبێڵنەوە، جیاوازی ئەم جۆرەش زیاتر لە رستەکاندایە لە جیاتی (بووکە لێ تۆراوەکەم) ئەبێ بە (حاجی یاخود پیاو ...) یان (حاجی حەجت موبارەکێ).

هەتارەکێ و موبارەکێ
ئەم سەفەرەت موبارەکێ (حاجی یاخود بووکێ) دەوترێ
هەتارەکێ و چاوەکەم
بووکە لێ تۆراوەکەم
هەتارەکێ و وا وەیلێ
باوان شێویێ لەیلێ
هەتارەکێ و لەم لاوە
بووکێ بگەڕێوە دواوە
هەتارکێ نەورۆز بێ
بەرگی سپیت پیرۆز بێ
هەتارەکێ و لە ژێرە
ئەم بووکە عەزیزە
هەتارەکێ و چاوانم
بووکێ لە جێی هەمووانم

هەواڵنامەی کتێب

دایکێ بۆ کێ وائەکەی
تۆ کێت دیشێ بۆ دەنگ ناکەی*

٦_ لۆم برێتە داکی سینەم دەرێن سینەم مردیە
لۆم برێتە وەستاکاران ببڕی کێلی سپیە
برێتە کاکی کیژەی باژوا بۆرەی بەحریە
بچنە کن شاهی ماران نەخوا دوو چاوی سپیە
سینەمی کۆچە کۆچە سینەم گەلەک بێ حارە
برێتە وەستاکاران ببڕی کێلی بەخارە
برێتە بابی کیژەی دەرێنی ماینی عەدارە
شاهی ماران تێ گەیێن نەخۆن دووچاوی کارە

٧_ بووکانە بووکانە ڕۆ بووکێ
لەبەر بووکە شۆڕێ ڕۆ بووکێ
مامزی دەو بەستۆڕێ ڕۆ بووکێ
کیویەو کەتە تۆڕێ ڕۆ بووکێ
ڕاوکەر کەتنە گۆڕێ ڕۆ بووکێ

٨_ گور بووی لە گورە زەردی
شین بووی لە سەر بەردی
کەتیە دەست نامەردی
کراسو کەوێنو جلک ڕۆ بووکێ

---

* ئایشێ فەرەج _گەرەکی تووی مەلیک _ تەمەن ٤٥ ساڵ _ نەخوێندەوارە.

لە بەژنەکی شکێ ڕۆ بووکێ
شیرنەو لێت دێ جلکێ ڕۆ بووکێ
کراسەی سپیە ڕۆ بووکێ
گەزو مەجیدیە ڕۆ بووکێ
هێشتا ڕازی نیە ڕۆ بووکێ

ماینێ بووکێ بۆرە ڕۆ بووکێ
سەر زینەی گۆرە گۆرە ڕۆ بووکێ
قۆناغ گردە سۆرە ڕۆ بووکێ

لەبەر بووکە جوانێ ڕۆ بووکێ
مامزی نۆغەرانێ ڕۆ بووکێ
کیویەو کەتە لانێ ڕۆ بووکێ
ڕاوکەر دای دەرژانێ ڕۆبووکێ
چشتاق نەی وێرانێ ڕۆ بووکێ

ماینێ بووکێ ڕەشە ڕۆ بووکێ
سەر زینەی بە نەخشە ڕۆ بووکێ
بەختی بەگی ڕەشە ڕۆ بووکێ

٩- کە پرەکت لۆ بکەم لە ناو کەپرۆکان
داوێ مە کەپرێ پەلکی گوڵۆکان
لە ناوی دانێن زاواو نۆ بوکان
× ×

کەپرەکت لێ بکەم لەرێی دەربەندی
داوێ مە کەپرێ خاو و گیابەندی
لاوۆی لێ دانیت بە زاوا بەندی
× ×
کە پرەکت لێ بکەم لە رێی هەولێرێ
داوێ مە کەپرێ پەلکی کنێرێ
یاخوا ئەو لاوە ئاوی بەخێرێ
× ×
کە پرەکت لێ بکەم لە رێی کەرکوکێ
داوێ مە کەپرێ داری مێکوکێ
ئەوە لاوۆیە سواری پێش بوکێ
× ×
کە پرەکت لێ بکەم هەر لە رێی کۆیێ
داوێ مە کەپرێ گوری هێرۆیێ
سوارێ لە رێی نەینی نسکویێ
× ×
کە پرەکت لێ بکەم لەناو توتنێ
داوێ مە کەپرێ پەلکی سوسنێ
لە ناو نەکەی خەوی مردنێ
× ×
کە پرەکت لێ بکەم لە لوتکەی شاخی
دەڕازێنمەوە بە گوری بلخی
لەناو دانیشی نەکێشی ئاخی
× ×
کە پرەکت لێ بکەم هەر بەچناران
داوێ مە کەپرێ خوخ و هەناران
لەناو دانیشی بابێ منداران

هەواڵنامەی کتێب

× ×

کە پرەکت لێ بکەم لە ڕێی دووگردکان
دەڕازێنمەوە بەگوڕو هەراران
بابم دانیشی هەر وەکو جاران

× ×

کە پرەکت لێ بکەم لە ڕێی شەقراوە
دەڕازێنمەوە بە گوڕو لاوەوە
تێدا دانیشی ئەو بەرەکێ چاوە*

١٠_ نمونەیەکی تری پێداهەڵدان بەسەر ئافرەتێکی شوو نەکردوو یان ئافرەتێکی جوانە مەرگی خێرو خۆشی لە ژیان نەدیو بە ناو نیشانی (شینی مەمکی نازداریێ) ئەمەش لەناو دزەییاندا باوە لە هەولێرێ.

هەولێرنامەی کتێب

مەکی نازداریێ دوو زەردە بێیە
دەستی مەدەنێ لەبن کەوێیە
کاکی بزانێ خەجەی دەوێیە

× × ×

مەمکی نازداریێ دوو سێوی ئارە
دەستی مەدەنێ هەددی مەمارە
کاکی بزانێ خەجەی هەر یارە

× × ×

مەمکی نازداریێ دوو سێوی ترشە

* ئاواز احمد حمد ئەمین دزەیی _ خوێندەوارە (فۆلکلۆر ناسە _ بەرهەمی فولکلۆری هەیە.... تەمەنی ٤٢ ساڵە لە گوندی دووگردکان لە دایک بووە _ لە دەشتی هەولێر ناوچەی دزەییان، بەلام ئێستا لە هەولێر دادەنیشێ.

دەستی مەدەنێ ڕایان مەگوشە
کاکی بزانێ خەجەو قوماشە*

١_ خۆ ئەگەر هاتوو ئەو ئافرەتەی ژنی ماڵ بێتو منداڵی لەپاش بەجێ مابێ بەم جۆرەی خوارەوە منداڵەکانی دەیلاوێننەوە:_

بۆ کابانی نێو ماڵێم ڕۆ
بۆ کابانی گەرمێنو کوێستانم ڕۆ
بۆ دایکی منالانم ڕۆ
بۆ کابانی دەست بەکەو گیرم ڕۆ
بۆلانکی بە جێ ماوم ڕۆ
بۆ منداڵی بێ داکم ڕۆ
دایە ڕۆ دایە ڕۆ دایە ڕۆ
بۆدایکی بێ مرادم ڕۆ
بۆ دایکی دەست ڕەنگینم ڕۆ
بۆ دایکی هەناسە ساردم ڕۆ
بۆ ماڵی بێ کابانم ڕۆ
هەی دایە ڕۆ هەی دایە ڕۆ هەی دایە ڕۆ

١٢_ نمونەیەکی تر ئەوە دەردەخات منداڵەکان چۆن دایکیان دەلاوێننەوە:
دایکی شیرین لە دوای تۆ وێرانە ماڵم
وێڵو سەرگەردان پەشێوە حاڵم
ئەوا ڕۆیشتی منت بەجێ هێشت
ئەزانی لە دوات چەندم جەفا چێشت

تێبینی: لە گۆڤاری کاروان ل١١٥ _ ژ ٤ وەرگیراوە _ نوسینی مامۆستا عومەر ئیبراهیم عەزیز.

هەواڵنامەی کتێب

دایکی دڵسۆزم قەسەم بەدڵی ماتو غەمگینت
بە دەم واتەی خۆش‌وشیرینت
بە دەنگی نەرمو لەشتی بێ تینت
خۆراکم بووە شیوەن و شینت*

۱۳_ وەئەم لاوانەوەش لە ژنێکی ترم وەرگرت کە بۆ کچەکەی دەلاوێنێتەوەو یەکەم جار بوو کە یەکێ لە خێزانەکەی بمرێ ، زۆر کاری تێ کردبوو:_

تو وەک شەمامەی ڕوڵە
وەیارە ماوە، بژان وەک ئەڵماس وە ڕووی گۆناوە
نەم زانی عمرد ها لە کەمین
وەک خۆر ئاوا بووید لە ڕووی سەر زەمین
تو یەک نەوتونلە نەمام بوید ڕۆڵە سەوز بووید لەباخم
نەخواردم بەرد هەر بوید بە داخم
++++++
دایک کاتێ کچەی لە بەردمیا بووە بۆی دەلاوێنێتەوەو دەڵێ:_

داری تیام بنی لە شیشە
ئەو خوار کەندەی لە ڕیشە
ڕۆڵەشەوان مەخەفتم بەرم لەلاتە
دڵەی کۆس کەفتیم هەر بە تەماتە
باوکم وە قوربان دوو دیدەی تەیرت
ئەم خوداوەندە نەهێشت تێر بکەم سەیرت
ئەوەن لاڵیامەوە لە خوداو لە پیر
نە دوعام قەبول بی نەترام بی یەگیر

* تێبینی:_ ئەم نمونەیە لەسەر گۆڕی (حبیبە مستەفا) نووسراوە لە کویە.



هەموو نامەی کتێب

ڕۆڵە ئەگەر مەیلەگەد فەراموشم بود
سفیدی کەفەن باڵا پۆشم بود
دەریکەم دیدەی خۆم لەبن
ئیتر نەبینم دنیا وەبی توون*

## شیوەن بۆ دایک: -

دەڵێن باوەشی دایک خۆشترینو جوانترین هێلانەی ئارامی مرۆڤە، مرۆڤی بێ دایک کۆتری بێ هێلانەیە. هیچ مرۆڤێک ناگاتە پلەی دایک لە هەڵگرتنی نازی منداڵو شەو و شەونخونیو خزمەت کردنی. جا لەبەر ئەو خۆشەویستییە پتەوەی دایک و کەسانی خێزان بەمردنی دایک کۆڵەکەی ماڵی ئەروخێ و گۆڕانێکی گشتی نائارامی لەماڵ دورست دەبێ _ تارای خەمو بێ ئارامی ماڵەکە دادەگرێ جالەبەر ئەمەیە کە دایک دەمرێ ئەگەر کچی هەبێ هەستو سۆزی گەرمیان دێتە جۆشو بەگریان ولاوانەوە خەمەکانی دایکیان دەردەبڕن.

لە کوردەواریدا بۆ ژنی ئازاو جوامێریش شیوەنو لاوانەوەی بۆ کراوەو هەر یەکە بەپێی ئەو کردارەی کەتیایا بەناو بانگ بوو. ئیتر دایک یا فەرمانبەرە یان کابانی ماڵ، یاخود ئافرەتێکی دادپەروەر یا دەست ڕەنگینە واتە (مافوور دروست دەکات، دروومان دەکات) بەم جۆرە بەسەر ئافرەتی کابانی ماڵدا سەردولکە دەوترێ: _

کابانی لاری لاری کۆنکنو کەو گیران دەرییتە لە باری
چەند شیرین بوو وەکی دادەنیشت لەبەر بێری هەزاری

کابان هەر چین چین لە دەستی دایە گارۆشەکی خاسە ڕەنگی منە
کابان دەرێتە شوانی چۆن چۆتم لۆ بینە

* خدیجە مای خان کوچەک، تەمەن٥٠ ساڵ، گەرەکی شەهید ئەحمەد _ خانەقین ١٩٧٩.

مامزی سەنیو مەنی هێلانەکەم لۆ بکە لە کاولە مەفتەنی
تازیەی کورەتیم حەیرانیە کەس پێ نەکەنی

**یاخود:-**

هەی بێری بێری بێ مەدوونە          یەقە بە دوگمە خاریان لە ڕوونە
مەڕێ بابێ تو لۆ کێتدەر چوونە          یەقە بە دوگمە گوارە لە گێتە
هەی بێری بێری بێر بێ مەسێ نە
ئەگەر نایان ناسی مامزو فاتمو خەجێتە

ئەتوانین بڵێین لەشینی ژناندا واتە کەژن شین ئەکا زیاتر ڕەگەزی لیریکو دڵـداری زاڵە لەگەڵ دەربڕینی بێزاری لە تەنیایی‌و خەمو ئازار بۆ مردووە لـە کـیس چووەکـە. لەم شینەدا داوا لە مردووەکە ئەکرێ کەئەمانیش لەگەڵ خۆی بەرێ.*

**نمونەیەکی تر:-**

مەمکی نازداری

مەمکی نازداری          دوو زەردە بی یە
دەستی مەدەنێ          لە بن کەوێ یە
کاکی بزانێ          خەجەی دەوێ یە
مەمکی نازداری          دوو سێوی تارە
دەستی مەدەنێ          هەری مەمارە
کاکی بزانێ          خەجەی هەویارە
لێم دا نوقرانە بووکێ
هێشتا سەر گرانە بووکێ

---

* م. ب_ رودینکۆ..... ل٣١٩



هەوالنامەی کتێب

سەردولکەی کابانی چاک :_

کابان لۆ گۆتیمە کابانان
پارزۆنی خۆ بشۆن
با دێتە سەر دەرکی ئامانان
ئەتوی کابانەکی گەلە جوانی
هەستا بکا نمەیانێ میوانان

× × ×

بێری لاری لاری ئەتۆ بێرییەکی گەلە چاکی
مە نجەلۆ کارۆشانت لۆ دەنێم لەباری
حەیران جێریەکی گەلێ چاکە دادەنیشی لەبەر هەزاری

× × ×

لەوان دانان هەتا ئەوان دانان
سێبەری قەرەچوغی دێتە خواری
بەسەر بێری و شوانان
دۆ تمامێ دەکەمە بێریێ هەردوو دانان

× × ×

بێری بێریەکەت لۆ دادەنێم لە براندانێ
بێری و بەرانی ماری باوت گەلە تووشن
پێت دەنێن لەپانی سۆلن
دەپسێتن گورینگێ هێزارو هەورێ

× × ×

لەسەر نانێ ڕوو مەنیشە نات بەرەو ژێرە
لایەکی کۆمنیت کیستانە ئەوەی دیت گەرمە شێرە
کابانەکی گەلە جوانە هەستە لە خەوێ

شێرەی مەسکانت هەراتن لەژێرە

× × ×

سەردولکەی تایبەت بەئافرەتی گەنجو خێرنە نەدیوو:_

مامزت لۆ هەندە سڕێ

لە بەرانە هاتێ سواران

تەد ئەوی مامزە خۆم لۆ نلگری

با سواریێ باوکان لە دووت سواربێ

بتبەنە خێری نوخمە بەکرێ

× × ×

مامزێ بەقەنەوزێ

پێتانم لۆ بنێ لە کۆلێ

دەستانم لۆ بنێ لە حەورت

× × ×

مامزێ لە سەحراییێ

بنوو بە فێتکان

هەستە بە گەرماییێ

با سوارن لە دوو سوارییێ

ئەوی مامزە لۆم بگێرنەوە

بێ ئاوێتە بێ ئاراییێ

× × ×

مامز لە گوندی پردێ

هێلانەکم لۆ بکە

لەناو پوشیو نەخوردێ

سوارن گەیشێتمە سەرێ

هەستە بکە دەستو بردێ

× × ×

مامزێ هەورێ
دووخاری هەیە لە هەنێی
یەکە لۆ بشێرەوە
ئەوی دێ بادێ
بن گرێ بەسێ هەورێ
× × ×
مامزێ لۆ هەندە مەستی
گوارەت لەگۆێ یە
بازنت لە دەستی
ئێواریو بیانێ
بەرامبەر کار ڕادەوەستی
× × ×
مامزێ گوێ مەقەسێ
هێلانەکم لۆ بکە
لەسۆرکێ دۆرەزێ
پێتانم لۆ بنێ لە کۆلی
دەستانم لۆ بنێ لە حەوزێ

هەولنامەی کتێب

## لاوانەوەی دایک بۆ کوڕی شەهید کراوی :-

لەو کاتەوە کە مرۆڤ لەسەر زەوی بووە مردنیش لەگەڵیا پەیدابووە، لەگەڵ گەشەکردنی قۆناغەکانی ژیانو فراوان بوونی بیرو هۆشی مرۆڤ ژیانیان ڕۆژ لەدوای ڕۆژ بەرەو پێشەوە چووەو گەشاوەتەوە جا لەگەڵ ئەم بەرەو پێش چووە هۆزەکانی دەرو دراوسێ هێرشیان بۆ سەر یەک بردووە بەهۆی سنوور دانانو ئاو یان ...هتد.

جا لەو کاتەوە یەکەمین بەرگری کەر لە خاکو ئاوو نیشتمان لاوانی گەل بوونە کە لەو کاتەوە تاکو ئەمڕۆ هەر ئەوانن بەخوێنی گەشیان شاخو بەردی ولات و خاکیان

بەخوێن ئاو داوەو خۆ بەخت کەر بوون بەرگریان لەخاکو نیشتیمانیان کردووەو هەمیشە سەنگەریان بۆ دوژمن چۆڵ نەکردووە.

هەر لەو کاتەوە کەلاوان خۆیان بەخت کردووەو شەهید کراون لەپێناوی ئامانجی گەلدا دایکان وەکو عەودالیان لێ هاتووە بۆ جگەر سووتاوی خۆیانو قارەمانێتی کورەکانیان گۆرانی شینیان وتووە. هەمیشە لە شینەکانیاندا لەگەڵ سووتانیاندا هانی لاوانی تریان داوە جێگای کورەکانیان چۆڵ نەکەن. یەکێک لەو دایکە شەهیدە کۆڵ نەدەرە (عایشە گوڵێ) ی کۆیە بوو... ئەو دڵی دایکانی دەدایەوەو دەیووت (مەگرین تاکۆش پڕ نەبێ، خاک پڕ نابێ دەبێ بۆ خاک شەهید بدەینو رووی نیشتمان سپی بکەین) ئەم شینە رەگەزی ئازایی و قارەمانیەتی لە بەیتەکاندا دیارە... وەک ئەم نمونانەی خوارەوە (بە دیالێکتەکانی زمانی کوردی):ـ

## (چەند نمونەیەک لە لاواندنەوەی دایکان) بەشێوەی لوڕی :-

- تیری داگەس لێم لەلای راسەوە[1]
خوێتم گت نیەکێ وەکراسەوە

ـ جوانان نەمرن خەیلی بمانن
ئەوەل هامسەرانە دەوران برانن

ـ شێرو بەچکە شێر ها لەدو واوە
وەتیر ئەیێکن مەل وەحەواوە

ـ دایە نەمردی یەقەوررۆ لە کنیا
ئیتر نیێ مرد تائاخر دنیا

[1] ئەم بەیتانە لە ئافرەتێکی بە تەمەن لەدەوری (٦٠ ـ ٧٠) ساڵ وەرگرتووە. بەناوی (فاتمە)خانەوە کە لەشاری خانەقین لەدایک بووە، نەخوێندەوارە.

هەولامەی کتێب

ـ خۆزی خودای گەورەکاری بکردا
دایە لەجیانی ڕۆڵە بمردا

ـ یاخود قەور هەڵکەنان هەر لە شتان ساق بوود
قەوری شەهیدان تاقو نیم تاق بوود

ـ قەوریان بکەنن ئەلهەد مرواری
جوان جوان دای بیران لاشەی بیماری

ـ جوانی بنێرن ئەڕا خۆشگەکانی
باڵە ڤاف بارن ئەڕا زامەگانی

ـ زامەگەی سەختە دەس بگری پێوە
نەوا خوینەگەی بڕشێ لێوە

ـ موهلەتم نەوەی بامە شوینە گەد
دەم بخە وەناو قلپەی خوینە گەد

ـ دوگمە کەد بکەرەوە زامەگەد بوینم
دایە واز بادە خەڵتان خوینتم

ـ ڕا دایکو باوگی زوی بوەن خەوەر
خوینی ڕێ کەدن وەک حەوز کەوسەر

هەوالنامەی کتێب

ـ ئای خەمو دای خەم توو برامی
وە هەر جای مەچم ڕەفیقن ڕامی

ـ برا چەن خاسە ئەر هەزارێک بوو
سەر وەبێ برا مەینەت باری بوو

ـ بیلاوەی جورە دانیشم خەمگین
دەسەلاتمەو چەدیرم تەمکین

ـ جوانان وە بەرگ تەترانیەوە
مەیلیان ها وەلای جوانیەوە

ـ کافر نەکوشەی دوو دەس لە گیرفان
سەر حەساوی کەبا بادە مەیدان

ـ قوربان بالآت بم دەس وە دوو دەسمال
لە تۆی خورشیدی خۆمت دا شەمال

ـ پەردەی بۆ بکەن دووقاتو دوو لێو[1]
نەوا لێێ بدات گەماری نیوە ڕۆ

هەواڵنامەی کتێب

[1] ئەم بەیتانەم لە ئافرەتێک وەرگرتووە لە قەزای کەلار بەناوی (گوڵ ناز) خان کە تەمەنی (٥٤) ساڵە لە گوندی حاجی ابراهیم بەگ لە دایک بووە سەر بەقەزای خانەقینە، نەخوێندەوارە.

_ پەردەی بۆ بەستن بکات وەڕکان
تیا سەوز ببێ داری گردەکان

_ حەیفە جوانان زوی مەون هلاک
سەر وەبێ وا دەنن لە گوشەی خاک
_ خووزە وە ئەو ساله گافارە بویم
بێ خەم بێ خەیاڵ بێ پەژارە بویم

_ دنیا هویچو پویچ کار وا شوارەک
بڕی وە شادی بڕێ وە دل تەنگ

_ دەردێ گرتمە نی یە دەرمانێ
یا حەق نەگرێنگەی هیچ بسلمانێ

_ دویەتی برادر دەملخی بەرزە
دویەتی بێ برا مردنی فەرزە

_ ڕازی دڵە گەم ئەرویشم پەی سەنگ
سەنگ ستامەیوو مەگەردی لە ڕەنگ

_ سزیامو برشیام بویم وەکوو بریان
بویم وەتماکو* سختەی سەر قلیان

هەواڵنامەی کتێب

* تماکو: تووتن.

_ شەرت بوو لە داخ دا هەر پەحالم بوو
بەرگی ئازیەتی سال وەسال بوو

_ شەرت بوو لەداخد هەر گێر نەخەنم
بەرگی ئازیەتی لەوەر نەکەنم

_ شەرت بوو لە داخدا خوەم گیایی کەم
کەشکول ئەل گرم ئاسیا پیاکەم

_ شەواری درێژ غەرقم کرد لەخەم
فەلەک تەوبەم بوو مناى کەس نەکەم

_ شوورە سواران ینین لە مەیدان
رووی راو مەکەی لە جاگەی شێران

_ قەوری ئەل کەنن لەبان مەڕ مەڕ
واوە شینی کەن وە ڕەیحانی تەڕ

_ لەیەک بڕیاگە پای ڕێواریمان
وەیەک نیە ڕەسێ دادو زاریمان

_ لوقمان بنیشێ ئەول ئەرەسوو[1]
هەر ئەوسا دەردم لایان دوای بوو

[1] ئەم بەیتانە لە ژنێک وەرگرتووە بەناوی (خەرامان نەوروز) ئافرەتێکی (٤٥) سالە لەدێی (قامیشەلان) سەربە قەزای خانەقین لە دایک بووەو خوێندواری نی یە.



هەواڵنامەی کتێب

_ کەسێ جووری خوەم ئاو نەنێ لەجوو
کەسێ جووری خوەم نەووگ ڕەنجەڕوو

_من کوڕی خەم بویم لەخەم بویم چیا
خەم ناوکم بڕی، خەم ناوم نیا

_ منو بایەقوش هەردوو هاو دەردیم
کەلاوە نشین هەناسە سەردیم

_ نەمەفتە گیر بویم نەچلە بردەم
ئەڕا خەم خواردن سەر گەورە کردم

_ هەی داد هەی بێ داد لەگەڵ دامەوە
خۆشی ڕۆژگاران وە تەڵخ دامەوە

_ هەر کەس خوەم دوینی تف لە چارەم کێگ
وە مسری ئاودار پارە پارەم کەیگ

_ هەر کەس پەی مەردەن ویشێ مەکەی دای*
کەس نیەکەی دای پەی ڕەنج بەردی فەرهادی

* ئەم دوو دێرە بەشێوەی (گۆران) وتراوە، چونکە پێش ئەم سەردەمە زۆربەی دەورو بەری شاری خانەقین بەم شێوەیە قسەیان دەکرد بەلام شێوەی (لوڕی) شێوەیەکی سەرەکی یە کە دانیشتوانی خانەقینودەورو بەری بەم شێوەیە قسەدەکەن.



هەواڵنامەی کتێب

## شینو لاوانەوە بۆ کوڕی گەنجو لاو و شەهید بە شێوەی (لوڕی) :-

ڕوولە شەرت بوود لەداخەت هەر یەحالم بوود
بەرگ عازیەت داخت تێگەن سالو سالم بوود

چەن جەورو چەن جەفا چەن خاکە سەری
ڕوولە کرد بومەو شوانەکەی حەق نەدیاری

ئەو ماڵە جوانەگەت برامبەرم بوود
چراخەت بووز ت سورمەی چاوم بوود

ئەو گوڵە زەردە سوو لەناو بڕی
نایدەی وەبان دلی ی ناهمی

ئەو تاتە جوانەگەت بخەرە بوخچە
وەختێ دەریکەم گوڵەیل کردیە خونچە

ڕوولە بیلگە نمەن وە داوانەوە
بوومەت و پیری ئیمامانەوە

ڕوولە چەکردی وەی بەهارەیە
خەمم دایدەر بان سەنگ غاریە

کوڕەگەم کەفتیە لەبان مەڕ مەڕ
خیرو مەندکی یە دەمی بکەت تەڕ

نەسوورت کردم نەدەزورانی
ئەی خوداوەندە ئەرا بردت نەفام و جوانی

وەی کێ بووم دەس وەزامەوە
کێ تیماری بکەتو دەرمانەوە

ئەی خواوەند لەسەر داخووری
بەین نازەو تا خوێن لەیەک داوری

سەربند گوڵکەم پایندە ڕەیحان
باوەشیند کەم وەڕەیحانەی تەڕ

نیمگەزی بالا سێگەزی گەردەن
لەویرم نلچێت تا ڕۆژی مردن

ئەگەر نەمرم وە لومەی بان
کەپری ئەکەم شەو ڕۆژ لەلان

ئەو قەورسانە بکەمەی ماوە
لەتی دانیشم سپتا خوەراوا

تێمە قەورسان خاکی وەپاکەم
چاوە جوانەگەت لەتی پەیاکەم

ماڵە سیوریەگەت هیلمین وەپاوەم
بەچکە خوا کرد هاتیوە دیواوەم

ئەگەر دەربچێ داخەگەت لە دل
مەگەر ئوستای بێل وەشان بسپاردم لەگل

دەسم نەڕەس وەبرزی شاند
تاقەسم بخوم وە دیدەکاند

تویلە نمامی سەوزی لە باخمان
تیرەی لە لی نە خوادیم هەربی داخمان

ماڵە سیوریەکێ بەرام بەرم بوود
باچراکەی بسوزد سۆمای دیم بوود

داری نایە ریشەی لە شیشە
ئەی خودا هەڵی کەند لەبن ریشە

بیلا بتکی زویخ لە چاوەیلم
بیلا باوە خوار لەبان یەخەو داوانم

ها لە دریونم سەد زام خەتر
گشتی جا ژان کەد یەکێ لەیەکێ بەتر

ئەی خوا وە نە قاری پیم کردن
عاجزم لە گیان ڕازیم وەمردن

یا خوا خومینی روژ مردند بوود
دەین داڵگ شەهید لە گەردند بوود

داڵگ خیز نەمگوژە تا بگرم سەنگەر
وەزب بردنەوە جەرگد بارمەدەر

لایلە ئەراد بکەم لای لەی شیرین
وەچاگەی چیت کەس کەس نەدیون

هازم ئەمایە بگیرم وەتاو
سەحراو سەرزەمین گشتی بکەمە ئاو

ئیمشو لە خەومەو دوکەوک مەتاقان
ئەوە لیلی بی مەجنون مەلاوان

هەر لیل لیل بی ئەوە تو نولیل
دەست لیلی بکەرێ لە باخچەی دووجیل

بێشەک نریاوید سەربێشکەی پێوە
وەختی هەڵم دا ها ئێوە هەتیوە

لاشەو کەفتی وەک خەرمان گوڵ
دەسرو سەعاتە کە ناوید وەبان دڵ

یاخودا لەیلەکد شاری نەنیشێ
سیا داکەنی قرمز بپۆشێ

ئەو قەوسانە ئاوا بیەوە
ئەی جوانی ئێمە نیشتە پێوە

تو مەچو مەچو تا برسم وەپید
باسی لەیلە جوان گەد پیوشی وەپید

مبارکد بوود ئەو ماڵ نووە
لایقد نی یە هەردارو ماڵ چووە

بلا قەورەگەد لەسەری بود
بەژنەکەم بۆ سلمان فاتیحای پێ بود

شێرمان کەفتیە شیرەوە بەتەوە
ناڵەی شیرە کەمان کەس نەی سەندەوە

کەلپل سیوریە گوینەمەی لە بوخچە
وەختی دەری کەم گولی بود قومچە

لەماڵ دەرچو بوینە عەجب سواری بید
وەختی هاتیەو تابوت باری بید

قەوری شەهیدان با لەسەر ڕێی بوود
بەلکەن بولمان یەک فاتحای بوود

هاتمە ئەو قورسانە هیچ نەدیمەوە
کزرو پەشیمان هەم هاتمەوە

لە مال دەرچیدە یا ئیمام رەزا
بایدە دیواوە سەر وەبێ قەزا

یادگاریەکد هاوەلامەوە
نەتۆ داوای کەی نەخۆم دامەوە

بەوە مالەگەم شەو نەچۆرەوە
تا لەخزمەتد بووم تا رۆژ بوودەوە

ناوەگەد خۆشە، خۆش ناوی داری
لیواش گول قومچەی ئەول وەهاری

تولە دل مەگر داخی جوانی
وکەسی نەیانە ئاو زندانی

لیلی وە قوربان قور مەجنون بای
تونیش وەک مەجنون هەسار شویتی بای

هەر بنشید یەتم لەشانی
وەک موم ئەسزیەد ئازای سوقانی

لەتو عەزیز تر مەگەر الله بێ
ئەویش لەبەر ئەو ئەوا گونابێ

ڕەفیقە گاند یەک یەک ژماردم
تو لەتی نیو هەم روح سوپاردم

مال شەهیدان قفلو کلیلە
لەیل لدانو سیاسە مانەو مەلویلە

کە لپەل عەسکری لەبردان تەنگە
لەهجوما بەجین زواندان لەنگە

ئەو دەشتەی بەسرە گشتی هەر قومە
سەرو بەیری یەڤ جندی لە تیاسەر گومە

خودا بکەی خومەینی ڕیمردند بوو
دەین دایک شەهیدەکان لەملد بوو

خودا بکەی خومەینی دو کورت بمری
ڤلح بکردای تا شهید نەمری

مەیلد هاوە لای کرسی سویرەوە
تەمەنای کردیە جوان لەدورەوە

وەفیدای ڕیشد بام نو دەرامان
پریەو نەکردید جەلاچی ئامان

ئیزرائیل گیانم نەسینە گیانم شرینە
وەچی گ چم کەسی مەد بوینە

کورد نابەتەی دەس کیشم کەران
لە ماڵەگەد دیل بویمە نیشانم دەران

خۆم خەمبارم بدیم خەم کردە بەرگم
خەم کردیە قولاو ڕیز سەرکردە جەرگم

ڕۆلە بەخەف بلخەوت بانەوە
فریشتەی چاکان شەو وەدیاردەوە

وە بەرزی باڵاگەد دیتێ کەوشد
شەماڵ مەشانو پاڵای یی خەوشد

شەرد بو لەداخدا دی ناز نەکەم
وە تەقەی قوندەرگەد نەمام قاپی واز نەکەم

ئەگەر ئەرا جەبهەچید تاوە تەماد نەوم
ئەگەر ئەرا نەجەف چید تاوە تەماد بوم

ئەی ماڵ نوو کوا خاوەنی
خاکەگەی نەجەف کردیە پاوەنی

ماسی لە دەریا گەنجو خەزینە
دی نیدوونم جوان وەی وینە

هەوالنامەی کتێب

تو لە دڵ مەرگ داخ جوانی
وکەس نەیانە ئاو زندانی

لەوای ئێوارە مار لەچاگەمە
نەمار پەلامار نەفوەم راگەمە

کوچگ سەر بەڕە، گەرسان مەڕمەڕە
وە دیوەخان نیش خاتر جەمە

داخ گریانم پەی کوردە ماڵان
سەریان چی وە برماڵیان وە تاڵان

بەد بەختی بەختم بەخشەوە ماڵم
خەتای تو نیە خوە بی چارەم

شەرد بوو لە داخد خوەم بکەمە دەوریش
مەگەر ڕا خوم بکەم لە قەومو خیش

---

گردی شەهیدان ئەڵێ نی یە تاوانم
کوڕی شەهید بووە بە میوانم
یاخود تۆ نەمری تا سوبحی بەیان
باڵی و کۆینەوە قەومانو خزمان
قوربانی چەکی بانی شانتابم
ئەو ڕێگە ڕاستەی کوردستان بم

لای لایەتان بۆ ئەکەم بەوێنە کەوێ
قەزای برسی و توینیەتی کەتان لە دایکتان کەوێ
لای لایەتان بۆ ئەکەم لە ئێوارەوە
سەبەب کارتان بێ بە سێدارەوە
یاخوا بەرانان هەر پەستی نەت گرێ
کوڕی شەهید پیاتا سەر کەوێ
یاخوا بەرانان هەر لە زەوقابێ
گوڵاڵە سورەی خاکی کوردان بێ
دەستم لێ مەدەن دەست لێ دراوم
لەبینی کوردستان شەهید کراوم
لای لایەت بۆ دەکەم بەدڵو بەگیان
یاخوا دوژمنان نەیەتە سەرتان
ڕۆژی دوو شەممە سەر لە ئێوارە
لەدوور سەیرم کرد تەرمێ دیارە
پرسیم ئەو تەرمە بۆچی بێ کەسە؟
جەماعەتەکەی تەنها شەش کەسە
وەڵامی دامەوە زۆر بەداخەوە
جەماعەتەکەم وا بە شاخەوە
دایە گیان ووتم ڕۆڵەی تۆ
هاتوومە کوڕێ، غەمگین دەست خەڕۆ
فرمێسکت بسڕە دایە چاوێک هەڵبێنە
بەرخی نێر دایە گیان بۆ سەر بڕینە
نەمامێکم ناشت بەڕووی کەندەوە
نەمامم هاتەبەر خوا لێ ی سەندمەوە
هەرچی کۆچ کۆچت بوو کۆچت کرد بە ڕاست
وەختی کۆچت کرد هیمەتت نەخواست

هەواڵنامەی کتێب

ئەو دبابەیەی لوفەکەی بڕی
کاکەی شەهیدم دەنگی هەڵبڕی
ڕانکئ چۆغە سپی بیو پوزە وانە
شانو دەمانجە لە خوتتان جوانە

---

| | |
|---|---|
| قوربانی ڕانکو چۆغەی سپیت بم | زاوا ڕۆیە |
| کاکەی لادێ سلاو بێ لێتان | زاوا ڕۆیە |
| کوڕی سلێمانی هاتۆتە ناوتان | زاوا ڕۆیە |
| لەڕاهی خودا نان بدەن پێیان | زاوا ڕۆیە |
| دایکی کۆل بە کۆل لە جێگەی گەرما | زاوا ڕۆیە |
| کوڕی دەر بەدەر وا لەناو بەفرە | زاوا ڕۆیە |
| | |
| یاخوا نەکوژرێن بەسکی برسی | زاوا ڕۆیە |
| لە دەورتان گەڕێم سمێل قەیتانی | زاوا ڕۆیە |
| جامانە بیەستێ کوڕی کوردانی | زاوا ڕۆیە |
| زاوا ڕۆیە هەر ئیمڕۆیە | |
| لە پێم کراون کەلەپچەو پێوەند | زاوا ڕۆیە |
| کاکەی کوژراوم پوزەوان لەپێ | زاوا ڕۆیە |
| ڕجات لێ ئەکەم دەستت نەلەرزێ | زاوا ڕۆیە |

هەروەها بەشێوەیەکی تریش ئەلاوێنێتەوە :-

بەم پایزە شێر عەزیزە
نرکەی نەوی کەوتە زەوی  وای وای وا وەیلێ
بەم بەهارە شێر مەهارە

هەواڵنامەی کتێب

هەی لاو هەی لاو
کوڕ زەردە لاو بردیان بەتاو
نایان لەچال        وای وای وا وەیلێ

ناڵە ناڵ مەکە ناڵەت لە گیانم
قەزای ناڵەکەت بکەوێ لە ئێسقانم        وای وای وا وەیلێ
ماسی لە دەریا تیر لە غەزێنە
یاخوا کەس نەمرێ ئازیز بەوێنە        وای وای وا وەیلێ
ماسی لە دەریا دای لە شەقەی باڵ
دڵم بۆ دڵەکەت بوو بەکۆی زوخاڵ        وای وای وا وەیلێ
گەر سەرت دێشێ سەرکە سەرانم
ناڵە ناڵەی برینکەت بکەوێ لە گیانم        وای وای وا وەیلێ
سەرتای بەهار بووە خەزان
چۆن هاتوو چرۆی هەڵوەران        وای وای وا وەیلێ
جارێ زوو بوو گەڵی زوو بوو
خۆ جەژن بەسەر نەچوو بوو
مەرگ تاوان پەلەی چی بوو*        وای وای وا وەیلێ
دەک پیرۆزت بێ یانەی بەتەنیا
دیارە ڕوو سووری لەهەردوو دونیا        وای وای وا وەیلێ
یاخوا تۆ نەمری نەبی بەداخم
کۆڵەکەی ماڵم پەرژینە باخم        وای وای وا وەیلێ

* ئەم لاوانەوەی سەرەوە زیاتر بۆ کوڕێکی شەهید کراو ئەوترێ؛ ژنێک بەپێوە دەیڵێ‌و ژنانی تریش (وای وای وا وەیلێ) بەلاوانەوە دەڵێنەوە.



هەواڵنامەی کتێب

## لاوانەوە بۆ ئەوانەی لە دوورە ولات ئەمرن* :-

لە هەموو شوێنو سەردەمێکا لاوان بەهۆی بارودۆخی ئالۆزی ولات ناچار ئەبن بەهۆی باری تایبەتی خۆیان لە نیشتمانو کەسو کاریان دوور بکەونەوە، تووشی هەزارەها چەوسانەوەو دەربەدەری ئەبن هەر بەتەمای ئەو ڕۆژەن کە جارێکی تر بگەڕێنەوە نێو خاکو ئاوی خۆیان، بەڵام بەداخەوە زۆربەیان بەهیواو ئاواتی خۆیانو گەلەکەیان نەگەیشتوونو لەخاکی بێگانە مردوونو ئەو هەموو هیواو ئاواتەیان لەگەڵ خۆیاندا بردۆتە ژێر گڵەوە، وەگەلی کوردی ستەم دیدە گەلێ نمونەی لەم بارەوە وەک کەڵە پیاوی ناوداری لە دەست چووەوە لە خاکی بێگانە نێژراوە.

جا لاواندنەوەی لەم جۆرە زۆرە, کارەساتەکەش زۆر دڵ تەزێنو ئالۆزە، مردنی هەریەک لەو کەسانە دڵی هەموو مرۆڤێکی تێگەیشتوو داخورپێنێو کاری تێ ئەکات.

هەواڵنامەی کتێب

### بۆ نموونە :-

١_ جارکێش جارکێشی: غەریبی مەردە
خەلق لەڕێ خودا کفنی کمردە

٢_ قەدر غەریبان باڵەبان ڕێ بوو
بەشکم خەیرو مەن فاتیحای پێ بوو

٣_ من بوومە قوربان قات و قەمیسد
ئەڕا بیابان چی خودا حافیزد

* لە ( فهیمە مجید ) م وەرگرتووە, تەمەنی ٤٤ ساڵە, لە قەزای (خانەقین) لەدایک بوو، ژنی ماڵەو خوێندەواری نی یە.

٤_ دەلیلی هاتگە پێ نی یە زوان
دەلیل بەوە زوان دڵ بویە بریان

٥_ غەریبی شاران کارێ پێم کەردەن
چەپ چەپ موی لەبان کەللم وا بەردەن

٦_ غەریبی شاران وەگوش ژنە فتم
قسمەت کارێ کرد شەو تیاخەفتم

٧_ غەریب لە غوربەت ئەگەر وەشابوو
یاخود سەرکردەی تیپو سپابوو
سپای لەسپای نەوشێرنەود کەم
گووشەی دەروینی دایەم هاڵە خەم

٨_ چادرێ دیارە لەدوور تەم ئەکا
ئەوە کوڕمە برادەر جەم ئەکا*

٩_ جارِ کێشاوە دەنگ زولاڵ
غەریبی مردووە کەس نەرچوو لەماڵ

غەریب غەریبە غەریبان کێ یە
غەریب لە شاران هەر چاوەڕێ یە

بێ تا بکەین دوو دەس لە گەردەن
ئەوا پیدا بێت لە ناکا مەردن

* مەبەست لەچادر دانان ئەوەیە کە لەگەرمیان زۆر باوە لە تەنیشت پرسەی ژنان چادری پیاوان هەڵ ئەواسن ئیتر پێویستیان بە مزگەوت نابێت ( ئەگەر هاتوو مزگەوتەکە دووربوو لە شوێنی ماڵەکە ).



هەواڵنامەی کتێب

مەکتوبی بنوسە لە پەڕەی پووشگە
ئەیە حاڵ من حاڵ تو چووینە

ئەو گوڵە زەردە سوو لە ناوری
نایدەی وەبان دڵی ی تاهی

شەر بوود لە داخد بچمەو کەنیسە
شایتمان بارم و دەین عیسی

بەدبەختی بەختم بەخشە وە عالم
خەتایی تو نی یە خومەسی یە چارەم

شەر بوود لە داخت ترک دونیاکەم
کاشکول هەڵگرم مەولاو مەولا کەم

شەر بوو لە داخت بچم نامەوە
لە گوڵە زەردە وەها بامەوە

ولای کێ بووم دەست وە زامەوە
کێ تیماری بکەت و دەرمانەوە

من دوویرو تو دویر با بەینێ بوەسین
وعسرەگەت چاو هەردووگمان سیروان هەڵوەسین

ئەی غەریبدە چەن و تەوەرە
شێلە لەشێلەی ئاگر بەتەرە

هەواڵنامەی کتێب

هەرکی ئیشیگین غەریبی خاسە
ئەویش لە جوملەی خودا نەناسە

غەریب غەریبە غەریب دیارە
دایەم ڕەنگی زەردو لێوی بەبارە

شەوان مەخەفم فکرم لە لادە
دلی کوس کەفتی هەروە تەمانە*

**نمونەیەکی تر بۆ (غەریبی):-**

هەتارەکێ وموبارەکێ
ئەم سەفەرەت موبارەکێ
هەتارەکێ و چاوەکەم
بووکە لێ تۆراوەکەم
هەتارەکێ و واوەیلێ
باوانت شێوێ لەیلێ
هەتارەکێ و لەولاوە
بووکێ بگەڕیە دواوە
هەتارەکێ و نەورۆز بێ
بەرگی سپیت پیرۆز بێ
هەتارەکێ و لەزیزە
بووکەکەمان عەزیزە
هەتارەکێ و چاوانم
بووکێ لە جێ ی هەموانم

* لە زار (خاوەر خان برایم) تەمەنی٦٢ ساڵە، نەخوێندەوارە، بەهۆی کۆچی براکەیەوە کە لە دوورە ولات کۆچی کردبوو بۆی وتین، ناوبراو خەلکی شاری (خانەقین)ە.

هەواڵنامەی کتێب

## (ئەو سەردولکانەی تایبەتن بە پیاوانو ژنان)ەوە

### لە تازیەدا دەیلێن:

١_ دیوەخانێ
٢- شانە شین
٣- لاوژە یان لاوژۆکە
٤- قەڵغان و شمشێر
٥- هێدی هێدی
٦- سەیدەم
٧- خۆشەن هانەوە
٨- کەوەکەم دەوێ
٩- مەمکی نازداری

### شینی (دیوەخانێ)*:-

دیوەخانی جۆرێکە لەم گریانە بەسۆزانە کە لە شینێ دەگوترێت، بۆ مردووی خاوەن دیوەخانو کوێخای گوندی یا هەر کەسێکی تری دیارو لێهاتوو و خاوەن قۆناغ بوایە. شێوەی گوتنی ئەم دیوەخانانە بەم جۆرەیە ئافرەتێک بۆی دەکوتنو دووانی تریش دەیان گێرایەوەو بەیەکەوە لەسنگی خۆیان دەدا تاکو شلو کوت دەبوون یا ئەوەتە مەلای گوند یا پیاوێکی ماقوولو دیار و لێهاتوو یا مەلاژن یا هەر ئافرەتێکی تری بڕوادار بوایە دەهاتو شینەکەیانی پێ بەردەدانو ئینجا ئافرەتەکان دەچوونە ژوورەوەو ماوەیەکی کەمی پێ دەچوو کۆمەڵە بانگ چی نوێ دەهاتنو بۆ جاری دووەم شینەکەیان دادەبەستایەوەو وەکوجاری پێشوش شینەکەیان بەردەدان و دەچوونە ژوورەوەو ئەمجارە لەجیاتی شین کردن ئاوازە دڵ تەزێنەکانی

---

* ڕۆشنبیری نوێ ژ. ١٠٣ - ١٠٤ ل٢٦١ -٢٦٣ ، ١٩٨٤

سەردولکە ) دەستی پێ دەکرد، ئەمەش چەند نمونەیەکی شینی دیوەخانی یە کە ئافرەتان بۆ ناو شینێ دەیان گووت:ـ

دیوەخانێ لە ملەکێ
قاوەی بکوتن گەلەکێ
بۆ کێخوای چاو بەرەکێ
× ×

دیوەخانێ لە دێری
هەراش گۆڕیێ کنێری
کوێخوا چووینە هەولێری
× ×

دیوەخانێ چوار گۆشە
بە ڕایەخو سەر چۆشە
ئاغا لەناو نەخوئشە
× ×

دیوەخانێلە گوێری
تاقم فنجان لە ژێری
قاوەچی با بیگێری
× ×

دیوەخان سەر هەورازە
چاوەشان گرازە گرازە
دنیا لە لاوەی ترازە
× ×

دیوەخانێ لە برندی
کوڕان دەخوڕن بەتوندی
ئاغا دەڕوا لە گوندی
× ×

هەواڵنامەی کتێب

دیوەخان سەر لە نشێوە
چاوەشان لێوە لێوە
دنیا لە ئاغای شێوە

× ×

دیوەخان چاکرا دوێنێ
هەراش گوڕی بەی بونێ
نەما لاوێن قانوونێ

× ×

دیوانێو دیووخانێ
سەران نێن لەخەم خانێ
قاوەمان لە فنجانێ
لە خۆن بابان نەوێرانێ
دیوەخانێ سپی یە
هەراش پەلک و بی یە
بەگوراوێم ڕشاندیە
جوامێر لەناو نووستیە*

## (دیوانەو دیوەخانە) لە شاری هەولێر :-

دیوانەو دیوەخانە
کورم لاوێ دیوانە

دیوەخانێ لە تیشی
هەراش پەلکی قەمیشی
کاکەم تێدادەنیشی

* ڕۆشنبیری نوێ، ژمارە _١٠٣ _١٠٤)، ساڵی ١٩٨٤، ل٢٦١



هەواڵنامەی کتێب

دیوەخان سەر هەورازە
چاوشان گازە گازە
دنی لەوێ ترازە

دیوەخانسەر نشێوە
چاوشان لێوە لێوە
دونیا لەلاوێ شێوە

دیوەخانێ لە بڵندی
نەچاوەش مانە ئەفەندی

دیوەخان چاکرا دوونێ
هەلاش گوڵێ بە یبوونێ
کاکەم گرۆتیە خاتوونێ
نەمام لەوێ قانوونێ[1]

هەوڵنامەی کتێب

ئەم سەردولکەیە بۆ ناوداریّ ئەوتریّ :_

هێریێ لەو دیو لەو دیوان[2]

هێریێ لەو دیو لەو دیوان
دێن دەنگی تەنەکە زیوان
کەلەش کەتەنە دیوان
مەکوژن بابی هەتیوان

هێرنێ لەملەکا ملەکان
شەڕی بەرانو (شەکـ) ان
خەنجەری نابرن کەلەکان
گوللە دەبرن پەستەکان

[1] محمدکریم شریف _ فۆلکلۆری هۆنراوەکانی کوردەواری، کەرکوک، ١٩٧٤ ل٢٢٢

[2] محمد کریم شریف _ فۆلکلۆری هۆنراوەکانی کوردەواری، کەرکوک، ١٩٧٤ ل٢٢٣

هێریێ ئەو هام نەدی قەت
ڕوو بەڕوویی عەشیرەت
خوایە بکرێ مەسلحەت

مێر لەجۆخینێ ماشان
گوللە دێن وەکی گاشان
مەکوژن ئاغەو سوپاتان

هێر لە جۆخینێ کایێ
گوللە دێن وەکی بایێ
مەکوژن ئاغەو کێخوایێ

هێر لە لیسێ خەر تەلان
بەو قورعانێ وان مەلان
نادەم (کودە ) ی مێگەلان

## لاوانەوە بە شێوەی هەورامی :-

بەتیغی مودا دڵم بیەن ڕیش
ئیتر دمای تۆ ئەمن دنیام پێ چش

هیچ خەم مەوەرە خەم سۆدا وەرا
بنیشە وە دیار خوا خێر کەرا

ئینە واهارا کەشو کو ڕەنگین
دڵەی خەڵق شادان هین ویم غەمگین

نارۆ جەژنە نە جەژنە نویمانە
گرد ئینتزار و باڵاو تومانە

ئەوە گوڵانە بەلو فراوان
هیچ کەس ویتەی تو روو نەنیوە باوان

بەفرای زولقت بوو زلفت چەند دیزە
مەواجای کاڵای دەوری تەوریزە

بارە وشکن و پیچی پەلکت
پێ کیش مازی جیا تولفی بیکشت

مەرگت وخوای وەشا زوو میو ساریژ
نەکت لاشەی دل دایم کەروئیش

پێ ئانیشا مەگەرەو سەرجەسەرنا
بێ ئانیشا گرەرو بلخەل برینا

دل کۆسی نوشەن
ئا لەم ئارەزو باڵاکەی توشەن

ئی شەو هەر نالام بەتای دەردەوە
نەلەک بێ مۆلەت روش نەکەردوە

چەندی شازادە بەم ئەورە شیەن
قولپی باشیشان چون خەسرەو بیەن

ئەیلی توم کەرد شیرین ئەومەوە
تائیم بی فەرهادی کۆکەن

حوشترەکا لەیلی بەستەن شا قەتار
ڕاشا کەرد ماوەی مجنون هەژار

بیشکە هورگیرە روکەرە باوان
ئەر باوان نەبی سای دەرنراوان

نەشەو خاوم هەن نەروز زینگانی
سیاوەن بەرگم چوون کرماشانی*

* لە زاری عەیشەخان خەڵکی تەوێڵە وەرگرتووە _نەخوێندەوارە _تەمەنی ٧٥ ساڵ.



هەواڵنامەی کتێب

# لاوانەوەی گشتی

ئەم جۆرە لاوانەوەیە بەشێکە لە لاوانەوەی کۆمەڵایەتی. مەبەست لە لاوانەوەی گشتی کەسانی دەرکەوتووی کۆمەڵ کەدەورێکی گرنگیان لە بزوتنەوەی ڕۆشنبیریو ئەدەبیو سیاسی دابووە.

ئەم جۆرەلاوانەوەیە شەخسیاتی ناوکۆمەڵن لە هەموو بوارەکانی ژیاندا بەپێ ی هەڵسوکەوتو دەوریان چ لەڕووی کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری، زانستی بێ.

لە ژیانی کۆمەلایەتیو ڕۆشنبیری کوردیدا کەسانی وا هەڵکەوتوو هەبووە کە بەپێ ی دەورو زەمانی خۆیان شیعریان بۆ دانراوە ئەوە ئەمین زەکی مێژوونووس، تۆفیق وەهبی زانا، شێخ محمودی نەمرو بارزانیو قازی، عەلائەددین سجادی ئەدیب، گۆرانو بێ کەس ی شاعیر، ڕەفیق حیلمی ئەدیبو ڕەخنەگر، ئەمانە هەریەکە بەپێی پلەو شوێنیان لەناو کۆمەڵو دادوەری خۆیان شیعری لاوانەوەیان پێشکەش کراوە.

هەواڵنامەی کتێب

## کەواتە لاوانەوەی گشتی سێ جۆرە:-

١- لاوانەوەی زانایان.

٢- لاوانەوەی زانایانی زمانوئەدەبومێژوو ناسان.

٣- لاوانەوەی هاوڕێ یا دۆستو برادەرانو سیاسەت مەداران.

ئەم لاوانەوەیە زیاتر لە ئەدەبی نووسراوداو ئەدەبی میللی دا بەشێوەیەکی سەرەکی لەلایەن شاعیرانەوە نووسراون هەرچی لە ئەدبی فۆلکلۆریدا بڵاوبۆتەوە پەیوەندی بەپیاوانی ناودارو سەرۆک هۆزو تیرەوە بووبێ ئەوە شینی (کۆتەڵ)یان بۆ کردووە یاخود (شینی دیوەخان)ی لێرەدا سەردولکەی بۆ کارە بەناو بانگەکانی بووە وەک سوار چاکی، ئازایی و ڕاوکردن، یارمەتی هەژارانو لیء قەوماوان. باسی ئەو ڕۆژانەی ئەکەن کە بەنەبەردی لە جەنگدا سەرکەوتووە.. باسی هاوڕێکانی ئەکەن، باسی ڕووداوی ناخۆشی مردنەکەی ئەکەن.

ئەگەر مردووەکە کوری لەپاش بەجێ مابێ، ئەوە کورەکەی کۆتەلی بۆ ئەگێڕێ ئەگینا هۆزەکەی بەتێکرایی کۆتەلی بۆ ئەگێڕن، سامانی سەرەک هۆز ئەگەر کوڕی نەبێ بۆ هۆزەکەی ئەگەڕێتەوە.

شینی پیاوان کەپیاو شین ئەکا خاسیەتی لەوەدایە کەپرە لە ڕەگەزەکانی داستانی قارەمانیەتیو لیریک. لەناو شینەکەدا دەربارەی ئازایەتیو بڕیاری سەرکەوتن لە شەڕو لە ڕەمبازیدا دەدەنوخۆشەویستی باوکو کوڕ دیارە[1]

ئەم شینە تایبەتە بەخزمی نزیکی خاوەن مردووەکە یاخود کەسێکی ناودار (بەگ زادە، ئاغا، کوێخا، پیاوێکی ناودار، سەرەک هۆزێک یاخود ژنێکی ناودار) بەڵێ لەبەشی لاوانەوەی پیاواندا خاسیەتێکی تایبەتی هەیە بۆ هۆنینەوەی شینەکە ئەویش دابی (کۆتەل)ە کە هەر پیاوان بەشداری تیا ئەکەن.

وەک ووتمان (کۆتەل) بریتییە لەوە ئەو ئەسپەی مردووەکە خۆی لەژیانا سواری ئەبوو، زین ئەکەنو جلو بەرگی کابرا ئەخەنە سەر زینی ئەسپەکەو دەمانچە کەشی پیاهەڵ دەواسنو کڵاوەکەی لەسەر دادەنێن، قوماشێکی ڕەشیش ئەدروون بەملی ئەسپەکەدا ئەگەر مردووەکە پیر بوو. خۆ ئەگەر مردووەکە گەنج بوو ئەوە قوماشێکی ڕەنگاو ڕەنگی پێوە ئەدروونو ئەسپەکەی بەناو ئاواییدا ئەگێڕن. لەکاتی کۆتەل ئامادەکردن دا کلکی ئەسپەکە ناهوننەوە، ئەگەر مردووەکە گەنج بوو کلکی ئەسپەکەی ئەگرنە خەنە یەکێکیش لە پیاوەکانی هۆزەکەی ئالای هۆزەکە هەڵ ئەگرێو لەپێشی ئەسپەکەوە ئەڕۆاو ئەسپەکەش لەسەرخۆ بەدوایدا ماڵ بەماڵ بەناو دێ کەدا ئەگێڕنو مردووەکە ئەلاوێننەوەو باسی ئازایەتی لەشەڕداو لەگەڵ دوژمندا ئەکەن[2].

---

[1] م. ڕۆدنیکۆ... ل٣١٩

[2] بڕوانە گ. ف - چوورسین - کوردکانی ئازەربایجان - ل١٠
نەریتی کۆتەل لەلایەن نوسەری کوردی سۆڤیەتی هاوچەرخ (ئەحمەد میرزا) وە نووسراوە بیرەوەریەکان - یەریڤان - ١٩٦٦- ل٨٩ -٩١ بەکوردی.

## شینی شێخ مەحمودی نەمر[1]

بابی بابم شێخ مەحمودی بە(مەلیک) دانرایە
بەخۆی لەچیاو چۆلان عەسکەری لە سەحرایە
تانی لە عەسکەری‌دا سونکی تاق ڕاوەستایە
هەموو سەیدی زەمانی بەخۆی وا لەگەڕ دایە
پێنج سەد فەلەی نەیاری سێ حاکمی لەگەڵ دایە
کەریمی فەتاح بەگی عەسکەری تەعلیم دایە
لەدەورەی چەمچەماڵ دەبووە حەربوخەزایە

بابی بابم شێخ مەحمود سەرکردەی ئارەمانی*
لۆیەکی دروست دەکا بەربەری لۆ دێ دەرمانی
گوللەی قەندی شەکری ئەو باشە لۆ نیشانی
بەسەر ئینگلیزی دادا لەگە گەردی بەیانی
کورینە تانی لە خۆدەن بێنن کیژی نەجاتی

بابی بابم شێخ مەحمود ئەوم شێخی بەڕەوە
قاقەزەکی دەنووسی، ناردی لە بۆ سەرەوە
ئینگلیز دەبا دەفن بێ، دەبا هەر کورد بێتەوە

هەواڵنامەی کتێب

[1] هاوکاری ژ. ١٩٦، ٧/ ١٢/ ١٩٧٣ (محمود زامدار) ئەویش ئەم بەندەی لە شایەری میللی دەشتی هەلێر (عەولای حەمەددەمین) وەرگرتووە.
* ئارمان - قوە ئیحتیاطی عشائر

# بەیتی شێخ مەحموود[1]

هەی داد هەی بێداد شێخی کەواله
شەرەکێ داکەتیە لەو بەر لەو بەرە
دەنگی تۆپان دێ لەم سەران سەرە
حەیفە شێخ بچێ بە تۆپی فەلە

هەی داد هەی بێداد لۆ هەمەوەندی
چەکیان لە خۆدا لەگەر کەمەندی
شەری شێخ مەحمود بگرن سەرحەدی

شێخ مەحمود شێخە بە خۆو بەکورە
هەسپی دەرینا رەخشی یێم خری
کافران دەکوژێ زگیان دەدری

هەی داد هەی بێداد (مشیری عەمەی)
دینی خۆی فرۆشت چی لێ نەزانی
بەپێش ئینگلیس کەت لۆ سولێمانی
کافر دەشکان تا (کەنگربانی)*
حەیفە شێخ بچێ قوتبی زەمانی

[1] ئەم بەیتە لەزاری حەیرانبێژ (عومەر گاوەرەیی) وەگیراوە ئەویش لەزاری (سۆفی مورتکەیی) وەرگرتووە ٧_٤_١٩٨٥

* کەنگربان _ گوندێکە نزیک شارۆچکەی کفری.

هەوالنامەی کتێب

وەک وتمان شینی کۆتەڵ (چەمەر):_ بۆ پیاوێکی ناودار و گەورە ئەوترێ کە لە کاتی شینو لاوانەوەدا_ هەموو جلو بەرگو چەکو ئەسپەکەی ئەخەنە بەردەم و بەدەوریدا کۆتەڵ ( شین ) دەکەن.
وەک شینی شێخ مەحمودی نەمر. کاتێ کە لە بەردە قارەمان بریندار کراوە.
ئەمەش چەند دێرێکی پیاهەڵدانە بەسەر شێخ مەحمودی نەمردا:_[1]

کوا شێخ کوا نەوەی ئەحمەدی کاکی
کوا نەبەردەکەی ئەم کوردستانە

کۆتەڵ زۆرجار لەدیوەخانەکاندا ئەکرێ، بەتایبەتی ئەگەر ئەو کەسەی دەمرێت _کەسێکی ناودار و خاوەن دیوەخان بێت_ بۆ ئەوەش هەندێ جار لەم شینەدا ئەم بەیتانەی خوارەوە ئەوترێ:_

دیوەخانو هەیوانە
پاشو پێشی کەلانە
کوڕەی لەناو مێوانە

دیوەخان خڕاو خڕە
هەر چوار دەوری شلخوڕە
حاجیمان تازە کوڕە

هەواڵنامەی کتێب

## بۆ پیاوێکی گەورە و ناودار[2]*:-

---

[1] ڕۆژنامەی هاوکاری ٧_ ١٢_ ١٩٧٣ (مەحمود زامدار) ژ. ١٩٦
[2] محمد کریم شریف، فۆلکلۆری مۆنراوەکانی کوردەواری...ل٣٢٣
* ئەگەر لەناو عەشیرەتی سورچی پیاوێکی ناودریان بمرێ ئەوا سندوقێکی تایبەتی بۆ دروست دەکرێ سندوقەکە لەدار بەڕوو دروست دەکەن و مردووەکە بە سندوقەوە لەناو گۆڕ ئەنێن خەڵکی گوندەکەش بەژنو پیاوەوە لەسەر قەبران لەخۆیان ئەدەن و شین ئەکەن. هەروەها بەدرێژایی ڕۆژانی تەعزیەش کەسوکاری مردووەکە لەباوەش ئەکەن و شین ئەکەن. ئەم جلو بەرگانە تاچەند مانگێک هەر لەباوەش ئەبێت لە هەڵسانو دانیشتنو هاتوو چۆیان تەنانەت ئەگەر بچن بۆ گوندێکی تر جلو بەرگەکە هەر لەباوەشیان ئەبێ.. ئەم دەستوورانە تاکو ئێستاش لە گوندەکانی (ئامۆکان و باتاس) هەرماوەو کاری خۆی هەیە. (لە زاری مام حسین مەلا سورچی سالی ١٩٨٠ وەرگیراوە).

هەی مێرۆ مێرۆ مێرۆ
کەنعانەو خۆش وەزیرۆ

هەی مێرۆ لە قەنتەرێ
هەسپی شێ بینە دەرێ
لۆت بکەم زینو بەرێ
سەفەرت کەتە بەرێ

سەفەرە چ سەفەرە
سەدو پێنجە نەفەرە
هەر بەخۆشی سەرەوە

هاتیە لەلای قوچەکان
خۆی زەرد کردیە لە چەکان
لە زوانی چاو بەڵەکان

هاتی یە لەلای پردێ یە
هەگبەکی لێرە پێ یە
ئەوەیش نەختێ کارێ یە

هاتیە لەلای ئیفرازێ
کورە ژنێ دەخوازێ

تەلاتی لە چیایە
تۆنگرەی لەچیایە
عەسکەر دەوری لێدایە
چەند مەردەو نەشیوایە

تەلاتی لە (کەور) ی
دوژمن دەورەی دەگری
چەند مەردە سام نایگری



هەواڵنامەی کتێب

داستانی (شەریف هەمەوند) وێنە قارەمانیو ئازایەتیمان بۆ دەگێڕێتەوە کە خۆی لە خۆیدا لا پەرەیەکی مێژووی کوردو کێشەی کوردە.

**بۆ نمـوونە:**

تەڵغانی زەردە ماین چۆن دێتێ
هەوری لە سەری بادەی شەکێتێ
شەریف مەکوژن لاوی گرمێتێ

قەڵغانی زەردە مایِنی شێ یە
دەنگی تەپلیان دێ لەمیرە دێ یە
شەریف مەکوژن دۆستی چاو لێ یە

دەوری سلێمانیم پڕشیوو زەردە
جارچی جاریان دا لەشکرمان گردە
دەڵێن سلێمانی حاکمەکەی کوردە

یاخوا سەربازان پەنجەیان بشکێ
گوللێکیان دابوو لە گۆی مەمکێ
لەجێ ی ئەو گوللەی زوخاو دەتکێ

قەڵغانی زەردە ماینی باڵەبان
دەنگی تەپلیان دێ لە گردی سەیوان
هاوار وەگەرێ تاڵان وەگەرێ
پاش شەریفی باکەس نەکا شەڕێ[1]

---

[1] محمد توفیق وردی _ فۆلکلۆری کوردی _ ب١ _ بەغدا ١٩٦٨. ل٨_٩

## بۆ شەریف هەمەوەند[1]

ڕۆژێ لە ڕۆژان های شەریف سەر لەسبیانێ
هەسپەی دەرینە (های شەریف) لە تەویل خانێ
شەریف سوارە با لاربم دەچێتە مەیدانێ
رم لەسەر دەستی (های باوکم) شێر لە کالانێ
شەریفەی مەکوژن (های لاربم) کاکی عەیشانێ
قەڵغانو شمشێر (های شەریف) ماینەکەت ڕەشە
ڕم لەسەر دەستی (های لاربم) سەرزین بەنەخشە
قەڵغانو شمشێر (های شەریف) ماینەکەت بۆرە
ڕم لەسەر دەستی (های ماینت) عارەبی
ڕم لەسەر دەستی (های شەریف) باوەیی

## ڕێو ڕەسمی شینی کۆتەڵ :

لە ناو یەزیدیەکاندا (شینی کۆتەڵ) بەناو دێ دا دەگێڕن، ڕووبەڕوو ئەم کۆتەڵە کۆمەڵێکی تر بەسواری لە دێیەکی تری نزیک یا دراوسێ ی مردووەکە دێن بەپیری ئەم کۆتەڵەو خەڵکی ئەو دێ یەوە دەچن. ئەوانیش کۆتەڵی بۆ دەگێڕن و بەشداری شینەکە دەکەن. ئەمانە، بەسواری یا بەپیادە ڕوو بەڕووی یەکترەوە دێن بە هاوارو بانگ و وا وەیلاوە دێنو دەچنو نارەحەتی خۆیان بەبۆنەی مردنی کەسە نازدارەکە دەردەبرن، بەمانە دەوترێ (هاواری) ئەمانە بەیداخی مۆزەکەی خۆیان هەڵگرتووە، کاتی کە هەردوولا بەیەک دەگەن، ئەوانەی لە گوندی دراوسێ کەوە هاتوون پەیداخی مۆزەکەی خۆیان لە ئەسپەکەیان دەکەنەوەو دەیخەنە سەر ئەسپی مردووەکەو

[1] عومەر شێخ ئەڵڵا دەشتەکی - داستانو گۆرانی لە فۆلکلۆی کوردیدا _ هەولێر ١٩٨٧

دەست بەشینو لاواندنەوە یەک لەدوای یەک بەنۆرە دەکەنو دەلاوێنەوە، لە کاتی ناشتنی تەرمی مردووەکەشدا ئەسپەکە بەدەوریدا دەگێڕن.

شینی کۆتەڵ لەناو کوردەموسڵمانەکاندا بەزۆری بۆ پیاوان بووە، کەم شینی کۆتەڵ بۆ ژن کراوە. بۆ ژنی جوانەمەرگ یا ناوداری وەک (عادلە خانی جاف) کەجلو بەرگەکانی بەدارێکدا دەکراو شیوەنیان بەرامبەر دەکرد.

## نایلە خانی کۆیە بۆی گێڕامەوە:

(ماڵی قادر رەواندوزی کاتێ کورەکەیان شەهید کرا، دەسگیرانەکەیان هێنایە ناو تەعزیەکەو هەموو جلو بەرگی بوکێنیان لە بەرکرد لەسەر کورسیەک رازانیانەوە وەکو بووکێ تازە بەرێ کراو بەدەوریا چکلیتو شاباشیان هەڵ ئەداو شینیان بە دەورا دەکردو ئەو عالەمەیان دەهەژاند، پیاو خۆی نەدەگرت لە حەشمەتیان).[*]

لەناو هۆزی (جاف) دا پیاوان کۆتەڵ دەکەن و شانو سەریان لەقوڕ دەنێن، هەرچی پەیوندی بەو کەسە ناودارەوەبێ جلو بەرگو چەکو ئەسپەکەی بەناو دێهاتەکاندا دەگیرا وشینیان دەکرد. شینی کۆتەڵ بۆ وەسمان پاشای جاف و تایەر بەگی جاف کراوە.. لەناو بەیتی شینەکاندا مێژووی ناودار ی جاف و دیوەخانو راوو شکارو سەرخەرمانو سفرە و خوان و شتە جوانەکان کراوە. پاش کۆتەڵ پیاوان فەقیانەکانیان لە (خوم) دەدا تا ساڵێک و تەنانەت جلو بەرگی مردووەکەش لە ژوورێکدا هەڵ دەواسراو تا ساڵێکیش ژوورەکە دادەخرا.[*]

وەک ووتمان لە کۆنا کۆتەڵ دەکرا، بەتایبەتی بۆ پیاوانی ناودارو بەوەفاو دڵسۆز یەک لەم (کۆتەڵ) انە وەختی خۆی بۆ (ئەختەری شاعیر ئەمین ئاغا) کراوە لەکاتی بەرێ کردنیا هەر پیاو بوو نەختی قوڕیان بە سەریاندا دەدا. هەبوو (لانکوچکی)

* ساڵی ١٩٨٨ ئەم سەرگوزشتەی بۆگێڕامەوە.

* لەزاری بەهجەت جاف و سوریا خانی خێزانی وەرم گرتووەو دەڵێن تا ساڵانی ٩٦٠ د ابی کۆتەڵ هەبووە بەمردنی (حسین بەگی جاف) ئەو دابە نەماوە. ١٩٨٨/١/٥ (لەهەولێر) ئەم زانیارەم وەرگرتووە.

لەخوم دەنا. بۆ ئەمین ئاغا حەوت ڕۆژ کۆتەلیان لە زەوی میری بەرامبەر قەبرەکەی لە گۆرستانی (عارەبیان) بۆ گیرا ودەنگی (ئاغاڕوی) و هاوارو فیغانی خەلکی بەری ئاسمانی گرتبوو. چونکە ئەمین ئاغا خۆشەویستی کۆییان بوو، لەهەر چوار گەڕەکی کۆیە هەموو بەخەم و حەسرەت بوون بۆ شاعیری کۆچ کردوو.[°]

سالی ١٩٤٣ لە شاری کۆیە کۆچی زانای ناوداری کورد (جەلی زادە) بە هەموو لایەکدا دەنگی دایەوە، کۆیە بەجارێ شلەژا، بازارو دوکان هەلگیرا.. کۆچەو کۆلان لە هەمولایەک بەکۆچی ئەم زانایە دل تەنگو مات و غەمبار بوون. لە مالەوە شینی کۆتەلیان بە دەوری جلەکانی ئەم زانایە دەگێرا[٢].

## شینی کۆتەل یا چەمەر لەناو کوردە شیعەکانو کاکەیی یەکاندا:

جۆرە ئاهنگێکی ماتەمینە کە بەهۆی سازو دەهۆل لەڕێ و رەسمی ماتەمینی لێ دەدرێ (چەمەری یا چەمەریانەی) پێ دەوترێ. بۆ زیاتر لێکۆلینەوە لە (چەمەر) لە فەرهنگی مەردوخ دا هاتووە(چەمەر) بەمانای زنجیرە بازنەو چەمەری بەمانای دەهولێکە بۆ تازیە لێ دەدرێ[٣] لە فرمنگی (خال) دا چەمەر بەمانای گریان بۆ مردوو و (چەمەر چوبی) یان (چەمەری داری) بەمانەی هەلپەرکێ یەکی بە کۆتەل هاوکات لەگەل گریانو شیوەن[٤]

مەراسیمی چەمەری زیاتر لە رۆژانی ماتەمین مانگی (موحەرەم) بۆ کۆبوونەوەی دەستەو تاقم لەمەیدانەکان وشەقامەکانی شار لێ دەدرێ مرۆڤ کە دەبیستێ رەنگو بۆنی دلێرانەی شەمیدانی کەربەلای دێتەوە بیر.

لەناو کوردەکانی لورستان بەکار هێنانی موسیقا لە رێو رەسمی شاییو ماتەمینی تا بلێ ی سەرنج راکێشە، باسی هاوکاریو هاودەردی خەلک لە خۆشیو ناخۆشی

---

[°] لەزاری تاهیر ئەحمەد حویزی )م وەگرتووە. سالی ١٩٤٤ لە کۆیە. ناوبراو مێژوو نووسو ئەدیبی ناسراوی شاری کۆیە یە تەمەنی( ٦٥ ) سال.

[٢] کوچ و مال ئاوایی (جەلی زادە)، (عبدالخالق علاءالدین) چاپخانەی نەجەف ١٩٦٤.

[٣] فەرهنگ مردوخ (شێخ محمد مردوخ) کردی بەفارسیو عەرەبی- جلد اول.

[٤] خال (شێخ محمد خال) فەرهەنگی کوردی بە کوردی _بەغدا ١٩٦٤

هەواڵنامەی کتێب



یەکتر دەکات. هەندێ جار ئەم ڕێو ڕەسمیە تا مانگێ درێژە دەخایەنێت، ئەو ئاوازانەی کە بەزورناو دەهۆڵ لێ دەدرێ و ئەو شیعرانەی کە لە ماتەمینی دەخوێنرێتەوەو ئاوازی (چەمەر) ی واتە (ئاهەنگی کە بەزورنا کاتی ماتەمینی لێ دەدرێ). ماتەمینی ئاوازێکی پێشینەو کۆنی هەیە کەئەم ڕێ و ڕەسمە لەگەڵ ئەفسانەکانی سەرەتای سەردەمی نوێی بەردین پەیوندی هەیە.

چونیەتی ڕێ ورەسمی چەمەری لەناوچەو عەشیرەتەکانی عیلامو لورستان وادێنە بەرچاو کە لەگەڵ تێپەربنی کات و سەختی و ناخۆشی خەڵکی درێژەی هەبوەو ئاوازی غەمباری چەمەر بەرێ و ڕەسمێ وتراوە هاوکات لەگەڵ ئەو ژیانە سەختە بەرێوە چووە.

لادێیەکانو عەشایرەکانی ئەو ناوچەیە بۆ سێ مەبەست ڕێو ڕەسمی (چەمەر)یان بەرێوە دەبەن.[٥]

[٥] ئاوێنە_ ژ. ١٧ _ ١٨ _ساڵی ١٩٩٥ (ڕێو ڕەسمی ئاینی سوننەتی (چەمەر) لەعیلام ولورستان) ل٩٢ _٩٨ زمانی فارسی.

١- کاتی گیاندان

٢- کاتی ناشتن

٣- ماتەمین

چەمەری بەزۆری بۆئەو بنەمالانەیە کە دەست رۆیشتوون و بەزۆری بۆ پیاوان ئەنجام و بەرێوە دەچێ. چەمەر بەزۆری لەدوای سێ رۆژ یا هەفتەیەک لەدوای مردنی مردووەکە ئەنجام دەدرێ. ئەمەش بۆ ئەوەیە خاوەن تازیە عەشیرەتو دۆستەکانی ئاگادار دەکاتەوە و بەدوایاندا دەنێرێ و دەعوەتیان دەکا بۆ بەشداری کردن لەو رێو رەسمەدا.

**لەبەرێوەبردنی رێ و رەسمی (چەمەر) هەنلێ قۆناغ هەیە دەبێ تێپەر بکرێ لە وانە:**

- تەدارەکی چەمەر
- هەڵبژاردنی شوێنی چەمەر
- ناردنی تەتەرو را گەیاندنی کات و شوێنی بەرێوە چوونی چەمەر.
- دەعوەت کردنی عەشایر و خەڵکی تر کە.
- چونیەتی بەشداری لە رێ ورەسمی چەمەر و بەرێوە بردنی.

لە چۆنیەتی ئامادەبواندا ئەو کەسانەی کە بۆ ئەو مەبەستە دیاری کراون لە دەستەو تاقمێکی رێکو پێک بەجلوبەرگی رەش و سوننەتی کە بەزۆری لەریش سپیان و پیاوانو ژنانو بەساڵ چووەکان تایەفەو تیرە جۆراو جۆرەکانی دوورو نزیک پێک دێت دێ. هەریەکە یارمەتی مادی و مەعنەوی خۆیان پێ یە، ئەوانەی لەدوورەوە هاتوون خواردنی وەک (برنج، مەر، رۆن، خەلوزیان پێ یە) ئەوانەی کە لەخزم وکەسی مردووەکەوە نزیکن خواردنی تازەو گەرم لەگەڵ خۆیان دێنن. کە مەسروفاتی خاوەن تازیەکە کەم دەکاتەوە ئەمانیش لە دوو دەستەی پێشوازی کەر بەرەو روو دەبن:_

## ١- پێشوازی کردنی پیاوان :

لەکاتی پێشوازیدا پیاوان دەڵێن:

هەی داد هەی بێداد

یا (هەی وای ، هەی بێدای).

لەم کاتەدا میوانەکان هەندێ قوڕ کەلە تەشتێکدا گیراوەتەوە لە شانی خۆیان هەڵ دەسوون ئینجا دەچنە ناو ڕەشماڵەکە.

## ٢- پێشوازی کردنی دەستەی ژنان :

ئەمانەش لەخزم و کەسانی نزیک و خاوەن تازیەن، ئەمانە سەرپێچی ڕەشو جلوبەرگی خۆڵەمێشیان لەبەردایەو دەمو چاویان بەنینۆک بریندار کراوە، ناوچەوانو هەردوو شانیان قوڕی پێوەیە بەعەبایەکی خۆڵەمێشی کە کەوتوتە سەرشانیان ڕووبەڕووی ژنەکانی دەورو بەر دەچن بە جۆرێ کە هەردوو دەستیانو دەم و چاوی خۆیان دەڕنـنو دەڵێن (وەش، وەش)و (وای وای....) دەڵێن. پێویستە ئەوەش بووترێ لەخۆدانی ژنەکانو جوڵەی دەستیان لەکاتی پێشوازی و لەوەختەکانی تر لەگەڵ ئاهەنگی زورنا و دەهۆڵەکە یەک دەگرنەوە.

هەواڵنامەی کتێب

## بەڕێوەچوونی ڕێو ڕەسمی (چەمەر).[٦] :-

قۆناغەکانی ڕێو ڕەسمی چەمەرکرمەڵێکن کە بریتین لەمانەی خوارەوە:-

١_ ریزبوونی ژنانو پیاوان یا ریز بەستنو دەست پێکردنی.

٢_ ژنانی شیوەن کەر.

٣_ لی دەرانی سازو دەهۆڵ.

٤_ ئامادەبوونی شایەرو شعر بێژی میللی لەگەڵ شایەرو راویەکانو بەیداغو بارگەو بنەو زین.

[٦] هەمان سەرچاوەی پێشوو ل٩٤.

لەرۆژی دیاریکراودا لەگەڵ دەرکەوتنی زەردەی خۆرو بەرز بوونەوەی دەنگی دەهۆڵو زورنا یان بەواتایەکیتر (ئاهەنگی چەمەری) لەمەیدانی شوێنی چەمەر خەڵکو قەومو نزیکانی خاوەن ماتەم لەدەوری یەک کۆدەبنەوەو لەدوو ریزی جیا ژنو پیاو بەڵام بەستراوە بەشێوەیەکی رێکو پێک لەسەر هێلێکی دیاری کراو لەشێوەی بازنەی. یەکەمجار پیاوان بەیداغو درووشمی تایبەتی هەڵ دەدەن. پاشان ژنان ریز دەبەستنو پارچەیەکی رەشی لەبەردەم خۆیان راگرتووە. ئەم دەست پێ کردنەش بەشیعری شایەرانو راویەکان کە هاوکاتە لەگەڵ دەهۆڵ وزورنا تا دەگەنە کۆتایی ریزەکە سەر لەنوێ دەگەرێنەوە. و ئەمە دووبارە دەکەنەوە. پێویستە ئەوەش بووترێ هەرکە ژنەکان دەگەنە ئاستی خاوەن تازیەکە بەنینۆک دەمو چاوی خۆیان دەرننەوەو هاوار دەکەنو دەڵێن (وای وای). ئا بەم جۆرە پێشوازی لە میوانەکانی دەورو بەر دەکەن.

رێ ورەسمی چەمەر هەر لەبەیانی هەتا نیوەرۆ درێژە دەخایەنێ ئەگەر چەمەر چەند رۆژێ بخایەنێ ئەوە لەگەڵ خۆرئاوا بوون میوانەکان دەبەنەوە ماڵیو خواردنی ئێوارەیان دەدەنێ کەپێی دەڵێن (شاو شیم) واتە ئێوارە خواردنی تازیەیان شاوشیم **shawshin** ئەو بەیتانەش کە شایەرەکان دەیڵێن پەیوندیان بەدابو نەریتی خەڵکی ناوچەکەوە هەیە.

هەواڵنامەی کتێب

# شینی ئەنفالەکان

ئەنفال لە کوردستانی عیراقدا لەئەنجامی شەری ناوخۆو شەری عیراقو ئێران رووی‌دا، رژێمی بەغدا چەندین جار بەقۆناغێک کوردی ئەنفال کردووە... یەکێک لەو ئەنفالە گەورانە ئەنفالی کوردە بارزانیەکان بوو کە هەموو رێکخراو پارتە سیاسی‌یەکانی جیهانی جولاند... بەپێ ی ئەو سەر ژمێرەیەی کەدەکرێ هەشت هەزارپیاوی بارزانی لەبەرە بەیانێکدا خڕ کرانەوەو بێ سەروشوێنو بزر کران.. ئەم کارەساتە دڵ تەزێنە گەورەترین کاری لە دانیشتوانی قوشتەپەو شوێنەکانی تر کرد.. لە هەر شوێنێکی بن دەستی رژێم بارزانیەک هەبوایە چارەنووسی بزر بوو، لەئەنجامی ئەو رووداوانە ژنە چ بارزانیەکان بەتەنها مانەوەو لەسەر منداڵە ووردەکانیان دانیشتن بێ باوکو گەورەی ماڵ منداڵەکانیان بەخێو دەکرد.. ژنە بارزانیەکان لەبەرە بەیانەوە تا ئێوارێ لەدەوروبەری هەولێر یا لەماڵان کاریان دەکرد.. هەموو جۆرە کارێک تەنانەت کەمردویشیان لێ بمردایە خۆیان دەیان بردە گۆرستان.. زۆر پیاوی خاوەن ویژدانی کورد بەدزیەوە یارمەتیان دەدان... ئێستا مەملەکەتێک هەیە کەمەملەکەتی ژنانە لەئوردوگاکانی بەزۆرە ملێی قوشتەپە نموونەی پیاوی ئەنفال کراوانەو منداڵیان گەورە بووەو ژنەکانیان تاکو ئێستا خۆیان کاروبار بەرێوەدەبەن. ساڵی ١٩٩٢ لەرێگەی ژنە ئینگلیزێک (کریستینا) رێم کەوتە ناو ژنە بارزانیەکان ئەو ژنە ئینگلیزە خەریکی ئامادەکردنی نامەی دوکتۆرا بوو لەسەر شینی ئەنفالە بارزانیەکان.. منیش لەلای خۆمەوە هەندێ سەردولکەی شینم لەزاری ژنە بارزانیەکان تۆمار کرد.. ژنە بارزانیەکان وایان دەزانی ئەو ئافرەتە لەوڵاتە یەکگرتووەکانەوە هاتووەو مێردەکانیان بۆ دەدۆزێتەوە بۆیە هەر ژنە بارزانی بوو (جنسیەو دفتر نفوسی) (مێرد، برا، کور، ئامۆزا، خاڵ، مام، خزم)ی دەردەهێناو دەیخستە بەردەم ئافرەتەکە.. هەردووکمان لەگریانی ژنەکان ئاراممان نەماو لەگەڵیانا دەگریاین.. ژنە بیانیەکە باش بوو (تۆمارگەی) پێ بووو من دەفتەر، ئەوەی توانیم تۆمارم کرد.

## لەناو شینی ئەنفالە بارزانیەکان ئەوە بەدەردەکەوێ کە لەم خاڵانەی خوارەوەدا تۆمار کراوە:

١_ داواکردن کەدەرگای زیندانەکان بکرێتەوە تاکو باوکو کوڕو براو ئامۆزاو عەشیرەت بەر ببێ.

٢_ هەموو هاوار دەکەن با (سەدام) زیندانیەکان بەربدا.

٣_ داوا لەدەوڵەتە مەزنەکان دەکەن کەچارەیەکیان بکەنو لەزیندان بەرەلایان بکەن.

٤_ کاک مەسعود بارزانی چووەتە ناو شینەکانیانو دەڵێن بائەو لەپاش بارزانیەکان غەممان بخوات.. با خۆی بێت دەرگای سندوق بکاتەوە (جامەدانی سوور) دەربێنێو حەقی بابو کەسمان بۆ بستێنێ.

٥_ لەناو شینەکان ئیشارەت بۆ ئەوە دەکرێ کەژنێک عارفی کوڕی لەترسی تۆپو تەیارە شاردۆتەوەو ئاخری هەر کوڕەکەی نۆزرایەوەو لەگەڵ پیاوەکاندا بەرێ کرا.

٦_ هەرچی غەریبیو دەربەدەری خۆیانە لەکوێستانەوە بۆ سامەراو بیابانەکانو پاشان دەوروبەری هەولێرو شوێنەکانی تر لەناو شینەکاندا باس دەکرێ.

٧_ لەناو (شین)دا ژنە بارزانی داوا لەخەڵک دەکا بەقەڵەمەکەی نامەیەک بۆ (عەلی) بنووسێو بو دەرکی زیندان بنێرێ بەعەلی بڵێ دایکت شێت بووە، جامەدانی سوور لەمە بزر بووە).

٨_ لە(شین)ەکان ئەوە دەردەکەوێ زۆربەی لاوەکان سمێڵیان نەهاتووە یاخود بەیانی زوو عەلاگەی پڕ خواردن بەدەستیانەوە بووە کەگیراون عەلاگەکان لەسەر شەقامەکان فڕێ دراون.

٩_ لەناو (شین)کاندا ئەنفالەکان دێنە وەلام بەدایکیان دەڵێن (ئێمە دەزانین جگەر سووتاوی) دەردی جگەر گەلێ گرانە (دایە بەسە شین مەکە، هەولێ بدەن دەرگای زیندانمان بۆ بکەنەوە).

## نموونەی شین:-

ـ برا تو لبەر سرێی.. تو ل زیندانێی.. مەزنێ حوکمەتا عیلاجەکێ
ل بۆ بارزانییا بکەن.

ـ کەسی برینداری.. دایکا عارف عەبداله.. برینداره
کۆمەلێ سمیلا لێ گیر نەبوو..
ئێ ئێ.. .. ئێ هاوار خودێ..

ـ مەزنێ دەولەتا مە، دەرکێ زیندانا بۆ مە ڤەکەن..
عەبدالێ.. برینداریێ.. دە سالا برینێ کوردا هاتنە کولینێ..

ـ بارزانێ غەریبە.. خۆدانۆتو هیڤێ بکە
ئەی خودێ؟ مابۆچی ناموسامە لەسەر جادا ڤەکە
غەریب بکەی دێ بۆ مە دەرکا زیندانا
عەبدالێ.. برینداری.. بۆ مایە بتنێ

ـ هۆ برا.. هۆ دایێ... خوشکا ئەنگۆ غەریبە
هۆ برا.. هۆ بابۆ.. ئێی.. ئێی.

ـ وەی لێ مەزنێ حوکمەتا.. دەولەتا
دایکێ.. لاوا نەبەنە خەستەخانا
ئیللا بیەنە دەرکێ زیندانا
وەللا دایکێ لاوێ تە برینداره
هەموو دەکەن نالا..

_ تالآنە .. تالآنە.. تالآنا مەزنو ماقوولانە
ل بارزانییان تالانە
سواری زیلا کرن غوربەتی بۆ مە جێ کرن
خوشکێ بێت لاوا ئەبێ چارە کرن
والله لاڤین مە قەوە بچوکن بۆ زیندانا
هێشتا بەرێ سمێلا لێ گیر نەبون

_ وا لله سەرێ سندوقا ((هۆدایێ)) ڤەکەی
یا هەلگرتن دایکت جەمەدانیا سۆر
بەلکی خودێ رەحمەکێ بکە
مە لغەریبیو غوربەتێ رزگار بکە
دەرگا زندانا بۆ مە ڤەکە

_ نەخۆ ماشینا ڤە بۆ چیە
پشتی قافیلا بارزانییا
عەلاگە لێ گرتن.. نان نیە

_ وەی غەریبێ .. وەی یەخسیرێ.. ئەز نەمینم بۆ بارزانییا
یاڕەبی خودێ ل مە مەزنتر نەکەی .. استغفر ا لله
هزار شوکور

× × ×

_ کا بۆ مە ڤەکە دەرکێ زیندانا
کا بۆ مە ڤەکەن.. مەزنێ حوکمەتا
_ چ خێرە.. چ خێرە بۆ ئەنگو
جوابەکێ بۆ بارزانییا بنێرە

بۆ مە عیلاجەکێ ل دەرکێ زیندانێ بکە
دەرکێ حەپس‌و زیندانا لە مە ڤەکە
ڕەحم ل بارزانییا نەکر..
زارۆکێ بارزانییا کوشتن

_ لاوۆ .. خۆ لاوێ مە، بەر سمێل لێ نەهاتینە
چبکەن بۆ لاوێت جحێلێت خۆ..

_ لاوۆ.. خۆ لاوێ مە، بەر سمێل لێ نەهاتینە
چبکەین بۆ لاوێت جحێلێت خۆ..

_ تو ل‌حالێ مە بپرسە خودێ.. دێ بلا بەس بیت
مامە نەزانی ئەسحابە نەبودن یان خودا نێن عەلاگانە..

_ فەلەکێ چ جەوابا.. چ کاغەزا بۆ مە ناهنێری
چ عیلاجەکی..

_ تالانا مێرخاسا.. مێر چاکانە
تالانا سەرێ بارزاییا نە
تالانا لاوو جحێلانە
تالانا سەد سالییا.. هەتا حەفت سالّییانە
لاوێت مە.. جحێلێت مە
زیندانی بێت مە.. غەریبێت مە
برسی بێت مە.. سەر کۆتو
پێ خاسێت مە.. ئێخسیرێت مە
(سەدام) ل مە خراپ کر مالامە. لە مە کاڤل کر

چ تالآن بوو.. هەمی گرتنو برن
چبکەم بۆ مەلیکێ کوردا.. نەمەلا مانو
نە شێخ مان..
دایکا تە حەفت سالی ڕەبەنە
وەی ل منێ.. وەی ل منێ غەریبێ

ـ دای (ئەحمەد) بچوکی بزر کری
وەی برا.. بەردن لبن عەزابا حوکمەتێ
لاو جحێلین بارزانیان بەژن جوانن

ـ بەبێ مرادی کەتنە زیندانانە
وەی دایکێ گوری.. هۆ بەرخێ دایکێ
هەمی داینێ ل دەولەتاو گەڕێم
دوو برانە.. دوو برازانە.. دوو کوڕێ من
ل بەر دوو کوڕێ من .. ل بەر جەرگێ خۆ
من برا ل بیر نینە
خوشکا (معقوم)سۆت
ئاگرێ خودێ بەر بوو مێلاکێ خوشکێ

ـ وەی لێ (عەلیو حەسەن) سپێدینێ زوو
حوکمەتێ عەلاگە ل دەستێ ئینا دەر
هاڤێت
جەرگێ خوشکێو دایکێ هە دوویا سۆت
دایکێ لاوا جەرگ سۆتینە
پشت یا شکەستی‌یە

هەولێرامەی کتێب

_ وەی لێ دایکا (مصطفی) دایێ
جەرگو مێلاکی دایکێ کون بوو
سێ جارا تەماشای برای کر.. لێ تێر نەبوو
ساڤایێ من..

_ عەیالێ (محسن) عەیالەکی هووردە
لاندکا وان ساڤایە
خوشکا تە کۆرە بیت.. بۆ دەستێ سوکانییە..
ولّلا تالّانا بارزانییانە
تالّانا لاوو جحێلانە

_ لاوێ دایکێ.. بلا خوشکاتە.. دایکاتە بزانیبا
پێشیا (مونشەئێ) بگرتبا
تالّانا لاوو جحێلانە

هەواڵنامەی کتێب

_ عەیالێ من، عەیالەکی هوردە. دایکاتە نەمینیت
بۆ بەژنا بلند
بۆ چاڤێ بەلەک
چ ژنی نینە.. دەرکێ لێ هاتیە پێڤەدان
داوۆ گۆری.. داوۆ..
ئاگرێ بەر بوویە جەرگو مێلاکا..

_ لاوکێ مە.. دەست بدە قەلەمی
خۆش خۆش بنڤیسە دایێ
بۆ دەرکا زیندانێ بنێرە..

بۆ دایکا عەلی، یە..پێنێرە
بلێ دایکا تە شێت بوویە
کو جەمەدانیۥیا سۆرا تە ل مە بزر بوو

_ تو ب عیسای.. تو ب مووسای
تو ب محەمەدی کەی
جوابێ بۆ دایکا خۆ بنڤیسە.. هۆ داوۆ..
ل حالێ عەشیرێ... عەڤدالێن بارزانی
بارزانی غەریبن تە چ نەنڤیسی
کا سوئالو جواب ب خێرا خۆ کاغەزەکی بینە
دایکا زیندانییا مە..چ جەمەدانی سۆر نەمانە
چبکەین دەرکێ زیندانا نینە
جەرگ ئاگرە خوشکا منێ
بچوکبون عەلاگە دابونە دەست خۆ
لەسەرێ قوشتەپەی راوەستابوون

هەولێرنامەی کتێب

# ئەنفـــال

کوا خوێنی ئەنفال زیندە بەچاڵان
لەدەستەی کوردو منداڵو لاوان
کوا دایکی کۆرپەی ساوا بەجێ ماو
لەکوردستانی بەکیمیا سوتـاو
تـاکەی ئـافرەتی کورد ڕەش لەبەرکات
بەزوڵفی ئەڵقەی دەست بەپێوەن کات
تـاکەی بەنینۆک ئـاسمان بتەنێ
تـاکەی کوردستان خاکی وێران بێت
کورد بەبرسێتیو ژان هەراسان بێت
ئەی کورد بەسە خەو هەموتان ڕابن
دژ بەکوشتنو شەڕوو هەرابن
تـاکەی میللەتم پەنا هەندە بێت
بەژانو ئـازار کورد ئـاوارە بێت
تـاکەی کورد کوشتن بۆ ماڵ وێرانی
ساوا گەورە بێ بەسەرگەردانی

(مقداد کۆچەر)

## لایەنی هونەری بەیتی شین‌و لاوانەوە :-

شین و لاوانەوە بنەمایەکی هونەری گرتۆتە خۆ کە لەسەرەتای ئەم باسەدا لەروخساری شینەکان دواین ئەویش (کێش وسەروا) بوو. کەبنەمایەکی هونەری‌و زمانی شیعری بەیتەکانی دروست کردووە ئەم بەیتانە چەند سۆزو خەیاڵ کەناوەرۆکی هونەری پێک دێنن بۆتە دەرخستنی زمانی شیعرو وێنەی‌هونەری‌و ئاوازەکە. شاعیر یا لاوێنەر هەرچی لەدڵدایە بەسۆزێکی قوول دەری دەبڕێ، شێوازی لاوانەوە لە شێوازی شانازی‌و ستایش جیاوازە، هەرچەندە زۆر لە رەخنەگرەکان لاوانەوە وستایشدا وەکو یەک دادەنێن بەڵام، لەراستی دا لاوانەوەجیاوازە، چونکە لەبەیتی (شین) دا چاکەی مردووەکە باس دەکرێ بەڵام لەستایشدا کاتی ئێستا باس دەکرێ.

هەر چۆنێک بێ مەبەستی لاوانەوەو سۆزو واتای شێوازێکی تایبەتی هەیە پەیوەندی بە بینای بەیتەکەوە هەیە ئەنانەت ئەو ووشەو دەستەواژانەی بەکاری دێنن تایبەتە بەغەم و پەژارەو لەهیوای مردوو و دڵ تەنگی دەدوێ ئەمە وای لە بابەتەکە کردووە هونەرێکی بەرزو تایبەتی هەبێ.

بەیتی لاوانەوە زمانی تایبەتی خۆی هەیە، فەرهەنگی زمانی دەوڵەمەند کردووە بەتایبەتی (فرمێسک، هاوار، گریان، پارانەوە، حەسرەت، خوێن، لە چاو رژاو، سوتان، لێک پچران، لێلاوی چاو، دوورکەوتنەوەی یەکجاری، رەش پۆشی، پرسە، کرسی قیامەت، تەلقین، تازیە، کۆتەڵ، چەمەر، دل شەوەت، ئارام، چاکە، گۆڕ، نۆ جەژن، روداو، دەمووچاو رنین، پرچ، رنینەوە،لەخۆدان، هەی واوی وا وەیلێ، هەی داد، فەلەک، تەرم، چلە، ساڵانە، تیمم،.....هتد) هەموو ئەم ووشەو زاراوانە لە لاوانەوەدا بەکار دێنن کە ئەمانە گیانی خەم و ئازارو دڵتەنگی و پەژارە دەبەخشێ.

لەلاوانەوەدا زۆر جار پەندو قسەی نەستەق و ئامۆژگاری ودرکەو ئیدیوم بەکاردێت وەکو (چاوی بەدو بەچاوەوە بوون، لۆمەی زەمان و دەستی فەلەک، گوڵی بەهارم هەڵوەری، خەزانی پایزم بووم، بەختت سیاە بوو).

زۆر جار لە بەیتەکاندا ئامرازی پرسیارو دووبارە کردنەوەی ووشەکان... بەکار دێت.

ئەزێ چوومە ناڤا گورستانێ
من پرسەک کریە ژ دەرگە ڤانە
مەزلا غەریبا ل کێ دەرینە؟
_ خوزێ خودای گەورە کاری بکردا!
دایە لە جیاتی رۆلە بمردا!

_ ناڵە ناڵ مەکە! ناڵەت لەگیانم
قەزای ناڵەکەت بکەوێ لەئێسقانم

_ هەر کۆچ کۆچت بوو کۆچت کرد بەراست!
وەختی کۆچت کرد هیمەتت نەخواست!

_ غەریب غەریبە غەریبان کێ یە؟
غەریب لەشاران هەر چاوەرێ یە!

_سۆز لە لاوانەوەدا بناغەی بابەتەکایە کە لاوێنەر تا چ رادەیەک پەیوندی نزیکی بەمردووەکە وەیە.. چەند پەیوندی بەهێزو پتەوبێ سۆزەکە خەستر دەبێ و دەربرین لە راستی شیعرەکە دەکات تەنانەت دەڵێن ئەگەر پرسەکەش تەواو بووبێ سۆزو حەسرەت و غەم و پەژارە هەر لەدڵ و دەروون سوتاندایە هەمیشە لە(گۆمی چاودا فرمێسک مەلە دەکا ) ئەم جۆرە سۆزە ئاگراویەو راستە، چاکەی مردووەکە باس دەکات.

ئافرەت کاتێ دەلاوێنێتەوە سۆزەکەی زۆر قوڵ و بەهێزە تەنانەت ابن الرشیق دەڵێ:- دەنگی ناسکی ئافرەت ، هەست و سۆزی زۆر خێراو کاریگەری وای کردووە لاوانەوە زیاتر بەسۆزی ئافرەتەوە نزیک و ببەسترێتەوە[7].

[7] الرثاء في الشعر العصر العباسي..ص٥٣٢.

## وێنەو خەیاڵ :-

نۆربەی وێنەکان لە هەستەوە وەدەرگیرێ کە ناتوانرێ لە وێنەی دەروون و هۆشمەندی بەدووربێ یاخود دەربرینی راستی وێنەی ژیان بە شێوەیەکی مەجازی پێشکەش دەکات وێنە مردوو، شۆێن و گۆری تەنگ و تاریک و تەنیایی، وێنەی ترسناک، نۆر جار شاعیر یاخود لاوێنەر مردووەکە بەکەرەستەی سروشتی جوان بە ئەشتێرەی بەری بەیان، تریفەی مانگەشەو، رۆژی نەورۆزی پرشنگ زێرین، گولی بەهار، خەندەی پایز، خونچە، جریوەو جوکەی شادی هێلانە، ماسی رۆحی من، گزنگی رۆژ، هەوری مەرگ، رەشی ئاسمان، دەشتی خەم، شاری خامۆش، بەستەی زاربوو، هەوینی گۆرانی، رۆلەی جوامێر، گەرووی بانگی تاساو، مانگی لێل، هەلبزرکاو، چاوی کەژاڵ، سیسو ژاکاو شاکۆگای ئیلهامی هونەر، گولی زەردی ئاسمانی شین، نەبەردی نیشتمان) بەمانە دەرازێنێتەوە کە خەیاڵی شاعیر یا لاوێنەر سەرچاوەی ئەم وێنانەیە.

**بۆ نمـــوونە:**

بووکی جوانم وا وەیلێ
نەو نەمامی بلخم وا وەیلێ
توخوا بووکێ چۆن وا ئەبێ
بەم بەهارە ماڵ چۆڵ ئەبێ

کۆرپەی نازدارو فریشتەی جوان
پەپولەی سپی ناو بلخی گوڵان

کەپرێکت لۆ بکەم لەناو کەپرۆکان
داوێنمە کەپری پەلکی گردۆکان
لەناوی دانێن زاواو نۆ بۆکان

ئەگەر مەیلەگەد فەراموشم بود
سفیدی کفن باڵا پۆشم بود

زامەگەی سەختە دەس بگری پێوە
نەوا خوێنەکەی بڕشێ لێوە

دەسم نەڕەس وە بەرزی شاند
تا قەسەم بخۆم وە دیدە کاند

یاخوا بەرانان هەر لە زەوقا بێ
گوڵاڵە سورەی خاکی کوردان بێ

فرمێسکت بسرە دایە چاوێک هەڵبێتە
بەرخی نێر دایە گیان بۆ سەربڕینە

سەرەتای بەهار بووە خەزان
چۆن هاتوو چرۆی هەڵ وەران

یاخوا تۆ نەمری نەبی بەداخم
کۆڵەکەی ماڵم پەرژینی باخم

# - ئەنجام -

## لەڕێ ڕەسمی شین و لاوانەوەی کوردیدا گەیشتینە ئەنجامی ئەمانەی خوارەوە :

ــ ئەدەبی لاوانەوەو پرسەو ناشتنی مردوو بەشێکی هەرە گرنگی فۆلکلۆری میللەتانە، لەجیهاندا بایەخێکی زۆری پێ دراوە ولە ئەدەبی کوردیدا بەشێکی فراوانی تراژیدیای مرۆڤ دەخاتە روو کە ئەویش نەمان و مردنەو بەشێکی هەرە کۆنی شێوەی ئەدەبە.

ــ ناوەڕۆکی لاوانەوەو پرسە لەهەموو بەشێکی تری فۆلکلۆر کەمتر گۆڕانی بەسەردا هاتوە پاشماوەی نەریت و ڕووداوی کۆنترین ئایین وبـاری کۆمەلایەتی میللەتانی تیا پارێزراوە.

ــ شین و لاوانەوەو هۆکانی هەتا مرۆڤ بمێنێ هەر دەمێنێ، چونکە مردن قەدەرێکە بەسەر هەموو مرۆڤکدا دێت.

ــ ڕێ ڕەسمی قۆناغی مردوو بەم دۆخانە تێ پەر دەبێ.

أــ شین و شەپۆر

بــ ڕێ و ڕەسمی شینو پرسەدانان

جــ ڕەش پۆشی

ــ کوردی موسلمان ڕێ و ڕەسمی تایبەتی لەشتنی مردوو و ناشتنی مردوودا هەیە. بەتایبەتی (کفن کردن و تەلقین دادان و گەرمە کۆرو سێ ڕۆژگانەو حەوتەو چلەو نۆ جەژن و سەرە خۆشی.

ــ دەرخستنی نەریتی کۆنی کوردەواری پێش چاخی ئیسلام کە کوردەکان مردوویان لە سندوقدا ناشتووە، یاخود لەناو تەنوورێکی تایبەت کە ئێستا نمونەیان لە مۆزەخانەی ئەنتۆگرافیاو فولکلوری کوردی لە سلێمانی خراوەتە

بەرچاو... گۆرەکـان لـەقور وەک تـەنوور بـەپێ ی قـەبارەی مردووەکـە دروست کردووە. یاخود هەر لە کۆندا مردوو خراوەتە ناو سەندوق وجل و بـەرگی لەگـەلیا خراوەتە گۆڕەوە... هەر دوور نەڕۆین لەناو کوردەواریدا زۆر جار لەگەڵ مـردوودا تاقمەدانی لەگەڵ دا نێژراوە.. هەر نموونە کەمردوو خراوەتـە سـندوق ئەحمـەدی خانێ باسی مەم وزین دەکات کە مەم مردووە خستویانە ناو سەندوقو دەڵێ:

حاصل ڤەکرن ژ نوڤە صندوق
میر گوتە مەمی ژ بوتە معشوق[8]

هەروەها لەکۆندا ئەگـەر یـەکێک لـە ژیانیدا ئاغا بووبـێ کـەمردووە خەنجەرەکـەیان لەگەڵدا ناشتووە.

_ دەرخستنی زۆربەی ئەو ڕێ و ڕەسم وکارانەی بەستراون بە مردووەوە وەک پـرچ برینەوە لەسەر گۆرەکە (لەکۆندا) وپاش گەرانەوە ئـاگر کردنـەوە لەسـەر گۆرەکـە، داگیرسانی چرا لەشوێنی شتنی مردوو.یان کەتاریک داهـات نـابێ بـۆ مـردوو بگریـن (ئەمەش بەزۆری لەناو کوردە یەزیدیەکاندا دەرمان خستووە کە پەیوندی بە پـیرۆزی خۆر پەرستنەوە هەیە).

_ دەرخستنی دوو جۆرە پرسە:

ا_ پرسەی پیاوان

ب_ پرسەی ژنان

_ دەرخستنی دوو جۆرە لاوانەوە

_ لاوانەوەی تایبەت دایک، باوک، کوڕ، کچ، خزم وکەسووکار.

_ لاوانەوەی گشتی - زانایان، سیاسەت مەداران، ئەدیب و نوسەران.

_ لەئـەنجامدا گەیشـتینە ئـەوەی کـە شـینی کۆتـەڵ زیـاتر بـۆ پیاوانـە تایبـەتی لەوەدایە پرە لە ڕەگەزەکانی داستانی قارەمانیەتی لیریکو زیاتر باسی ئازایـەتی و سەرکەوتنو خۆشەویستی‌یە.

---

[8] مەمو زین _ ئەحمەد خانی _ گۆڕینی بۆ ڕووسی _م.ب. ڕودینکۆ، موسکو ۱۹۶۲.ل.۱۷۹.

ـ لاوانەوە زیاتر بە ئافرەتەوە تایبەتە کە هەست و سۆزێکی قولی لەرادەبەدەری تیا دەبینرێ.

لاوانەوەی کورو کچ لەناو جۆرەکاندا زیاتر بلاوبۆتەوە مرۆڤ کەسەیری کەسی مردووو لاوێنەر دەکات کەبۆ کوڕ، یا کچ دەلاوێننەوە وا هەست دەکا بەشەکانی گیانی پارچە دەبێت.

ـ لە شینەکاندا زیاتر شینی کور (شەهید، جوانەمەرگ، زاوا) زیاتر گەرم ترە چونکە کوڕ شوێنی باوک دەگرێتەوە. لەبەرێوە بردنی خێزان ولە مێشکی هەرە زۆری خەڵکیشدا کور لەماڵا نزیکترە لە کچ.

ـ لەناو شینەکاندا غەم و پەژارەیەکی زۆر و لەرادەبەدەرو گریانێکی بەسۆز وەک خاسیەتی بەیتی شینەکان دیارە.

ـ لەشینی کوریدا ئەوەمان دەرخست کەسروشت دەورێکی گەورەی گێراوە (پایزە گەڵارێزانە، بەهارەو کۆچ ناوەختە، گوڵ هەڵ ناوەرێ، سروشت لێرەدا بەتەنیا خزمەتی دەروبەری نەکردووە بەڵکو بەشداری لەغەمی قارەمانەکانی رووداوەکە کردووە. واتە سروشت دەناڵێنێ بۆ بارانی پایز.... بەبێ دەنگی دەلاوێنێتەوە.

ـ لەشیندا ئەم نیشانانە دیارە. (تکا کردن، نائارامی و بێزاری، سەرزەنشت وداوا کردن لەحەکیم کە چارەی مردووەکە بدۆزنەوە).

یاخوا دوکتوران دەستتان نەناڵێ
دەرمانی (        ) بۆ بێتە ماڵێ

ـ لەشینی کوردیدا ناوی (ئیزرایل) بەگیان کێش دەبەن:

توخوا عیزرائیل بدە مۆڵەتم
ئیزن بخوازم لە عەشیرەتم

توخوا عیزرائیل رووی مەردنت بێ
ئوباڵی جوانە مەرگ بە گەردنت بێ

_ لاوانەوەی کوردی بەگشتی کورت بڕیە تاکو زیاتر کار لەخەڵک بکەن.
_ زمانی هونەری لاوانەوە پڕە لەخوازەو درکە.
_ دەرخستنی روخساری شینی کوردی کەبەیتەکان یا دوو بەیتو سێ بەیتو چوار بەیتو پێنجو شەش بەیتە.
_ کێشی بەیتەکان زیاتر کێشی پەنجەو کێشی ئازادە.
_ لەرووی سەرواوە زیاتر شینی کوردی سەرواکانیان.

ا- سەروای یەکگرتوو.

ب- سەروای هەمەڕەنگ.

جـ- سەروای مەسنەوییە.

_ توانیمان بۆ یەکەمجار شینی ئەنفالەکان بخەینەڕوو لەگەڵ دەرخستنی ناوەڕۆکی شینەکان... بەتایبەتی کورپە لاوەکان زۆر لەبەیتەکاندا ڕەنگی داوەتەوەو جەرگی دایکیان سووتاندووە.
_ شینو لاوانەوە گەورەترین فەرهەنگی زاراوەی درووست کردووە کەبۆتە دەوڵەمەند کردنی زمانو ئەدەبی کوردی (وەک دەرمان خستووە).
_ سۆزو خەیاڵو بیرکردنەوە لەکۆچ کردنی هەتاهەتایی مردووەکە بۆتە بناغەی قوڵی بابەتی شینەکەو زیاتر بۆتە دەرخستنی لایەنی هونەری شینو لاوانەوە.

# ئەو زاراوانەی تایبەتن بە مەراسیمی مردوو و شینو لاوانەوە :-

## _ دەستووری چەمەرە* یان کۆتەڵ:

لەناو هەندێ ناوچەو هۆزی کوردیدا دەستووری چەمەرە (کۆتەڵ) هەیە. چەمەرە ئەوەیە ئەو مردووە ئەگەر کوڕێکی گەنجی بەدیمەنو سوارچاکو دەست بەتفەنگ بووبێ وەیا ئاغایەکی دەست ڕۆیشتوو بێت کەسو کاری ئەو مردووە ئەسپی مردووەکە دێنن تفەنگو فیشەکو خەنجەری مردووەکە کەلەوەختی خۆیا لەبەر کردووە بەکاری هێناون دەی هێننو شینی لەسەر دەکەن . چەمەرو کۆتەڵ لەناو کوردی یەزیدیو ئیسلامەکان دەکرێ، چەمەر زیاتر بەمۆسیقاو تەنبورو کۆبوونەوەی ژنانو پیاوان دەکرێ لەشێوەی بازنەیی. (لەناو شیعەکانو کاکەییدا

هەواڵنامەی کتێب

## _ کفن (کراسی قیامەت):

بەرگێکی بێ دروومانی مردووە.[10]

## _ تابووت، دارە مەیت، دارتەرم :

لەتەختە درووست دەکرێو چوار دەسکی هەیە. ئەمڕۆ لەزۆر مزگەوتدا بەپێی دەست ڕۆیشتووی ئەوەی کەلەمزگەوت دار تەرمی داناوە وەک خێرێک لەئەلەمنیۆم دروست کراوە.

## _ ئیسقات

پارەدان بەمەلا لەبری مردووەکەنوێژی بۆ بکرێ بۆ ماوەیەکی درێژ. پاشر تەواو کردنی ئیشەکە پارەکە بەسەر گۆڕو هەژاراندا دابەش دەکرێ چونکە دایانی پارەکە بەکەفارە بووە.

[9] عەلائەدین سجادی _ کوردەواری _ل٣٤. و گۆڤاری ئاوێنە. ژ ١٨،١٧، سالی ١٣٧٢.
[10] های _ ئافرەتی کورد _ ل ٣١١ (وەرگێرانی _ عەزیز گەردی).

### _ تانەشۆر (مەشفەن):

مێزێکی لاکێشەیی گەورەیە چۆکێک بەرزە تەختەی سەری زۆر توندو پتەوە پێچکەکانی ئەستوورن ومردووی لەسەر ئەشون. کەمردوویەک دەمرێ دەچن لە مزگەوت تانەشۆری بۆ دێنن ولەبەر دەرگای ماڵە مردووەکە تاسێ ڕۆژ دادەنرێ زۆر کەس بەهۆی ئەو تانە شۆرەوە ماڵە مردووەکە دەناسنەوە ئینجا پاش سێ ڕۆژ دەبرێتەوە بۆ مزگەوت.

### _ قور پێوان :

کەس و کاری نزیکی مردووەکە قور ئەدەن بەسەرو شانیانا واتە قور پێوان.

### _ پرسە :

ئەو ماوەیە کەپاش مردوو پیاوان وژنان دادەنیشن و خەڵک و کەس و کار دێن بۆ سەرخۆشی کردنیان. لەهەندێ شوێنا شیوو خواردن بۆ ماڵە مردووەکە دەبرێ (وەکو کۆیە ودەوروبەری وبەردە ڕەش).

هەواڵنامەی کتێب

### _ سێ ڕۆژە، (سێ ڕۆژگانە):

مەبەست لە سێ ڕۆژە ئەوەیە ماڵی خاوەن مردووەکە سێ ڕۆژ لە تازیەکە دادەنیشن وشین و واوەیلا دەکەن و سەردولکە دەڵێن... زۆر جار چەند کەسانێکی تایبەت هەن شینەکە دەبەستن و بەسەر مردووەکە هەڵ دەڵێن ئەمەش یاکەسی نزیکی مردووەکەیە یا بەپارە ئەو کەسە دەگرن. لەماوەی ئەم سێ ڕۆژەدا خاوەن مردووەکە چێشت لێ نانێت...خەڵک بۆی لێ دەنێن یاخود لە ماڵە مردووەکە دەچنە سەر قەبران. زۆر نامێننەوە چونکە دەڵێن (قەبرەکەی نوێیەو خراپە بمێنیتەوە لەسەر). سێ ڕۆژگانە واتە دوای سێ ڕۆژە ماڵە مردووەکە حەلوا دەبەخشنەوە بەسەر دەرو دراوسێکاندا ئەمەش بۆ ئەوەیە دەمی مردووەکە شیرین بێ چونکە تاڵاوی مەرگی چەشتووە.

### _ سەردولکە، کەلامی شینێ، چاینە، شین، لاوانەوە :

بەشێوەی شێعرو ئاوازێکی بەسۆز بۆ مردووەکە دەڵێن و شین دەکەن و

مردووەکە دەلاوێننەوەپرسەکەران دەگرین و لەخۆیان دەدەن وبۆی دەسێننەوە.

**_ رەش پۆش :**

واتە ماڵە تازیەکە لەو ماوەیەی جلی رەشیان لەبەر کردووە تاساڵێک یاخود زیاتر لەو ساڵە دا جلی رەش دادەکەن واتە دوای ساڵێک. مەبەست لەساڵانە واتە ساڵێک بەسەر مردووەکە تێپەر بووە. لەو رۆژە دا دەچنە سەرقەبران و چێشت لێ دەنێن و دەی کەن بەخێر. لەماوەی ئەو ساڵەدا خاوەن مردووەکە ناچن بۆ میوانیو سەیران تەنیا بۆ تازێ دەچن.

**_ حەوتم :**

قوربانی بۆ مردوو دەکرێ و حەوت ناوی کەس و کار لەکاتی سەربرینی قوربانیەکە تێ دەخرێ. بەهیوای ئەوە کە هەر حەوت دەرگای بەهەشتی بۆ بکرێتەوە.

**_ گەرمە گۆر :**

ئەو خواردنەیە کە لەلایەن کەسو کاری مردووەوە دەهێنرێت ولە کاتی مردووەکە لەسەر گۆرەکە دەخورێتو ئەمە بەخێری مردووەکە دا دەنرێ.

**_ چلە :**

مەبەست لەچلە واتە چل رۆژ بەسەر مردووەکە تێ پەربوە کەمردووە. لەشاری کۆیە واباوە دوو جۆرە چلە هەیە کە بەپێی خێزانەکە دەگۆرێت.

**جۆری یەکەم:** ئەو چلەیەیە کەماڵی خاوەن مردووەکە لەخۆیان دەگرن ئەوەش لەوەوە درووست دەبێ کاتێ ماڵی مردووەکە رۆژی پێش سێ رۆژە بچنە سەر قەبران واتە چلەیان دەکەوێتە سەر.

**جۆری دووەم:** ئەو چلەیەیە کەتەنها سەری چلەمین رۆژ دەچنە سەر قەبرانو شیوی بۆ لێ دەنێنو دەیکەن بەخێر. ئەم دوو جۆرە چلە گرتنە بەگوێرەی کەسە مردووەکە دەبێت ئەگەر کەسی مردووەکە منداڵی هەبوو ئەوا ژمارەی منداڵەکان لەو چل رۆژە دەردەکەن ئینجا چەند رۆژ مایەوە سەری ئەو رۆژە دەیکەن بە چلەو دەچنە سەر قەبران.

هەواڵنامەی کتێب

**تەیەمم :**
ئەگەر مردووەکە لەتوانادا نەبوو بشوردرێ یەکێک دووجار دەست بە زەویدا دەنێو نیەتی (تیمم) دێنێو بەروخسارو هەردوو دەستی مردووەکە دادەهێنن.

**هەڵبەستنی قەبر (گۆڕ) :**
ڕۆژی حەوتەم لەهەندێ ناوچەیا لەچلەی مردووەکەدا چەند کەسێکی خزمی مردووەکە لەگەڵ وەستایەک بەرەو گۆڕستان دەڕۆن تاقەبرەکە هەڵبەستن. گۆڕ بەپێ ی هەژاریو دەولەمەندی مردووەکە دەگۆڕێو دەڕازێتەوە.

**نۆجەژن :**
یەکەم جەژن کە مردووەکەی تێ دەکەوێ، ئەگەر مردووەکە چەند ڕۆژێ، یاچەند مانگێک مردبێو جەژنی بەسەردا بێ پێ ی دەڵێن (نۆ جەژن) لەم ڕۆژەدا کەسووکارو ناسیاوان سەردانی ماڵە مردووەکە دەکەنو سەرەخۆشیان لێ دەکەن.

هەواڵنامەی کتێب

# سەرچاوەکان:


## ١) سەرچاوەکان بەزمانی کوردی:

١_ لێکۆڵینەوەی ئەدەبی فۆلکلۆری کوردی _ د.عیززەدین مستەفا. بەغدا ١٩٧٠.
٢_ چەند باسێک دەربارەی ئەدەبو رەخنەی ئەدەبی _ ئیسماعیل رسول. بەغدا ١٩٨١.
٣_ کوردەواری _ عەلاءدین سجادی _ بەغجا ١٩٧٠.
٤_ سەرنجێک لەدەروازەی فۆلکلۆری کوردەوە_ نەقابەی مامۆستایان _ هەولێر١٩٦٢.
٥_ فۆلکلۆری کوردی لەناوچەی دزەیاندا _ ئاواز حمە ئەمین. بەغدا ١٩٨٢ز
٦_ ئافرەتی کورد _ هینی هانس _(وەرگێرانی _ عەزیز گەردی _ بەغدا ١٩٨٣).
٧_ رێگای بەهەشت _ مەلا عەبدول کەریمی مدرس - بەغدا ١٩٨٦ز
٨_ ئەدەبی کوردیو هونەرەکانی ئەدەب. دوکتۆر شوکریە رەسول _ هەولێر ١٩٨٩.
٩_ فۆلکلۆری هۆنراوەکانی کوردەواری _ محمد کریم شریف _ کەرکوک ١٩٧٤ز
١٠_ فۆلکلۆری کوردی _ محمد توفیق وردی _ب١ _بەغدا ١٩٦٨.
١١_ داستانو گۆرانی لەفۆلکلۆری کوردی _ عومەر شێخ الله دەشتەکی هەولێر ١٩٧٨ز
١٢_ فەرهەنگی خاڵ _ کوردی _ کوردی _ بەغدا ١٩٦٤.

## سەرچاوەکان بەزمانی عەرەبی:

١- الواقيعة في الادب الكردي_ د. عزالدين مصطفى رسول _ بيروت ١٩٦٦.
٢_ الرثاء في الشعر العصر العباسي الاول _[مظفر عبدالستار غانم] ١٩٨٤ (رسالة مجاستير) جامعة البصرة.
٣_ التشيع واثره في شعر العصر العباسي الاول - د.محسن عياض _ نجف ١٩٧٣ز
٤_ التعازي والمراثي _ المبرد حمد بن يزيد _ محمد الديهاجي _ دمشق ١٩٧٦.
٦_ الحياة والموت في الشعر الجاهلي _ د. مصطفى عبداللطيف جاووك _ بغداد ١٩٧٧.
٧_ الرثاء - سلسلة فنون الادب العربي - د. شوقي ضيف _ قاهرة ١٩٥٥.
٨_ الرثاء فئ الشعر الجاهلي وصدر الاسلام _ بشرى محمد على الخطيب _ بغداد ١٩٧٧.
٩_ الرثاء في الشعر العربي - د.محمد حسن ابو ناجي - بيروت ١٤٠٢هـ.
١٠- نقد الشعر _ قدامة بن جعفر _ كمال مصطفى _ بغداد ١٩٦٣.
١١_ في الادب وفنونه - على بو ملحم _ بيروت ١٩٧٠.

## سەرچاوە بەزمانی ڕووسی؛

١- لاوانەوەی ڕووسی - ک.ق. چیتۆف. لینیگراد ١٩٦٠.
٢_ مەراسیمی لاوانەوەی کوردی _م.ب_ ڕودینکو _ موسکو ١٩٨٢ز
٣_ شینی کوردە یەزیدیەکانی پشت قەفقاز _م.ت. ڕودینکو. موسکو ١٩٧٠.
٤_ لاوانەوەی لینسکی _ م.ک_ ئازادۆڤکس ١٩٢٢.
٥_ عاداتو رسوماتنامەی ئەکرادیە _ مەلامەحوودیبایەزید _ موسکو وەرگێڕانی .م.ب_ ڕودینکۆ.
٦_ کورتە مێژوویەکی ئەتنۆگرافی کورد _ س.یە گیزاروف _ تفلیس١٨٩١.
٧_ کوردەکانی ئازربایجان _ گ . ف _ چورسین تفلیس ١٩٢٥.
٨_ کوردەکانی موکریان _ ن. ل _ فیلچیڤسکی _ موسکو١٩٥٨.
٩_ کوردەکانی پشت قەفقاس _ت .ف _ ئەریسترڤا _موسکو١٩٦٦.

هەواڵنامەی کتێب

## گۆڤارو ڕۆژنامەکان

١_ گۆڤاری ڕۆشنبیری نوێ _ ژ ١١٢ _ بەغدا ١٩٨٦.
٢_ هاوکاری _ ژ ١٩٦ _ ٧-١٢-٩٧٣.
٣_ گۆڤاری کاروان _ ژ٤ _ بەغدا ١٩٨٦.
٤_ - - ژ٥ _ - - .
٥_ گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورد _ ژ ٧ _ بەغدا ١٩٧٨.
٦_ گۆڤاری ئاوێنە _ ژمارە ١٧_١٨ _ ساڵی ١٣٧٣.

## ئەو کەسانەی شینو زانیاریم لەزاریان وەرگرتووە:-

١_ ئیبراهیم محمود ئیبراهیم _ تەمەن ٢١سال، دانیشتووی هەولێر، خوێندەوارە، سالی١٩٧٩.

٢_ لارق جمباز _ دەربارەی تازی دەشتی هەولێرو (شکاک)یەکان، خوێندەوارە _ تەمەن ٤٦ سال.

٣_ فاتمە خانی عەلی جولا _ سلێمانی گەرەکی چوار باغ _ تەمەن ٦٠ سال نەخوێندەوارە.

٤_ ئیقبال حسین علی _ خانەقین _ لاوانەوەبەشێوەی لوری سالی ١٩٧٨ لەزاریم وەرگرتووە _ خوێندەوارە تەمەن ٢٥.

٥_ لیلی سالح بەیرام _ لاوانەوەی شارۆچکەی خانەقین _ گەرەکی (حي البعث) سالی ١٩٧٩. تەمەن٧٠سال نەخوێندەوارە.

٦_ هەردەوێل کاکەیی _ زانیاری شینو لاوانەوەی (کاکەیی)م لێ وەرگرتووە _ تەمەن ٤٧سال _ خوێندەوارە کەرکوک.

٧_ عسمەت عبدالقهار _ کۆیە _ تەمەن٤٥سال _ گەڕەکی سەرباغ نەخوێندەوارە.

٨_ خاتون حسن _ کەرکوک _ تەمەن ٦٠سال، نەخوێندەوارە.

٩_ عائشە محمد سلیمان _ سلێمانی، تەمەن٥٠سال، نەخوێندەوارە.

١٠_ ئامینە خان محمد _ هەولێر گەرەکی سێتاقان _ تەمەن ٥٠سال نەخوێندەوارە.

١١_ مەلا عارف علی _ تەمەن ٦٢سال _ خانەقین _ نەخوێندەوارە.

١٢_ محمد حاجی شکر مختار _ خانەقین _ تەمەن ٥٥ سال نەخوێندەوارە

١٣_ نعیمە شاە حمد _ خانەقین _ ئەرکوازی _ تەمەن٧٠سال نەخوێندەوارە

١٤_ گورجی علی خسرۆ _ خانەقین _ ئیمام عەباس _ تەمەن٦٥سال نەخوێندەوارە.

١٥_ سید محمد بشیر _تەمەن٧٦ _ خانەقین _ خەلکی نەجەف، نەخوێندەوارە.

هەواڵنامەی کتێب

١٦_ نجم خالد (ئەلوەنی) _مامۆستای زانکۆ _ تەمەن٣٤ساڵ خانەقین.

١٧_ هەمینە ئەحمەد _تەمەن ٦٠ساڵ _ هەولێر گەرەکی روناکی نەخوێندەوارە.

١٨_ عائشە فرج _سلێمانی _تووی مەلیک _ تەمەن٤٥ساڵ نەخوێندەوارە.

١٩_ خەجیەجە کوچەک _خانەقین _ گەرەکی شەهید ئەحمەد _ تەمەن ٥٠ساڵ . نەخوێندەوارە.

٢٠_ فاتمەخان _ خانەقین _ تەمەن٤٠ساڵ، نەخوێندەوارە.

٢١_ گوڵ ناز _ خانەقین _ تەمەن ٤٤ساڵ _ نەخوێندەوارە.

٢٢_ خەرمان نەورۆز _ خانەقین _ تەمەن ٤٠ساڵ، نەخوێندەوارە.

٢٣_ خاوەر خان برایم _ خانەقین _ تەمەن٦٢ساڵ ، نەخوێندەوارە.

٢٤_ سوریا خانی ژنی بەهجەت جاف _ هەولێر ساڵی ١٩٨٨ زانیاری سەبارەت کۆتەڵی جاف لێ وەرگرتووە، تەمەن٥٣ساڵ خەڵکی هەلبجە_ نەخوێندەوارە.

هەوڵنامەی کتێب

# ناوەڕۆک


ـ پێشەکی

ـ گرنگی ئەم بابەتە

ـ زاراوەی لاوانەوە

ـ پێناسەی لاوانەوە

جۆرەکانی لاوانەوە

ـ ڕوخساری لاوانەوەو شینی کوردی

کێش‌و سەروا

ـ دۆخەکانی مردن

١ـ شین‌و شەپۆر

٢ـ دەستووری شین‌و پرسە دانان

٣ـ پرسەو ڕەش پۆش

ـ دابو نەریتی مردووشین‌و کفن کردنی

ـ بەرێ کردنی مردوو

ـ ڕێو ڕەسمی ناشتنی مردوو

ـ هەڵبەستنی قەبر (گۆڕ )

ـ بیروباوڕی دابی مردوو ناشتن

ـ پرسەو جۆرەکانی

١ـ پرسەی پیاوان

٢ـ پرسەی ژنان

ـ چۆنیەتی ئامادە کردنی خواردن لەماڵی مردوودا

ـ کارتێکردنی ئایینی ئیسلام لەپرسەدا

ـ لاوانەوە


هەواڵنامەی کتێب

بەشەکانی شینو لاوانەوە
١ـ لاوانەی تایبەت
٢ـ لاوانەوی گشتی
ـ جۆرەکانی شینو لاوانەوە لەفۆلکلۆری کوریدا
ـ شینی تایبەت
ـ شینی دایک بۆ منالەکەی
ـ شینی باوک
ـ شین بۆ کورو لاوی گەنج
ـ شین بۆ کیژی گەنج
ـ لاوانەوەی دایک بۆ کوری شەهیدی
ـ لاوانەوەی دووره وولات
ـ لاوانەوەی گشتی ( پیاوانی ناودارو سەرەک هۆزو زاناو ئەدیبانو سیاسەت مەداران )
ـ کۆتەل ، چەمەر
ـ شینی ئەنفال
ـ لایەنی هونەری بەیتی شین
ـ سۆزو ئاواز و خەیال
ـ ئەنجام
ـ ئەو زاراوانەی تایبەتن بەرێو رەسمی شینو لاوانەوە
ـ سەرچاوەو زانیاریەکان

هەواڵنامەی کتێب

## بەرهەمەکانی نووسەر :



١- ناوەرۆکی فیکریو ئەدەبی پەندو قسەی· نەستەقی کوردی (نامەی دوکتۆرا)
٢- ئەدەبی کوردیو هونەرەکانی ئەدەبی کوردی (کتێب)
٣- ئەدەبی کوردی (پەخشان) (کتێب)
٤- ئەدەبی فولکلۆری کوردی (کتێب)
٥- کۆمەلە رازێک بۆ مندلان (لەرووسی‌یەوە کراوە بەکوردی)
٦- دابو نەریتی کوردەکان (مەلامەحمودی بایەزید) (لەرووسی‌یەوە کراوە بەکوردی)
٧- شینی کوردە یەزیدیەکانی پشت قەفقاس (لەرووسی‌یەوە کراوە بەکوردی)
٨-لێکۆلینەوەی ئەدەبی کوردی لە عێراقدا (لەرووسی‌یەوە کراوە بەکوردی)
٩- گۆرانی یاترانەهای کورد ــ دوکتۆر محمد موکری (لە فارسی‌یەوە کراوە بەکوردی)
١٠- سلێمانی لە ئەدەبی فولکلۆردا (لێکۆلینەوە)
١١- گەشتێک بە جیهانی شێخ رەزای تالەبانی (روخسارو ناوەرۆکی شیعرەکانی (لێکۆلینەوە).
١٢- پەندو قسەی نستەق لە وەرزەکانی سالنامەی کوردیدا (لێکۆلینەوە).
١٣- زانستی فولکلۆر لە ئەورپاو کوردستان (لێکۆلینەوە).
١٤- نهێنی ژمارە(٧) لە کەلەپوری گەلانو کوردا (لێکۆلینەوە).
١٥- فیراقو جودایی لە شیعرەکانی مەلای جەزیری (لێکۆلینەوە)
١٦- هەلبژاردنی شیعری شاعیرانی کلاسیکی کرمانجی ژووروو (لێکۆلینەوە).
١٧- نەحەی کورنو قارەمانی گالتەو گەپی شاری سلێمانی (لێکۆلینەوە).
١٨- نرخ و بەهای لای لایەی دایک لە ئەدەبی منالاندا (لێکۆلینەوە).
١٩- حکایەتی خورافی کوردی لەرووی مورفۆلۆژیەوە (لێکۆلینەوە).
٢٠- کێشەی زاراوەو پێناسەی فولکلۆر (لێکۆلینەوە).
٢١- دەنگی نافرەتی کورد لەنێوان شاعیرانو دەنگی رەسەنایەتی خۆیدا (لێکۆلینەوە).
٢٢- رەمزی مار لەکەلەپوری گەلان و کوردا (لێکۆلینەوە).
٢٣- گلگامش لەنێوان ئەفسانەو داستاندا (لێکۆلینەوە).
٢٤- بیری نەتەوایەتی وکوردایەتی لەفەرموودەو قسەی نەستەقی بارزانی نەمردا (لێکۆلینەوە).
٢٥- رێگاکانی کاری مەیدانی فۆلکلۆری کوردی. هەولێر ١٩٩٧ (کتێب).

·لەگەل دەیان کتێبو لێکولینەوەی زانستی چاوەرێی چاپن.